دابینکردنی مافه نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٥٧

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

هەینی ● ٢٥ی رەشەممەی ١٣٨٥ ● ١٦ی مارسی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## هەموو رۆژێکتان نەورۆز، نەورۆزتان پیرۆز

نوێبوونەوەو بووژانەوە پەیامی جەوهەریی نەورۆزن. نەورۆز ئەوەندەی بانگەشەی خۆڕاگرییە، چەند ئەوەندەش هێمای گەشەکردنەو ئاماژەیە بۆ گۆڕان. دیارە تەنیا ئەوانەی خاوەنی رۆح و گیانێکی زیندوون بە تێڕامان لە پەیامەکانی نەورۆز هەوڵی دەربازبوون لە چەقبەستوویی دەدەن و هەنگاوەکانیان بەدژی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی پتەوترو خێراتر هەڵدەگرن. بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بە باوەڕێکی پتەو بە گۆڕان و نوێخوازی، پیرۆزباییتان لێدەکاو ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و هەنگاونان بەرەو داهاتووی روونتان بۆ بەئاوات دەخوازێ.



# نەورۆز هێمای نوێبوونەوەو گۆڕانە، با بەو گیانەشەوە بە پێشوازی ساڵی نوێوە بچین

نەورۆز یەکەم ساڵی رۆژی نوێی کوردی‌و ئەو نەریتە گەشەی نێو کولتووری کوردو زۆر لە نەتەوەکانی دیکەی ناوچەو دەوروبەرە. ئەم رۆژە لە لای کوردان جگە لەوەی سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانێکی سروشتی‌یە هەڵگری کۆمەڵێك بەهاو بایەخی کەلتووریشە. بۆیە نەتەوەی کورد لە نەورۆز دا وێڕای ئەوەی بە شکۆیەکی بێ وێنە پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکا، هاوکات لە گەڵ ئەمەش دا ئەم توخمە رەسەنەی نێو کولتوورە نەتەوەییەکەی بە زیندوویی رادەگرێ، بەشێك لە واتاکانی هەرمان‌و دێرین بوونی خۆی لێ هەڵدەهێنجێ. بە چەشنێك کە لەم رۆژەدا جۆرە راپرسی‌یەکی نەتەوەییش لە نێوان هەموو ئەوانەدا کە خۆیان بە کورد دەزانن پێك دێنێ‌و جگە لە سەلماندنی رەسەنایەتی مێژوویی خۆی، شوناسی خۆیشی بەم بەشە لە کولتووری نەتەوەیی خۆی پتەوتر دەکا.

نەورۆز لە دیرۆکی نەتەوەیی کوردان دا جگە لەم لایەنە هەڵگری واتایەکی پڕ بایەخی خەباتکارانەو بەرخۆدانکارانەشەو بە چەشنێکی ناراستەوخۆ کورد لە گەڵ ئەو گیانە گۆڕانخوازانەو دژە تەپەسەرەی‌یە گرێ دەداتەوە کە لە کۆنەوە بەشێك بووە لە سایکۆلۆژیی کورد، بە تایبەت لەم سەردەمە مێژوویی‌یانەدا کە کورد کەوتۆتە بەر پەلاماری داگیرکەران‌و ئەوانەی قۆلیان لە سڕینەوەو تواندنەوەی خۆی‌و کلتوورو زمانەکەی هەڵماڵیوە.

بایەخ‌و سەنگی نەورۆز وەك هێمایەکی نەتەوەیی بە رادەیەکە کە رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە ئەگەریش هیچ دەرەتانێکیشیان بۆ بەرگری لە خاك‌و زمان‌و کولتوور بەگشتی شوناسی نەتەوەیی خۆیان نەبووبێ بە نەورۆزو رێزگرتن لە نەورۆز گوزارەیان لە بوونی نەتەوەیی‌و زیندوویی گیان‌و وشیاریی نەتەوەیی‌یان کردوە. بە چەشنێك کە دەکارین بێژین نەورۆز لە لای کورد هەڵگری واتاو مانایەکی بە تەواوی جیاواز لەو نەتەوانەیە کە وەك کورد لە یەکەم رۆژی بەهار دا ساڵیان نوێ دەبێتەوە.

ئەگەریش ئاوڕێك لە چەند دەیەی رابڕدوو بدەینەوە دیسان ئەم راستی‌یە بە شێوەیەکی زۆر درەوشاوە خۆی دەردەخاتەوە. کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەك تەنیا وەك نەریتی نوێبوونەوەی ساڵ بەڵکوو راست بۆ بەرجەستە کردنی جیاوازیی کولتووری‌و بوونی نەتەوەیی‌و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی، بە کاری هێناوە. لەم قۆناغەدا نەورۆز چەکێکی بەهێز بووە بۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان خۆی‌و کولتووری داگیرکەر.

لە رۆژهەڵاتی کوردستان ـ بە تایبەت لە سێ دەیەی رابردوودا ـ پێ بە پێی گەشەی وشیاری نەتەوەیی، نەورۆز ئامرازێکی کولتووری‌و لە هەمان کاتدا دەرفەتێك بووە بۆ گوزارە کردن لە بوونی نەتەوەیی‌و دەرخستنی جیاوازی‌و ناتەبایی لە گەڵ کولتووری کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتی مەزهەبی‌و بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەو دێوەزمە رەشەی هەر لە سەرەتای باڵادەست بوونی‌دا پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر خاك‌و کولتوور زمان‌و شوناسی نەتەوەیی کوردستان دەست پێ کرد.

هەموو ئەوانەی گوتران ئەم پێویستییەمان لە لا دروست دەکا کە بە هەموو تواناوە کار بۆ ئەوە بکەین پێوەندیی نێوان کوردبوون‌و نەورۆز لە لایەك‌و گیانی خەباتکارانەو دژایەتی زۆرداران‌و دوژمنانی نەورۆزو کوردو کولتوورە کۆنەپەرستانەکان بە هێز بکەین.

بەم هۆیەوە کە ئەم ژمارەیە، دوا ژمارەی "کوردستان"ە کە لە ساڵی ١٣٨٥دا دەردەچێ هەر لە ئێستاوەو لە بەرەبەری ئەم یادە نەتەوەیی‌یەدا وێڕای رێزگرتن لەم بۆنە نەتەوەیی‌و پیرۆزە، پیرۆزبایی‌یەکی گەرم لە هەموو نەتەوەکەمان‌و بە تایبەت خوێنەرانی "کوردستان" دەکەین‌و دەڵێین بەو گیانە نوێخوازانەو گۆڕانخوازانەوە کە هەموو ساڵێ لە نەورۆز دا خۆی دەنوێنێتەوە، بەرەو بەهارو ساڵی نوێ دەچین، هەر بۆیە بە ساڵی نوێ‌و داهاتوو گەشبین‌و هیوادارین.

## لە رێورەسمێکی بە شکۆدا یادی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان کرایەوە



رۆژی پێنج شەممە ٢٤ی رەشەممە لە رێورەسمێکی بەشکۆدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە ناوچەی کۆیە بەرێوەچوو، یادی ٦١ ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بەرز راگیرا.

لەو رێورەسمەدا ئەندامانی کۆمیتەی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کوردە خان پێشمەرگەی دێرین‌و قایمەقامی کۆیە، چیمەن خان بەرپرسی لقی کۆیەی یەکیەتیی ژنانی کوردستان‌و شاندە هاوڕێکانیان، ژمارەیەك لە ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزب‌و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان‌و ژمارەیەك لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەشدار بوون.

رێورەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوەیی دەستی پێکرد. دواتر پەیامی یەکیەتیی ژنان بە بۆنەی گەڕانەوەی تەندروستی بۆ مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق‌و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی خوێندرایەوە. بەدوای ئەوەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەم بۆنەیەوە لە لایەن کاك عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشکەش کرا. لە درێژەی رێورەسمەکەدا برووسکەی پیرۆز بایی کوردەخان قایمەقامی کۆیە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە خوێندرایەوەو پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو عیسمەت نستانی بەرپرسی ئەو رێکخراوەیە پێشکەش کرا. لە برگەو بابەتەکانی دیکەی ئەم رێورەسمەدا کۆمەڵێك پەیام، گۆرانی، سروود، پەخشان‌و شانۆ پێشکێش کران.

## کارەساتی هەڵەبجە لە ویژدانی مرۆڤایەتی‌دا دەبێ بە زیندوو یی، بمێنێتەوە



هاوکات لەگەڵ یادی ١٩ ساڵەی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، لە شاری بریزبانی ئوستراليا کونفرانسی یادی کارەساتی هەڵەبجەو پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە، بەرێوە دەچێ. لەسەر داوای پێکهێنەرانی کۆنفرانس، دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی بۆ ئەم کونفرانسە ناردوە کە لە لاپەرەی ٥ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، خوێندکارانی کورد هەولیان دا ئەمساڵیش وەك ساڵانی رابردوو کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەتی بەم بۆنەیەوە لە زانکۆی ئێبنی سینا پێك بێنن. بریار وابوو رۆژی ١٦ی رەشەمە، ئەنجومەنی ئەدەبیی بەیان پاش مانگێك خۆ ئامادەکردن لە زانکۆی هەمەدان رێورەسمی تایبەت بەو یادە بەرێوە ببا. بەڵام رۆژی ١٥ی رەشەمە، جێگری سیاسی ئەمنیەتیی پارێزگاری هەمەدان پێشی بە بەرێوەچوونی گرت.

## ژنانی کورد لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات
## بە چالاکیی جۆراوجۆر بە پێشوازی ٨ی مارسەوە چوون

ژنانی کوردو کوردستانی‌یەکانی لایەنگری یەکسانیی ژن‌و پیاو، ساڵ بە ساڵ باشترو بەشێوەیەکی شیاوتر رێورەسمەکانی تایبەت بە ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان بەرێوە دەبەن.

لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی لە شارەکانی سنەو کرماشان، سەقز، مەریوان، سەردەشت کۆبوونەوەی تایبەتی بە بەشداریی چالاکانی سیاسی، مەدەنی‌و لایەنگری یەکسانی بەرێوەچوون. لە زۆربەی شارەکان، دامودەزگاکانی رێژیم رۆژێك پێش بەرێوەچوونی مەراسمی ٨ی مارس، مۆڵەتی بەرێوەچوونی کۆبوونەوەکانیان هەڵوەشاندەوە. لە سنە هێزەکانی رێژیم ژمارەیەك لە چالاکانی سیاسی‌و مەدەنییان لە کاتی بەرێوەبردنی رێورەسمی ٨ی مارس دا دەستبەسەرکرد. لە ژمارەیەك لە شارەکان لایەنگرانی یەکسانی ناچار بوون چەند رۆژ دواتر کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت بەم یادە پێك بێنن. رێورەسمەکانی ئەمساڵ دەرفەتێك بوون بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی، داوای هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ژنان، ئازادیی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و پشتیوانی لە خەباتی مامۆستایان‌و کرێکارانی سەرانسەری وڵات.

لە بنکەی دەفتەری سیاسی، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بەشداریی ژنانی ئەندام‌و لایەنگری ئەو یەکیەتییە کۆبوونەوەی بۆ باس لەسەر ٨ی مارس‌و مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان، پێك هێنا. لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئورووپاش، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارو رێورەسمی تایبەتیان بەرێوەبرد. لە سوئێد، شاری ستۆکهۆڵم سمینارێکی گەورە بە بەشداریی سەدان کەس بەرێوەچوو کە کۆمەڵێك وتارو بابەتی گرنگیان تێدا پێشکێش کرا. هەر لە سوئێد لە شاری لینشوپینگ‌و لە وڵاتەکانی نۆروێژ‌و فینلاندیش بەم بۆنەیەوە رێورەسمی تایبەتی بەرێوەچوون.



## چوارشەمە سووریی ئەمساڵیش بوو بە دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ویست‌و داخوازە نەتەوەیی‌یەکان

بە گوێرەی ئەو هەواڵانەی لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بە سایتی "کوردستان‌و کورد" گەیشتوون، لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان رێورەسمی چوارشەمە سووری بەشێوەی ئاگر کردنەوە لە بەرزایی‌یەکان‌و شەقام‌و کووچەو کۆڵانەکان، شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان، تەقاندنی تۆپ تریقە، هەڵپەڕکێی کوردی، گوتنەوەی سروودی شۆڕشگێڕانەو دروشمی ئازادیخوازانەو نەتەوەیی، بەرێوەچوو. لە شاری شنۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم پەلاماریان بردە سەر لاوەکان‌و بە تاوانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان‌و گوتنەوەی سروودی نەتەوەیی و دروشمی شۆڕشگێڕانە ژمارەیەکیان لێگرتن.

لە دێهگولانیش گاردی "ویژە" هێرشیان کردە سەر خەڵك، بەڵام خەڵکەکە بە بەرد بەرەو رووویان بوونەوەو شووشەی بانکە دەوڵەتی‌یەکانی میللەت، سادرات‌و تیجارەتیان شکاند. لە شارۆچکەی نەوسوودیش خەڵك بە دارو بەرد بەگژ هێزەکانی رێژیم دا چوونەوە کە دەیانەویست پێش بەرێوەچوونی رێورەسمی چوارشەمە سوورییان لێبگرن.

ئەمە لە حاڵێك دا بوو کە رێژیم لە حەوتوویەك پێشترەوە رێوشوێنی توندی بە مەبەستی پێشگیری لە هەرچی بەربڵاوتر بەرێوەچوونی رێوەرەسمی چوارشەمە سووری، دەست پێکردبوو.







پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنانەوە ٢



هەواڵ، دیدارو تێکۆشان ٣-٤



پەیامی دەفتەری سیاسی بۆ کۆنفرانسی یادی کارەساتی بۆمبارانی هەڵەبجە ٥



پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ٥



وتوویژی جاناتان راندال‌و خانمی سیسیل ئەنتیۆن لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە ١٢

# پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە

## کۆمەڵگەیەك کە ستەم لە ژن دەکا، ستەمێکی گەورەتر لە بەرەو پێشچوون و پێشکەوتنی خۆی دەکا

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز!

٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن و ڕۆژی ڕێزگرتن لە خەباتکارانی ڕێگای یەکسانیی نێوان ژن و پیاوو، لە هەمان کاتیشدا لاپەڕەیەکە لە هەزاران لاپەڕە لە خەباتی نەپساوەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لە پێناو دروست کردنی جیهانێك کە لەودا جیاوازیدانانی ڕەگەزی کۆتایی پێ هاتبێ. هەروەها ئەم ڕۆژە ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمانی خەباتکارانەو ڕۆژی هاوخەباتیی هەموو مرۆڤە یەکسانیخوازەکانی جیهان و ڕۆژی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو خەباتە پێشکەوتنخوازانەو ئازادیخوازانەیە کە ئەمرۆکە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان و ناوچە دوورەدەستەکانیشی گرتۆتەوە.

کە باس لە ژن و ڕۆژی ژن دەکرێ، هاوکات چەمکەکانی چەوسانەوەی ڕەگەزیی ژنان و مافە زەوتکراوەکانیان لە زەین دا وێنا دەگرن. لێرەشەوە هەزاران هەزار لاپەڕە لە مێژووی چەوساوەیی و مافخوراویی ژنانی سەر گۆی زەویمان بەرووودا دەکرێتەوە. مێژوویەك کە لە هەمان کات دا کە باس لە مەینەتییەکان و ئازارەکانی ژن دەکا، پێمان دەڵێ کە تاوەکوو دواکەوتوویی و نەریتە سواو و نامرۆڤەکان لە پانتایی ئاوەزمەندێتی و کولتووری کۆمەڵگەکان دا ئامادە بن چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە هەموو شکڵەکانیدا و یەك لەوان ژنان بە هۆی پیاوانەوە درێژەی دەبێ. بۆیە پێویستە هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز ئەم ڕاستییەی لە بیر بێ کە گۆڕانی بارودۆخی مافەکانی ژنان و یەکسانیی مرۆڤانەی مرۆڤ (پیاوو ژن) لە نیشانە هەرە بەرچاوەکانی پێشکەوتوویی و گەشەی هەر کۆمەڵگەیەکن. جگە لەمەش کۆمەڵگەیەك کە بە ناوی پاراستنی نەریتە دێرین یان ئاینییەکان، جیاوازی لە نێوان ژن و پیاودا دادەنێ، هەم مافە مرۆییەکانی نیوەی مرۆڤەکانی پێشێل دەکا و هەمیش خۆی لە توانایی و وزە و

**تاوەکوو دواکەوتوویی و نەریتە سواو و نامرۆڤەکان لە پانتایی ئاوەزمەندێتی و کولتووری کۆمەڵگەکان دا ئامادە بن چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە هەموو شکڵەکانیدا و یەك لەوان ژنان بە هۆی پیاوانەوە درێژەی دەبێ.**




لێهاتووییەکانی نیوەی حەشیمەتەکەی بێبەش دەکا. بۆیە دەکرێ بڵێین ستەم لە ژن ستەم لە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەشە.

هەر ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆ و دوو لایەنەیەی نێوان پێشکەوتن و یەکسانیی ڕەگەزیی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا وای کردوە لەم وڵاتانەدا کە لە ڕیزی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دان زۆرێك لە ئازار و مەینەتییەکانی ژنان کۆتایی پێکهاتبێ. بەڵام لەو لاشەوە دەبینین ژنان لە بەشێکی زۆر لە ڕووبەری جیهان (لە وڵاتانی دواکەوتوودا) هەروا دەچەوسێنەوە و وەك مرۆڤی ٢و ٣ و تەنانەت لە هەندێك وڵات وەك کۆیلەش چاویان لێ دەکرێ و بازرگانییان پێوە دەکرێ.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە یەکێك لە ناوچە دواکەوتووەکانی جیهانە، ژنان لە بارودۆخێکی زۆر نایەکسان دا دەژین و بە بەراورد لەگەڵ پیاوانی ئەو ناوچەیە ستەمی چەند قاتیان لێ دەکرێ. ڕێژیمە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە و ئەو یاسایانەی ئەو سیستمانە پێڕەویی لێ دەکەن لەگەڵ ئەوەدا کە بازنەی ئازادییەکانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەکەیان بەرتەسك دەکەنەوە، بەو پێیە کە لە نەریتو بەها کولتووریو ئاینییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، ژن لەبەر ژن بوونەکەی بە چەند قات دەچەوسێننەوە. جگە لەمانەش لە کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیەدا، کە کوردستانیش بە سەر چەند وڵاتیدا دابەش کراوە، بە هۆی ئەو داب و نەریتو بەها کولتووری و ئاینییانەی ئێستاش بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگە لە برەو نەکەوتوون ژنان لە نێو بنەماڵەش دا لەلایەن ڕەگەزی نێرینەوە دەچەوسێنریتەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو وڵاتی ئێرانیشدا ژنان نەك هەر نەیانتوانیوە بەشێك لە مافەکانیان لە نێو یاسا جۆراوجۆرەکاندا بچەسپێنن، بەڵکوو بەشێك لەو مافانەشیان لێ زەوت کراوە کە ٣٠ ساڵ لەوە پێش لە ڕێژیمی پاشایەتیدا هەیانبوو. نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئاکامی شۆڕشی گەلانی ئێران دا سیستم و دەسەڵاتێکی مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیك باڵی بەسەر ئێران دا کێشا کە ستەم لە ژن و لایەنگرانی بیروباوەڕە جیاوازەکان و هەڵاواردنیان ، یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بوو. بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەم ڕێژیمە هەر لە سەرەتاوە بە لە ژێرپێنانی ئازادییەکانی خەڵك و بەتایبەت ژنان دەستی پێ کرد و ژنان لە سەردەمی ئەو ڕێژیمەدا لە یەکێك لە تاڵترین بارودۆخەکان دا ژیاون. ئەم ڕێژیمە دواکەوتووە سەدە نێوەڕاستییە تەنانەت بە هۆی کونترۆڵ کردنی سیستمی پەروەردە هەوڵی داوە کولتووری خۆبەنزمبینی لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی کۆمەڵگەی ئێران دا بڵاو بکاتەوە. لەم نێوەدا ئەگەر ژنانی کوردو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی ئێران بخەینە بەر باس و ئاوڕێك لە بارودۆخیان بدەینەوە، دەبینین کە ژنانی سەر بەو نەتەوانە وێڕای پیاوەکان لە ژێر ستەمی نەتەوەییش دان.

بەڵام سەرەڕای ئەو دۆخە نالەبارەش کە ژنانی ئەو ناوچەیەی تێدایە، خەباتی ژنان لە چوارچێوەی بزووتنەوەگەلی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە. لەم نێوەدا ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیش نەك هەر بە باڵادەست بوونی ڕێژیمی سەدە نێوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی بە چۆك دا نەهاتوون، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەیان بە خەبات داوە. ژنان جگە لەمەش بە بەشداری لە بزووتنەوەی سیاسی دا هەوڵ دەدەن کە سیستمێکی سیاسی لە وڵات دا جێگیر بێ کە ڕێز لە ماف و ئازادییەکانیان بگرێ و تەنانەت بۆ زاڵبوون بە سەر داب و نەریتە کۆنەپەرەستانەکانیش دا، کە ڕێگرن لە بەردەم ژنان دا، یارمەتییان بکا. دیارە لەم نێوەش دا ژنانی کورد بەو پێیەی کە هەست بە ستەم و چەوساوەیی چەند قات دەکەن هەم لە بزووتنەوەی ژنان و هەم لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دا بەشدارنو بۆ دەستەبەربوونی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان و مافە نەتەوایەتیەکانیان خەبات دەکەن.

ژنانی چەوساوەی کوردستان!

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەك ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی لە ماوەی خەباتی ٦١ ساڵەی خۆی دا بە چاوی ڕێزەوە لە ژن و مافی ژنی ڕوانیوەو لە بەرنامەو بنەما فکری و سیاسییەکانی دا گرینگیی تایبەتی بە دەوری ژن و ئازادییەکانی ژن لە کۆمەڵگادا داوە. ئەمرۆکەش کە باس لە پێویستیی ڕیفۆرم لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و چالاکییە ڕێکخراوەییەکان دا دەکا دەروەستە بەوەی کە گرینگیی پترو بنەڕەتیتر بە دەورو گاریگەریی ژنان لە ڕیزەکانی بزووتنەوەو تەنانەت لە ڕیزەکانی هەرە پێشەوەی ڕێبەریی خۆیدا بدا. بۆیە بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەمەو دوا پشتیوانی و پشتگیریی زیاتر لە خەباتی ژنان لە پێناو دابین کردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو دەکا. چونکە پێی وایە ئەگەرچی دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکان تاڕادەیەك دەتوانێ یارمەتی بە دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی ژنان بکا، بەڵام گرینگی نەدان و کەمتەرخەمی سەبارەت بەم لایەنە گرینگەی خەبات زیانی قەرەبوو نەکراوە بە کۆمەڵگەو پێشکەوتنی کوردستان دەگەینێ.

بە بڕوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان خەبات بۆ دابین کردنی کۆمەڵگەیەك کە لەودا ژنان و پیاوان وەك مرۆڤی یەکسان چاو لێبکرێن بەشێکی جیاوازو دانەبڕاوە نیە لە خەباتی ئەو. بۆیە لەم بۆنە مەزنەدا، وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی خەباتکارانە لە پێناوی دابین کردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و خۆشگوزەران و پێشکەوتوو، خۆی بە هاوخەباتی ستراتیژیی هەموو تێکۆشەرانی بواری یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و بەتایبەت مرۆڤە ژن و پیاوەکان دەزانێ.

سڵاو لە ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان.

سەرکەوتوو بێ خەباتی یەکسانیخوازنەی ژنان لە کوردستانو ئێرانو سەرانسەری جیهان.

بژی ئازادیو یەکسانیو نەمان بۆ زۆرداریو جیاوازیدانان.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٨٥/١٢/١٦**

# دیسان توندوتیژیو پەلامار لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان

هێشتا برینداەرەکانی زنجیرە پەلامارەکانی مانگو نیوێك لەمەوبەر لە دژی تێکۆشەرانی حیزبمان بە تەواوی سڵامەتیی خۆیان بەدەست نەهێناوەتەوە کە بە داخەوە جارێکی دیکە ڕێکخەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە پەلامارو تاوانانە، دەستیان کردۆتەوە بە توندوتیژی نواندنو، بە ڕێکخستنی هێرشو پەلاماری خوێناویی نوێ، دەستیان لە کۆمەڵێکی دیکە لە تێکۆشەرانی لەمێژینەو بەوەجی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەشاندوە.

لە ڕۆژانی هەینیو شەممەی ڕابردوو (٢و٣ی مارسی ٢٠٠٧)دا کەمپەکانی دیگەڵەو جێژنیکان جارێکی دیکە شایەدی شەڕ پێفرۆشتنو هێرشو پەلاماری ڕێکخراوی ئەفرادی سەر بە لایەنی کاك مستەفا هیجری بۆ سەر کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەمجاریش سیناریۆی مانگو نیوێك لەمەوبەر لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا دووپات بۆوەو ئەفرادی سەر بەو لایەنە بە ئەمری بەڕێوەبەرانیان، بە چەقۆو چەکی ساردی جۆراوجۆری دیکە بەردەرکیان بە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب گرتو، لەبەرچاوی ماڵو منداڵیان شەلاڵی خوێنیان کردن. دیسانیش خۆپاراستنی حیزبی ئێمە لە پێکهێنانی گرژیو ڕووداوی نەخوازراوو دوژمن شادکەر، لە لایەن دەسەڵاتبەدەستانو ئەفرادی لایەنی بەرامبەر، کەڵکی خراپی لێوەرگیراو، لە ئاکامی هێرشی چەقۆکێشو گۆپاڵ بەدەستانیان دا، چەند کەس لە هاوڕێیانمان بە توندی بریندار بوونو زیانێکی زۆری ماڵیشیان پێگەیەندرا. پەلاماردەران تەنانەت ڕەحمیان بە منداڵو مێرمنداڵی هاوڕێیانیشمان نەکردوەو بە توندی لێیان داون.

هێندێك لە برینداەرەکانی تازەترین شاکاری پاوانخوازانی حیزبی دیموکرات، لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کەوتوونو سڵامەتییان زیانێکی گەورەی پێگەیشتوە.

دەبێ بگوترێ ئەمجاریش ئەگەر هێزە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (فەرماندەیی سوپای گەرمیان لە دێگەڵەو هێزی زێرەڤانی لە جێژنیکان) خۆیان نەگەیاندبایە شوێنی ڕووداوەکانو بە تەقەی هەواییو بە هەڕەشە،پەلاماردەرانیان دوور نەخستبایەوە، کارەساتی لەوە دڵتەزێن تر دەخوڵقاو ئاکامو زیانەکانی ئەم پەلامارە زۆر گەورەتر دەبوو.

شەپۆلی تازەی توندوتیژی نواندنو تاوانخوڵقێنی ڕاست بەدوای گەڕانەوەی کاك مستەفا هیجری لە سەفەری دوو حەوتوویی بۆ دەرەوەی وڵات، دەستی پێکردوە! ئایا ئەمە جێبەجێ کردنی ڕێنوێنیو ئامۆژگارییە نوێیەکانی ئەندازیاری پرۆژەی یەکدەستکردنی حیزبی دیموکرات لە لایەن ناوبراوەوەیە یا بەرهەمی تووڕەییو نیگەرانی لە کارو تێکۆشانو نفووزی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە ئەستێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات؟ هۆی هاوکات بوونی ئەم دوو ڕووداوە هەر شتێك بێ، ئەم جۆرە کردەوانە، بێبناخەیی ئەو دروشمانەیان دەگەیەنێ کە لە بەیاننامەو لە کۆبوونەوەی ڕەسمیدا لە بارەی پێویستیی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی "متمدنانە" هێناویاننە گۆڕێ. چونکە بە کردەوە لە وەڕێخستنی تەبلیغاتی ژاراویو پڕ لە درۆو بوختان لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانو، سازماندانی ئەفرادی خۆیان بۆ پەلامار بردنەسەر تێکۆشەرانی حیزبی ئێمەو لێدانیان بە قەستی کوشتن، درێغیان نەکردوە. ئەم ڕاستیی‌یەش بە خۆشی‌یەوە بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستانو چاوەدێرانی سیاسی ڕوون بۆتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ شەپۆلی تازەی توندوتیژیو پەلاماری لایەنی پاوانخوازدا ، وێڕای مەحکوومکردنی ئەم زنجیرە کردەوە تاوانبارانەیان سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان ، ڕاگەیەنەگشتی‌یەکانو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان، ناوەندو دەزگا مەدەنی‌یەکانو لە سەرووی هەموانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو دامو دەزگا بەرپرسو پێوەندیدارەکان بۆ لای ئەم چەند خاڵە ڕادەکێشین:

١ـ گیانو ژیانو گوزەرانی سەدان بنەماڵەو کادرو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەترسیی پەلاماری چەکدارانەی لایەنی بەرامبەر دایە. بۆیە ئەگەر دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەرپرسی پاراستنی ئەمنییەتی گیانیو ماڵیی هاونیشتمانان بە جیددی پێش بە توندوتیژیو کردەوەی نامەسئوولانەی ئەو جەماعەتە نەگرن مەترسی ڕوودانی کارەساتی گەورەی مرۆڤایەتی هەڕەشە لە گیانی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دەکا. ڕووداوێکی لەو بابەتەش نە دڵخوازی هیچ دڵسۆزێکەو نە قەرەبووکردنەوەی ئاسانە.

٢ـ داوا دەکەین هەتا ڕووداوی تاڵتر نەقەوماوە بە زووترین کات بنکەو بارەگاکانو کەمپی بنەماڵەکانی هەر دوو لا لێك جیا بکرێتەوەو ئەموالو دارایی حیزب بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان هەر دوو لا دابەش بکرێو ڕێوشوێنی پێویست بۆ ژیانو گوزەرانی ئەو خەڵکەو پاراستنی هێمنیو ئاسایشی هەر دوو لا دیاری بکرێ.

حیزبی دیموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٢٠٠٧/٣/٤

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

## کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئافرەتی کورد بۆ ئاشتی و یەکسانی

ڕۆژی پێنج شەممە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٨٥ ڕێکەوتی ٨ی مارسی ٢٠٠٧ بە دەستپێشخەری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکوورو بە هاوکاریی وەزیری هەرێم بۆ کارووباری ژنانو ئافرەتان، کۆنفرانسێکی بەشکۆ بە ناوی "کۆنفرانسی نێو دەوڵەتیی ئافرەتی کورد بۆ ئاشتیو یەکسانی" لە ژێر چاوەدێریی ڕێزدار کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر پێتەختی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات.

ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی کارووباری ژنانو دڵسۆزانی دابینکردنی مافی بەرامبەری پیاوانو ژنان لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوونو وتاری بە نرخیان لەو پێوەندی‌یەدا پێشکێشی بەشداران کرد. شایانی باسە کە بەشێك لەو بەرێزانە لە ئەمریکاوە هاتبوونو بەشەکەی دیکەیان لە دانیشتووانی کوردستان بوون.

بۆ ئەو کۆنفرانسە ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە سیاسی‌یەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بانگهێشتن کرابوونو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیش دەستەیەکی نوێنەرایەتیی پێکهاتوو لە خاتوو خەدیجە مەعزوور ئەندامی کومیتەی ناوەندی، خاتوو عیسمەت نەستانی بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو بەرێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون.

هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی دەستخۆشیو پیرۆزبایی پێشکێشی بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە کردو لە پەراوێزی کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسیش دا چاوی بە زۆر لە کەسایەتییە سیاسی‌یەکانی کوردو نوێنەرانی زۆر لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان کەوتو لە بارەی بارووددۆخی کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پێوەندی‌یە کوردستانی‌یەکانەوە وتوێژی لەگەڵ کردن.

### ئەوەش دەقی پەیامی هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

**زۆر بەڕێز جەنابی دوکتۆر سامان شاڵی سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای باکوور!**

**زۆر بەرێز جەنابی دوکتۆر جنان قاسم وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان !**

**وێرای سڵاوو ڕێز**

**پر بە دڵ دەستخۆشی و پیرۆزباییتان لێ دەکەین بە بۆنەی بەستنی "کۆنفرانسی نێودەولەتیی ئافرەتی کورد بۆ ئاشتی و یەکسانی". هەروەها سوپاسی بەرێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو بایەخە کە بە چاوەدێری کردنی راستەوخۆ بەو کۆنفرانسەی داوە.**

**بایەخدان بە مەسەلەی ژن و مافی یەکسانیی ژن لەگەڵ پیاو لە هەموو کۆمەڵێك دا یەکێك لە گرنگترین ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەیی‌یەکانە، نەك هەر لەبەرئەوە کە ژن نیوەی کۆمەڵە، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە کۆمەڵ و ژیان بە بێ ژن مانایەك پەیدا ناکەن. کەوابێ نەخشی ژن شایانی هەموو رێزلێنان و سەرنج پێدانێکە.**

**بەڵام زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ژن لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا زیاتر لە ژنانی هەموو کۆمەڵێکی دیکەی ئەم جیهانە شیاوی رێزلێنان و بایەخ پێدانە. چونکە ژنی کورد بە درێژایی مێژووی کوردستان جگە لەوە کە بەشێکی یەکجار گرنگی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵ وەئەستۆ گرتوە، هەمیشە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات دا بەشێك لەو ئەرکانەشی بەجێ هێناوە کە بە پێی دابەشینی کۆمەڵایەتیی کارو نەریتە باوەکانی سەردەم بە ئەرکی پیاوان ئەژمێردراون.**

**ئەمڕۆش ئیدی ژنی کورد ئەو مرۆڤە بێ دەرەتان و دەستەوەستانە نیە کە پیاوان بتوانن حیسابی بۆ نەکەن یان پاش گوێی بخەن. ژنی کورد خۆی و ئەرك و مافەکانی باش ناسیوەو لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دا جێگای شیاوی خۆی بەدەست هێناوە. ئێستا وەختی ئەوەیە کە ژنان و پیاوانی کۆمەڵی کوردواری پێکەوەو بە ماف و ئەرکی بەرامبەرەوە بۆ بنیاتنانی دواڕۆژێکی پڕ بەختەوەری بۆ نەوەی دواڕۆژی کۆمەڵ تێ بکۆشن.**

**سڵاو لە ژنانی کۆمەڵی کوردەواری و لە پلەی بەرزی وشیاری و پێگەیشتوویی ژنی کورد**

**سەرکەوتن بۆ" کۆنفرانسی نێودەولەتیی ئافرەتی کورد بۆ ئاشتی و یەکسانی"**
**٨ی مارسی ٢٠٠٧**

## بۆکان

### هێزەکانی ڕێژیم لە گەڕەکی مەجبووراوا تەقەیان لە دوو ماشێنی بارهەڵگر کرد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨٥/١٢/١٩ لە گەرەکی "مەجبووراوای شاری بۆکان "گەشتێکی کەلانتەری ١١ وەشوێن ٢ ماشێنی سایپا دەکەوێ کە ٢٠ لیتریی بەتاڵی تێدا بوو بە هۆی ئەوە ماشێنەکان ڕانەوەستان لەلایەن تەقەیان لێ کردن بەلام ٢ ماشینە سایپاکە خۆ بە ماشێنی کەلانتەری دا دەدەنو تێکی دەشکێنن دواتر هەر دوو سایپاکە خۆیان دەرباز دەکەن.

### کاسبکارانی فەلەکەی ئەسکەندەری، بەرەورووی مەئموورانی ئینتزامی بوونەوە

ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٨٥/١٢/١٧ لە فەلەکەی ئەسکەندری شاری بۆکان، بازاری قاچاخ فرۆشان کەوتە بەر هێرشی مەئموورانی هێزە بە ناو ئینتزامییەکانی بەو بیانوویە کە تەقەمەنیو پێویستی یە کانی ئاتەش بازیی چوارشەممە سووریو شەوی نەورۆز دەفرۆشرێ، بەلام کاسبکاران بەرەورووویان بوونەوە.

لەو تێکهەڵچوونەدا کاسبکارانی فەلەکەی ئەسکەندریو بازاری قاچاخ فرۆشان لە مەئموورانیان داو مەئموورێکیان بە توندی بریندار کردو مەئموورێکیان چەك کرد دەمانچەو باتومو دەستبەندێکیان لێ ستاندو لە بازار دەریان کرد.

## مەهاباد، بۆکان

### دەستپێکردنی شەپۆلێکی تازە لە ئەزیەتو ئازاری خەڵك لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

لەگەڵ نزیك بوونەوەی چوار شەممە سووری، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم خۆیان بۆ بەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ چالاکی جۆراوجۆری خەڵك لە شەوی چوارشەممە سووریدا ئامادە کرد. زیادکردنی هێزەکانیان، لە ژێر چاوەدێری گرتنی توندوتیژی شوێنە گشتییەکانو دانانی پێگەی تازە، لە نیشانەکانی ئەو خۆ ئامادەکردنانە بوون فەلەکەی شەهید شوانە هەڵکەوتوو لە باخی شایگان یەك لەو شوێنانەیە کە بە تازەیی پایگای لێ دانراوە.

ـ مەئموورانی بە ناو ئینتزامی بە شەقامو بازاڕەکانی شاری بۆکان وەر بوونو ئەزەیەتو ئازاری خەڵكو بەهانەگرتنیان بە لاوان، لە جاران زیاتر کردوە. بە بیانووی جۆراوجۆر گیرفانی لاوەکان دگەڕێن، بە بیانووی پێشگیری لە مادەی ئاگر کردنەوە (آتش زا)، فشار بۆ کاسبکارانی بازاری قاچاخ فرۆشان دێنن. بە ئاشکرا دیارە کە لەوە نیگەرانن ئەم ساڵیش خەڵك بە گشتی و بەتایبەتی لاوان ڕێورەسمەکانی چوارشەممە سووریو نەورۆز بکەنەوەو بە دەرفەتێك بۆ وەڕێخستنی حەرەکەتی ئیعترازی بەدژی ڕێژیم.

# هەواڵەکان

## سەرکوتی دووبارەی کۆبوونەوەی ژنانو لاوانی شاری سنە



ڕۆژی پێنج شەمۆ، ٨ی مارس پاش سەرکوتی کۆبوونەوەی ژنانو پیاوانی بەرابەری‌خوازی شاری سنە، کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کۆمەڵێك لە ژنانو لاوان لە پارکی "دیدگاه"ی ئەو شارە کۆبوونەوەو خوازیاری کۆتایی هاتنی هەر چەشنە توندوتیژیو هەڵاواردنێك بە دژی ژنان بوون. بەڵام هێزەکانی ڕێژیم خۆیان دەگەیەننە شوێنی کۆبوونەوەکەو بە شێوازێکی نا مرۆیانەو بە کەڵك وەرگرتن لە باتومو گۆپاڵ سەرکوتی دەکەنو بڵاوە بە ژنانو لاوان دەکەن.

لەم هێرشەی هێزەکانی ڕێژیم چەند کەس، لەوانە ژیلا مودەرس، سۆران حوسێنی، سوهەیلا محەممەدی، سوورەییا محەممەدی، ئاسۆ ساڵح، ژینۆ سەڵواتی، ئەلیاس کەریمی، چیا زەمانیو پەیمان نێعمەتی دەسگیر دەکرێن.

شایانی باسە ڕۆژی دواتر زۆربەی گیراوەکان جگە لە ئاسۆ ساڵح، پەیمان نێعمەتیو ئەلیاس کەریمی ئازاد دەکرێن.

## بەڕێوەچوونی سمینارێك لە پێشوازی ٨ی مارس لە ژێر ناوی "پێکەوە یەك دەنگ بین بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا نامرۆڤایەتییەکان"



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی مارسی ٢٠٠٧ کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ لە "هۆڵی دیالۆگ"ی ڕێکخراوە دێموکراتییەکان لە شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی "مافی ژنی کوردو مافی مرۆڤ" کۆنفرانسێك پێك هات لە ژێر دروشمی "پێکەوە یەك دەنگ بین بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا نامرۆڤایەتییەکان"، کۆنفرانسەکە لەلایەن خاتوو فەریبا محەممدی چالاکی بواری ژنان کرایەوە. مەبەست لە پێك هێنانی ئەم کۆنفرانسە، پێشوازی لە ٨ی مارس و پشتگیری لەو کەمپینی یەك میلیۆن ئیمزایەوە کە پێك هاتووە بۆ گۆڕینی یاسا نامرۆڤایەتیەکانو هەڵوەشاندنەوەیان پاشان باسی کۆنفرانسەکە کە تەرخان کرابوو بۆ خاتوو ڕێواس فایەق سەرنووسەری گۆڤاری تەوارو چالاکی بواری ژنان. خاتوو ڕێواس فایەق باسێکی گشتی کردو لەسەر یاساکانو توندوتیژیان سەبارەت بە ژنو ژێرپێ‌خستنی مافی ژن ئاماژەی کرد، لە بەشێکی دیکەی باسەکەی ئاماژەی کرد بەو هەوڵانەی کە دراوە بۆ گۆڕانکاری لە یاسای باری کەسایەتیو یاساکانی‌تر بۆ ئەوەی چی‌تر مافی ژن ژێر پێ نەخرێ. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا بوار لە بەردەم ئامادەبووان کرایەوە بۆ گفتوگۆ کردنو ژمارەیەك لە ئامادە بووان بەشدارییان کرد بە ڕەخنەو تێبینیو پرسیار کردن کە لەلایەن خاتوو ڕێواسەوە وەڵام درانەوە. کۆنفرانسەکە کاتژمێر ٥ی ئێوارە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

پێویستە بگوترێ کە هەیئەتێکی یەکیەتی ژنانی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوون بەڕێزان نەسرین حەداد ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو گەلاوێژ حەسەن زادە ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەریو کوێستان فتووحیو ئارەزوو نستانی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون.

## بانکی میللەت نەیتوانی کاری خوازیارانی ناونووسی لە زانستگەی "پیام نور" ڕاپەڕێنێ

ڕۆژی یەکشەممە ١٣٨٥/١٢/٢٠ لە تەواوی ئێران کچانو کوڕانی خوازیاری درێژەی خوێندن لە زانستگەی "پیام نور" ڕویان کردە بانکی میللەت بۆ ئەوی پووڵی زۆر بکەنە نێو حیسێبی زانستگەی "پیام نور". ئەو پووڵە دەبوا بە حیسێبی ئەلیکترۆنیکی "جام بانك"ی میللەت بەڕێ کردبا بۆ تاران. لە سەعات ٩ی بەیانییەوە خەڵکێکی زۆر لەنێو بانکی میللەت کۆ ببوونەوە تا پوول واریز بکەن. بەر پرسانی بانکیش دەیانگوت ئیمە ناتوانین ئەو پووڵە واریز بکەین چونکە حیسابی جام لە مەرکەزەوە بڕاوە. ئەم مەسەلەیە بووە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی ئەو خەڵکە زۆرەی بەو مەبەستە ڕوویان لە بانکی میللەت کردبوو و داوایان لە سەرۆکو کارمەندانی بانك دەکرد لە بەرامبەر ئەم وەزعەدا وەڵامدەر بن. بەڵام بەر پرسانی بانك هیچ وڵامیان نەداوەتەوەو لەئاکام دا خەڵکێك کە ماوەی ساڵێك بوو، چاوەڕوانی ئەم دەرفەتە بوون بە ناهۆمیدی گەڕانەوە ماڵەکانیانو نەیانتوانی ناو نووسی بکەنو زەحمەتو چاوەڕوانیی ساڵێکیان بە هەدەر چوو.

## تەورێز

خوێندکارانی کورد پیشانگایەکی وێنەیان بۆ یادی بۆردمانی شیمیایی شارەکانی سەردەشتو مەریوان کردەوە. ڕێکەوتی ١٥ی ڕەشەمە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی تەورێز یۆ یادکردنەوەی بۆردمانی شیمیایی شارەکانی سەردەشتو مەریوان پیشانگایەکی وێنەیان پێك هێنا. ئەو پیشانگایە ژمارەیەکی زۆر وێنەی بەڵگەنامەیی لەخۆ گرتبوو و پیشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

شایانی باسە بەسیجیەکان و تورکە توندڕەوەکان کە بە کرانەوەی ئەم پیشانگایە توورە بوون کێشەیان بۆ خوێندکارە کوردەکان پێك هێناو لە ئاکام دا شەڕ و لێکدان لەنێوان هەردووك لای لێ کەوتەوە. بە دوای ئەوە بەرپرسانی زانکۆ پیشانگاکەیان داخست.

## دیدارو چاوپێکەوتنەکانی هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان لە هەولێر

لە ماوەی ڕۆژانی ٩ تا ١٣ی ڕەشەمە هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی پتەوتر کردنی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب، لە هەولێر لەگەڵ ژمارەیەك لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان دیدارو چاوپێکەوتنی کرد. کورتەی دیدارەکان بەم جۆرەیە:



ـــ ڕۆژی چوار شەممە ٨٥/١٢/٩ کاتژمێر ١١ هەیئەتێکی حیزب کە پێك هاتبوون لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کەماڵ کەریمی، سمایل بازیارو سیامەك وەکیلی سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێزان غەفوور مەخمووری سکرتێرو سیاسیو مام عەبدوڵڵا ئەندامی پێوەندی‌یەکانەوە پێشوازییان لێکرا.

ـ هەمان ڕۆژ کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ ئەو هەیئەتەی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێزان هادی عەلیو مەولوود باوە موراد ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو عومەر ئیسماعیل ئەندامی سەرکردایەتیو کاك ئیسماعیل ئەندامی پێوەندی‌یەکانی یەکگرتووەوە پێشوازی کران.

ـ ڕۆژی پێنج شەممە ٨٥/١٢/١٠ هەیئەتی حیزب کاتژمێر ٩ سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێزان باپیر کامەلا سکرتێرو ساڵح کاکەیی، حەمە ڕەش ئەحمەد، سەید عەزیز، تەحسین ڕەحمان، سامی خۆشناو ئەندامانی مەکتەبیو چەند کەس لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبەوە پێشوازی کران.

ـــ ڕۆژی پێنج شەممە ٨٥/١٢/١٠ کاتژمێر ١١/٥ هەیئەتێکی حیزب پێکهاتوو لە بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەن زاد، کەماڵی کەریمی، ئیسماعیل بازیارو سیامەك وەکیلی سەردانی پارتی ئازادی کوردستانیان کرد، کەلە لایەن بەڕێزان حوسێنی یەزدان پەنا جێگری سەرۆکی پارتی، هامنۆ نەقشبەندی، حەسەن یەزدان پەناو ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی ئازادی‌یەوە پێشوازییان لێکرا.

ـــ ڕۆژی پێنج شەممە ٨٥/١٢/١٠(١ی مارس) هەیئەتێکی حیزب بە بەشداریی بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کەماڵ کەریمی، ئیسماعیل بازیارو سیامەك وەکیلی سەردانی دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتی کوردستانیان کردو لەلایەن بەڕێز مامۆستا سەید جەلال حوسێنی کەسایەتی ناسراوو کاك بابە شێخ حوسێنی سکرتێری سازمانو چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتەوە پێشوازی کران.



ـ کاتژمێر ٩/٥ی ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٧/٣/٤ هەیئەتی حیزب بە بەشداریی بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، جەلیل گادانی، مستەفا مەولوودی، کەماڵ کەریمی سەردانی حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیای کوردو لە لایەن بەڕێز مەسعوود تەك سکرتێرو چەند هەڤاڵی ئەو حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

ـ هەر ئەو ڕۆژە کاتژمێر ١١ هەیئەتی حیزب سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێزان کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشوو، دوکتور کەماڵ شاکر سکرتێری حیزب، حەیدر فەیلی، مامۆستا ڕەوەند، ئەحمەد شێروانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو چەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی ٢ سەعاتەدا باس لە وەزعی سیاسیی کوردستانو وەزعی حیزبو پێوەندی‌یەکانی دوولایەن کرا.

ـ هەر ئەو ڕۆژە سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ هەیئەتی حیزب سەردانی بارەگای پارتی دێموکراتی کوردستانی باکووری کوردو لەلایەن بەڕێز ڕۆژهات ئامێدی سکرتێری ئەو پارتەوە پێشوازی کران. لەو دانیشتنەدا کە شێخ عەبدوالقادر نوێنەری پارتی حەق لە کوردستانی تورکیا بەشدار بوو، باسی ڕەوشی کوردستان کراو پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لایەنە کوردی‌یەکان کەوتە بەرباس.

لەم سەردانانەدا هەیئەتی حیزب باسی لە وەزعی سیاسی کوردستانو وەزعی حیزبمان دوای لەت بوونیو پێوەندی‌یەکانی حیزب لەگەڵ هەریەك لە حیزبە دۆستەکانی کوردستانی کرد.

لە هەموو دانیشتنەکاندا هەیئەتەکانی میواندار خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو سەردانانە دەربڕیوپێشوازییان لە بەردەوامیو بەرەوپێشچوونی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

## دیدارەکانی شاندێکی پایەبەرزی حیزب لە سلێمانی



رێکەوتی ١٤ی رەشەمە (٥ی مارس) شاندێکی پایەبەرزی حیزب لە شاری سلێمانی سەردانی کۆمپانیای تازە دامەزراوی وشە، مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد. شاندی حیزبی پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە، عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەریی سیاسی، خەدیجە مەعزووری ئەندامی کومیتەی ناوەندی، موعتەسەم نوورانی ئەندامی پێشووی ڕێبەرایەتی، رامبود لوتفپووری نوێنەری حیزب لە سلێمانی.

سەر لە بەیانیی ئەو رۆژە شاندی حیزبی سەردانی کۆمپانیای وشەی کردو لەلایەن بەڕێزان نەوشیروان مستەفا، قادر حاجی عەلی‌و سالار عەزیزەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. لەم دیدارەدا پرسەکانی ئەمڕۆی جیهان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و کوردستان کەوتنە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا لەسەر گرینگی پێوەندیی‌و هاوکاریی دوو لایەنە پێ داگیرایەوە.



* شاندی حیزب نیوەڕۆی ئەو رۆژە سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کردو لەلایەن بەڕێزان قادر عەزیز سکرتێری گشتی، فەتاح زاخۆیی ئەندامی کومیتەی ناوەندی، مامۆستا نەسروڵڵا بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییەکان‌و ئاوات محەممەدئەمین پێشوازیان لێ‌کرا. لەم دیدارەدا بابەتە پێوەندیدارەکان بە دۆخی ئێستای جیهان‌و ناوچەو کوردستان کەوتە بەر باس‌و لە سەر پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەر دووک لا پێ داگیرایەوە.



* دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە وەفدی حیزب چاوی کەوت بە شاندێکی رێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان و لەلایەن بەرێزان عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی، عومەر ئیلخانی زادە، ئەبوبەکر مودەرسی، محەممەد شافعی، فاروق بابامیری، نەوید مێهرئاوەرو عەبدوڵڵا کۆنەپووشی بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. لەم دیدارەشدا شاندی حیزب وێڕای شاندی خانەخوێ کۆمەڵێك پرس‌و بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی جیهان، ناوچە، کوردستان، ئێران و پرسی بەرە یان هاوبەندی کوردستانییان خستە بەر باس. لە کۆتایی ئەم دیدارەدا لەسەر پێویستیی هاوکاریی زیاتری نێوان هەردووك لا پێ داگیرایەوە.



# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### نۆروێژ

٢٠٠٧/٣/٣ هەیئەتێك لە کومیتەی نۆروێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە رێورەسمێك دا کە بە بۆنەی ٢٨ ساڵەی تێکۆشانی ئاشکرای کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێك هاتبوو، بەشدار بوو.

### فینلاند

٢٠٠٧/٣/٣ بە ئامادەبوونی بەشێکی زۆر لە ئەندامان‌و لایەنگران‌و دۆستانی حیزب لە وڵاتی فینلاند، کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان سمینارێکی سیاسی ـ تەشکیلاتیی بۆ هاوڕێی بەڕێز کاك حەسەن رەستگار لە شاری تورکو پێك هێنا. کاك حەسەن لەم سمینارەدا باسێکی لە سەر بارودۆخی کوردستان، دەسکەوتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی گەلی کوردو هەلومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئەرکی هێزە کوردستانی‌یەکان بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد. لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا ئامادەبوان سەرنج‌و تێبینی‌یەکانی خۆیان هێنایەگۆڕێ.

### کانادا

٢٠٠٧/٣/٤، هەیئەتێك لە کومیتەی رۆژهەڵاتی کانادای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەراسمێك دا کە بۆ یادی ٢٨ ساڵەی کۆچی دوایی نەمر مەلا مستەفای بارزانی لە شاری کیچنێر پێك هات بەشدار بوو، پەیامی کومیتەکەیانی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

### ئەمریکا

٢٠٠٧/٣/٤ کومیتەی ئەمریکای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بیست‌و هەشتەمین ساڵیادی کۆچی دوایی سەرکردەی بەناوبانگی کورد، نەمر مستەفا بارزانی کە یەکێك لە هوتێلەکانی تاسین کۆرنێردا پێك هات، بەشدار بووو بەم بۆنەیەوە پەیامی کومیتەی حیزبی دیموکراتیان پێشکەش کرد.

### کانادا

٢٠٠٧/٣/٤ کاك حەسەن حاتەمی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە تەلەفون لە مێزگردێك دا کە لە تەلەڤیزیۆنی ماهوارەای "گوناز تی ڤی" پێکی هێنابوو، بەشدار بوو. ئەم میزگردە بۆ باس لە خەبات‌و ویست‌و داواکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران پێك هاتبوو.

### بریتانیا

٢٠٠٧/٣/٤ هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە بیرەوەریی ٢٨ ساڵەی گەورە پیاوی کورد بارزانیی نەمر کە لە شاری مەنچێستێر بەڕێوە چوو، بەشدار بووو پەیامی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

### سوئێد

٢٠٠٧/٣/٤ کومیتەی لینکشوپینگی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆنفرانسی خۆی پێك هێنا. لەم کۆنفرانسەدا کاروتێکۆشانی رابردوو بە سەرنجدان بە بارودۆخی تایبەتیی حیزب، چالاکی‌و تێکۆشانی دوای لەتبوونی حیزب‌و کاروبەرنامەی داهاتوو بۆ کومیتە وێڕای کۆمەڵێك پرس‌و بابەتی دیکە کەوتنە بەرباس. کۆنفرانس لە کۆتایی کاری خۆی‌دا کومیتەیەکی نوێی بۆ بەڕێوەبەردنی کاروباری حیزبی لە لینگشوپینگ هەڵبژارد.

### بێلژیك

رۆژی دووشەمە ٢٠٠٧/٣/٥ لە پارلمانی برۆکسێل، کۆنفرانسێك لەسەر کێشەی کورد لە سووریە بەڕێوە چوو کە نوێنەرانی پارتە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان وتارو باسیان تێدا پێشکەش کرد.

لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە بێلژیك لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بوو.

### کانادا

٢٠٠٧/٣/٨ هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڤانکۆڤێر سەردانی دەفتەری بەڕێز بیل سکسای ئەندامی پارلمانی کاناداو چالاکی بواری مافی مرۆڤیان کرد. تەوەری باسەکان بریتی بوون لە سەرکوتی بزووتنەوەی جەماوەریی خەڵك لە لایەن کۆماری ئیسلامی، بارودۆخی ژنان لە ئێران‌و وەزعی دڵتەزێنی پەناخوازانی کورد لە وڵاتی تورکیە. بیل سکسای بەڵێنیدا داواکاری‌یەکان دەگەیەنێتە پارلمانی وڵاتەکەی.

### سوئێد

٢٠٠٧/٣/٧ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی بەڕێز کاك حەسەن رستگارو ئەندامەتیی کاك کاوە مەدەنی‌و عەزیز ئەفسەردلێر، سەردانی باڵوێزخانەی کۆماری فیدراڵی عێراق لە ستوکهۆڵمیان کردو لە لایەن باڵوێزی عێراق کاك ئەحمەد بامەڕنی بە گەرمی پێشوازییان لێ‌کرا. لەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا، هەیئەتی حیزب وێڕای هەواڵپرسینی بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق‌و بەئاوات خواستنی چاکبوونەوەی هەرچی زووتری باسی کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسیی گرنگی رۆژیان کرد.

### فینلاند

٢٠٠٧/٣/١٠ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی نیشتەجێی فینلاندو ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەراسمی رێزگرتن لە خەبات‌و تێکۆشانی ژنانی جیهان‌و کوردستان بۆ یەکسانی، لە شاری تورکو بەڕێوە چوو. لەم رێورەسمەدا پەیامەکانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشکەش کران. هونەرمەند رەشید فەیزینەژادو تیپی هەڵپەڕکێی "ئاویەر" بە گۆرانی‌و هەڵپەڕکێ‌و کچان‌و کورانی لاو بە نمایشدانی جلوبەرگی جوانی کوردی ئەم مەراسیمەیان رازاندەوە.

### سوئێد

٢٠٠٧/٣/١٠ کومیتەی هاوکاریی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان بە پشتیوانیی کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان رێورەسمێکی تایبەتی بۆ رێزگرتن لە رۆژی نێونەتەوەیی ژنان بە بەشداریی زیاتر لە ١٢٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی لینشوپینگ بەڕێوەبرد. لەم مەراسمەدا کۆمەڵێك وتارو پەیام پێشکەش کران. شایانی باسە حیزبی دیموکراتی کوردستان یەك لە ئەندامانی کومیتەی هاوکاری هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکانە.

### سوئێد




٢٠٠٧/٣/١٠ یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی کومیتەی سوئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمینارێکی بۆ رێزگرتن لە ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان لە شاری ستکهۆڵم پێك هێنا. لەم سمینارەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات‌و چەند وتارو باس‌و لێکۆڵینەوە لە لایەن ژنانی بەشداری سمینارەکە پێشکەش کران.

### نۆروێژ

٢٠٠٧/٣/١٠ یەکیەتیی ژنانی دیموکرات لە ناوچەی ئۆستفۆڵد بە هاوکاریی کۆمەڵەی دیموکراتی کولتووری کوردی بە بەشداریی سەدان کەس کوردو نۆروێژی‌و حیزبە کوردستانی‌یەکان رێورەسمێکیان بە بۆنەی ٨ی مارس بەڕێوەبرد. لەم رێورەسمەدا زیاتر لە ١٠ پەیامی حیزب‌و رێکخراوو کۆمەڵەی کوردو نۆروێژی پێشکەش کراو بەرنامەی هونەری بەڕێوەچوو.

### سوئێد

٢٠٠٧/٣/١٠ لەسەر بانگهێشتنی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوئێد هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستای کومیتەی سوئێد لە رێورەسمێکی ١٠٤ ساڵەی یادی لە دایکبوونی سەرکردەی ناوداری کورد بارزانیی نەمردا بەشدار بوون.

### سویس

رۆژی ٢٠٠٧/٣/١١ هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سویس لە ئێوارە کۆڕێك دا کە سێ پارتی کوردی سووریە بۆ یادی سێ‌ساڵەی سەرهەڵدانی کوردانی باژێڕی قامیشلو پێکیان هێنابوو، بەشدار بووو پەیامی کومیتەی حیزبیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

### کانادا

٢٠٠٧/٣/١١ کومیتەی حیزب لە شاری ئوتاوا سمینارێکی بۆ باس لەسەر هەلومەرجی ئێستای حیزبی دیموکرات بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان، کەسایەتی‌و خوێندکاری زانکۆ پێك هات.

## ئەگەر بابمیان کوشتبا، من‌و خوشکم چیمان کردبا

بێهنام مەحموودیان، تەمەن ١٢ ساڵ یەکێك لەو کەسانە بوو کە لە پەلاماری کۆنە هاوڕێیانمان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کەمپی جێژنیکان لە رۆژی شەممە ١٢ی رەشەممەی ٨٥ی هەتاوی‌دا کەوتنە بەر هرووژم‌و بە مست‌و پێلاقەو تیلا لێی درا. بێهنام لە وەڵامی چەند پرسیاری کورت دا رووداوەکەمان بەم جۆرە بۆ دەگێڕێتەوە.

س ـ بیهنام گیان تەمەنت چەند ساڵە؟

ج ـ ئەمساڵ دەبمە ١٢ ساڵ.

س ـ رۆژی شەممە کە شەڕ بوو تۆ لە کوێ بووی؟

ج ـ تازە لە مەدرەسەی دەهاتمەوە.

س ـ دەزانی بۆ چی هاوڕێیانی کۆنی بابت لە باوکتیان دا؟

ج ـ ناوەڵڵا نازانم، هەر ئێستا لە خۆشیان بپرسی بۆ لە باوکم‌و هاورێکانیان دا، نازانن بۆ چی وایان کرد.

فێر کراون دەنا بابم چی لەوان کردبوو!

س ـ ئەو کاتەی لە باوکتیان دەدا تۆ چیت کرد؟

ج ـ کە دیتم لە بابمیان دەدا زۆرم پەرۆش بوو لە ژێر گۆپاڵ‌و ئاسنان دا خستبوویان منیش لە تاوان چوومە ناو شەڕەکە.

س ـ نازانی تۆ منداڵی‌و ناکرێ بچی بۆ ناو شەرێکی وا؟

ج ـ ئەخر زۆرم پەرۆشی باوکم بوو، چونکە لێرە هەر باوکم هەیە، ٢ مانگ پێشتر دایکم لە ژێر عەمەل دا کۆچی دوایی کردوە. ئەو کات ئەگەر خودای نەخواستە بابیشمیان کوشتبا من‌و خوشکم چیمان کردبایە؟

س ـ ئەوان چەند کەس دەبوون؟

ج ـ ٣٠ کەسێك دەبوون.

س ـ کە چوویتە ناو شەڕەکە چیت کرد؟

ج ـ لە تاو بابم شەقێکم لە یەکێکیان دا بە ناوی "ر"، ئەوندەم دیت بە ٣ کەسیان گرتیانم‌و بە دارو ئاسن لێیان دام.



س ـ تۆ ئێستا ئەگەر بتهەوێ قسەیەك بکەی بۆ ئەو کەسانە، چیان پێ‌دەڵێی؟

ج ـ پێیان دەڵێم خەجاڵەتی بکێشن زۆر باشترە لەوەی کە هێرش بۆ سەر پێشمەرگەو ماڵە پێشمەرگان بکەن، یان لە منداڵێکی وەك من بدەن.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بۆ کۆنفرانسی یادی کارەساتی بۆمبارانی هەڵەبجە لە شاری بریزبانی ئوسترالیا

دۆستانی بەڕێز، بەشدارانی یادی قوربانییانی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە!

سڵاو لە ئێوە کە بۆ یادی کارەساتی سامناکی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە کۆبوونەوەو،

سڵاو لە یادی قوربانییانی بۆمبارانی شیمیاییو هەموو قوربانییانی دەستی زۆرداریو نابەرابەری لە جیهان دا

١٩ ساڵ پێش ئێستا لە رۆژی ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا پاش زیاتر لە حەوت ساڵ شەڕی بێماناو بێئاکام کە دوو رێژیمی دیکتاتۆڕیی ئێرانو عێراق بەسەر گەلانی ئەم دوو وڵاتەیان دا سەپاندبوو، فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی دەوڵەتی عێراق شاری هەڵەبجە لە ئوستانی سلێمانیەی باشووری کوردستانیان دایە بەر بۆمبارانی شیمیاییو بە هەزاران کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارەیان شەهیدو بریندار کرد. ئێستاش کە نیزیك بە دوو دەیە لەو رووداوە تێپەڕیوە شوێنەواری ئەو کردەوە دژی ئەخلاقییە نەك هەر بەسەر ئینسانەکانەوە، بەڵکوو بەسەر سروشتی ناوچەکەشەوە



ماوەو دیاریش نیە تا چەند ساڵی دیکەو تەنانەت چەند نەوەی دیکە ئەو شوێنەوارە وێرانکەرە هەر دەمێنێ.

جێگای خۆشحاڵییە کە ئێوە لە کاتێك دا یادی ئەو کارەساتە دەکەنەوە کە رێژیمی ئەو سای عێراق رووخاوەو سەرانی رێژیمەکە یان بە سزا گەیشتوون یان چاوەڕوانی سزای دادپەروەرانەی خۆیان دەکەن. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە هێشتا برینەکان سارێژ نەبوونەوە، هێشتا پاشماوەکانی قوربانیی‌یانی بۆمبارانی شیمیایی قەرەبووی زیانەکانیان بۆ نەکراوەتەوەو هێشتا شاری هەڵەبجە بەو جۆرەی شایانیەتی ئاوەدان نەکراوەتەوە کە هەمووی ئەوانە دەبێ کاریان بۆ بکرێو مرۆڤایەتیی پێشکەوتوویان لێ ئاگادار بکرێ.

شتێکی جێگای سەرنج پێدان ئەوەیە کە بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، عەمەلیاتی بەدناوی ئەنفال، قەتلوعامی خەڵکی کوردستان لە شارەکانی سنەو سەقزو مەهاباد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو دیاربەکرو هەکاریو شەمدینان لە باکوورو قامیشلوو لە رۆژئاوای کوردستانو بەکورتی کوشتنو وێرانکردن لە هەموو شارو گوندەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان ئاکامی گیروگرفتێکی چارەسەرنەکراوی گەورەترو بەربڵاوتر لە هەمووی ئەو رووداوانەن. ریشەی مەسەلەکە لەوە دایە کە نەتەوەیەکی دەیان میلیۆن کەسی کە خۆیو وڵاتەکەی بەدەر لە ویستو دەسەڵاتی خۆی لەنێو چوار وڵات دا دابەش کراون، لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێبەش کراوەو مافو ئازادییەکانی لێ زەوت کراون. لەم لاشەوە ئەم نەتەوەیە خۆی ناسیوەو بە مافەکانی ئاشنایەو بۆ وەدیهێنانیان تێ دەکۆشێ. ئەو هەوڵو تێکۆشانە لەگەڵ دژکردەوەی بێ بەزەییانەی دوژمنانی ئازادی بەرەوڕوو دەبێو ئەو جۆرە کارەساتە دڵتەزێنانەی لێ دەکەوێتەوە. گومان لەوەش دا نیە کە تا کاتێك ئەو نەتەوەیە مافە رەواکانی خۆی بەدەست نەهێناون، خەباتی رزگاریخوازانە درێژەی دەبێو لە ئاکام دا مەترسیی دووپات بوونەوەی کارەساتی وەك بۆمبارانی شیمیاییو ئەنفالو هەموو جۆرەکانی کۆمەڵکوژی هەڕەشەی لێ دەکا.

کە وایە ئەرکی ئینسانیی ئێوەی بەڕێزو هەموو مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ئەوەیە کە وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانە هەوڵ بدەن هۆیەکانی روودانی ئەو چەشنە کارەساتانە لە نێوبەرن. ئێوەو کۆڕو کۆمەڵی ئینساندۆستی وەك ئێوە دەتوانن دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا ناچار بکەن سیاسەتی حاشاکردن لە بوونی کوردو مافە رەواکانی وەلا بنێنو بە بەڕەسمی ناسینی بوونی کوردو سەلماندنی مافە رەواکانی ریشەی ئەو جۆرە کارەساتانە وشك بکەن.

شتێکی دیکە لە دەستی ئێوەو کۆڕو کۆمەڵی دیکەی وەك ئێوە دێ، ئەوەیە کە رێکخراوە جیهانییەکانی لایەنگری ئاشتیو ئازادیو دادپەروەریو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانو ناوەندەکانی بڕیاردان لە جیهان دا لە رەنجو عەزابی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد ئاگادار بکەنو لێیان بخوازن کە لەسەر دەردو ئازارەکانی نەتەوەی کورد بێنە جوابو دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان دا ناچار بکەن کوردو مافە رەواکانی بە رەسمی بناسن.

نەتەوەی کورد شیاوی ئازادیو بەدەستەوە گرتنی مافو ئازادییەکانی خۆیەتی. ئەزموونی چەند ساڵەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری خستوە کە کورد پێگەیشتوەو ئەگەر دەرەتانی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی بە دەست بێنێو خۆی بەڕێوە بەرێ. هەر بۆیەش ئەم نەتەوەیە بۆ ئەوە دەبێ کە بیروڕای گشتیی جیهانیو کۆڕو کۆمەڵە پێوەندیدارەکان لەسەری وەجواب بێنو داوای ئازادیو مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بۆ بکەن.

ئارەزووی ئێمە ئەوەیە کە کۆنفرانسەکەتان هەم بڕیاری بەجێ لە مەحکووم کردنی بۆمبارانی هەڵەبجەدا دەربکاو هەم بە ناردنی یادداشتێکی راشکاوانە بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو وڵاتانی بڕیاربەدەست سەرنجی ئەوان بۆ لای مەسئوولییەتەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئاشتیو ئازادیو دادپەروەریو مافی مرۆڤ دا وەبیر بێننەوەوەو داوایان لێ بکەن کە مەسەلەی کورد وەك گەورەترین نەتەوەی بندەست لە جیهان دا بۆ باسو موناقەشەو بڕیار لەسەردان بخەنە دەستووری کاری خۆیانەوە.

لە هاودەردیتان لەگەڵ پاشماوەی قوربانییەکانی هەڵەبجە سوپاس دەکەینو لە ژیانو خەباتو خزمەت بە ئاشتیو ئازادیو مافی مرۆڤ دا سەرکەوتنو بەرەوپێش چوونتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

لەگەڵ رێزو سوپاس

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٥ی مارسی ٢٠٠٧**

---



## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

# بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

### لەلایەن بەڕێز کاك عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشکەش کرا

**هاونیشتمانە بەرێزەکان!**

**ژنانی تێکۆشەرو ئازادیخوازی کوردستان!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە بۆنەی شەستو یەکەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی بە ژنانی کوردستان بە گشتیو بەتایبەتی ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکێش دەکەم. ئەگەر درەنگیش بووبێ حەز دەکەم بە بۆنەی هەشتی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنانیشەوە پیرۆزبایییەکی گەرمتان پێشکێش بکەم.

شەستو یەك ساڵ لەمەوبەر لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆدا رێبەرانو دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان بە وردبینیو هەڵسەنگاندنی ژیرانەی هەلومەرجی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان کە بەدەست نەخوێندەواریو دابو نەریتی عەشیرەیییەوە دەیناڵاند، بە مەبەستی وریا کردنەوەو بردنەسەری پلەی تێگەیشتوویی ژنانو رێکخستنی ریزەکانیان هانی ژنانی پێشکەوتووو تێکۆشەری ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستانیان داو پشتیان گرتن تا یەکیەتییەك بۆ دیفاع لە مافە رەواکانیان پێك بێنن.

شەستو یەك ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگای کوردەواری لە پێك هاتەیەکی عەشیرەییو سوننەتی دا دەژیاو وەك ئێستا نەبوو کە پێکهێنانو رێکخستنی ناوەندێك بۆ دیفاعو داکۆکی کردن لە مافی ژنان کارێکی ئاسان بێ، هەر بۆیە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە ئەو بڕیارە لە لایەن رێبەرانی کۆمارەوە بڕیارێکی مەزنو هەنگاوێکی بە نرخ بووەو بە یەکێك لە دەسکەوتە گرینگەکانی کۆماری کوردستان دادەنرێ. بەڵام بەداخەوە لەگەڵ جوانە مەرگ بوونی کۆماری کوردستان هیواو ئاواتەکانی ژنانیش جوانە مەرگ بوون، ڕەنگە ئەگەر کۆماری کوردستان تێك نەڕووخابا وەزعییەتی ئێستای ژنانی کوردستان بە چەندین قۆناغ لە پێشتر بوایە.

بەڵام بە خۆشیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر دەستی تێکۆشەرانی دیموکرات زۆری نەخایاند خۆی گرتەوەو ژنانی دیموکراتیش شان بەشانی خەباتگێڕانی دیموکرات ئەو رەچەیە کە کۆماری کوردستان بۆ ژنانی شکاند بوو، درێژەیان پێداو لەسەر رێبازەکەی سوور بوونو بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان پێ داگرتوو جەسوورتر بوون.

**ژنانی خاباتکارو دیموکرات!**

لەکۆنەوە هەتا سەردەمی ئێستا لە لایەن زانایانو مافپەروەرانەوە لە روانگەی جیاوازەوە باس لە چەوسانەوەو زوڵمو زۆر دەرحەق بە ژنان کراوە. لەو نێوەدا هێندێك پەنجە بۆ رەگەزی بەرامبەر رادەکێشنو هێندێکی دیکە سەرچاوەی بێبەشیی ژنان بۆ جیاوازیی چینایەتی دەگێڕنەوە. بەهەر حاڵ بێبەش کردنی ژنان هۆیەکی کاریگەر بووە بۆ پێشنەکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. چونکە لە بەشێکی زۆری مرۆڤایەتی دا لە تواناو وزەو بەهرەی ژنان کەلك وەرنەگیراوە. ئەمرۆکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەو مەجالە بۆ ژن رەخساوە کە پێبەپێی پیاوان لە ئیدارەی وڵات دا بەشداربن دەرکەوتوە کە ژنان چەندە بە توانانو چەندە کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا هەیە. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی دواکەوتوودا کە وڵاتەکەی ئێمە تێیدان یەکێکە لەوان بەهۆی دەسەڵاتدارانی بیرتەسکی بەرچاو تەنگ هیچ مەجالێك بە ژن نەدراوەو ژنانی ئێران بە گشتیو ژنانی کوردستان بە تایبەتی لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار دا تەحەمولی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەن کە دژ بە ژنان داڕێژراونو بە هۆی ئەو قانوونانە نەك پێشی ئەوە دەگرن کە ژنان لە پێشکەوتنی وڵات دا مشارکت بکەن بەڵکوو لە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بێبەشیان دەکەن.

**ژنانی ئازاو ئازاد!**

لە حاڵێك دا یادی شەستو یەك ساڵەی دامەزرانی رێکخراوەکەتان واتە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەینەوە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی بە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی دا تێپەر دەبێ. لەو نێوەدا وەزعییەتی ژیانو بەرێچوونی خەڵکی ئێران بە گشتیو خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بەرەو خراپتر بوون دەڕواو دیکتاتۆریو پاوانخوازیی ئاخوندەکانی دەسەڵاتدار تێ دەکۆشێ لە هەموو کاتێك زیاتر پەلوپۆ باوێ بە مەبەستی زیاتر مانەوەی خۆی لە سەر دەسەڵات. ئەگەر سەرکوتی خەڵکی ئێران بە گشتی بۆ داسەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی ڕەشی خۆیەتی سەرکوتی ژنانو بەرتەسك کردنەوەی مافەکانیان ریشەی لە بۆچوونی کۆنەپەرستانەی رێژیم دایە. هەر بۆیە قورسایی ئەو سیستمە لە سەر شانی ژنان بە نیسبەت پیاوان چەند بەرابەر قورسترە. ئەوەتا قانوونەکانی ئێران کە لە ئەندیشەی تەسکی دەسەڵاتداران هەڵقوڵاون، پڕن لە نابەرابەریو نایەکسانیی، ئەو حەقەی بۆ پیاو دیاری کراوە بۆ ژن نیە، ئەوی



←

بەرەو ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی

# ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی شەهید پێشەوا لەسەر بزووتنەوەی کوردستان

ئاماژە:
لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ (٣٠ مارسی ٢٠٠٧) ٦٠ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان‌و هاوڕێیانی بە دەست ڕێژیمی گۆڕکراوی پاشایەتی‌دا ڕادەبرێ. "کوردستان" لە ژمارەی، پێشووڕا دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارو بابەتانە کە بەم بۆنەیەوەو لە سەر داوای هەیئەتی بەڕێوەبردنی یادی ٦٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاوڕێیانی نووسراون. ئەمەش وتارێکی دیکە کە بەم بۆنەیەوە نووسراوە

بێ گومان دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مێژوویی کورد دا، خاڵی وەرچەرخان‌و،جێگای سەرنجی تایبەتی یە. لەم وەرچەرخانە مێژوویی‌یەدا، بزووتنەوەی کوردستان لە زۆر لایەنەوە ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ‌و، قەوارەی تەشکیلاتیی خۆی بە یەکجاری دەگۆڕێ‌و ، بە تەواوی‌و بە مانای ڕاستەقینەی وشە، نوێ دەبێتەوە. ئەم نوێ بوونەوەیە، بە تایبەت وەلانانی ڕێبەرایەتیی تاکە کەسی‌و هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتیی بە کۆمەڵ، یەکجار گرینگ‌و خاڵی جێگای سەرنجە‌و، شوێنەواری باشی خۆی لەسەر بزووتنەوەی کوردستان ، لە هەموو قۆناغە مێژوویی‌یەکان داناوە.

باس کردن لە سەر هەموو دەستکەوتەکانی کۆماری کوردستان‌و، شوێنەواری باشی ئەم وەرچەرخانە مێژوویی‌یە، بێ گومان باسێکی زۆر هەڵ ‌دەگرێ‌و سەرەڕای هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ڕابردوودا کراون، کاری کۆڕێکی بە ئەزموون‌و شارەزایە‌و لەم چەند دێڕەدا ، تەنیا بە دەوری گەورەیی شەهید پێشەوا، لە بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان بە کورتی ئیشارە دەکەین.

کاتێک دامەزرێنەرانی "ک.ژ.ک" بە دروستی هەست بە پێگەی کۆمەڵایەتی‌و شارەزایی سیاسیی قازی محەممەد، دەکەن‌و بەو باوەڕە دەگەن کە دەبێ ڕێبەریی ئەم ڕێکخراوەی پێ بسپێرن، لە جەنابیان داوا دەکەن‌و ئەویش بە دڵفراوانی یەوە پلەی سکرتێریی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"قبووڵ دەکاو لەمە بە دواوە بیرو بۆچوونی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی پێشەوا، شوێنەواری خۆی لە سەر ئەم ڕێکخراوەو بزووتنەوەکانی کوردستان دادەنێ.پێشەوا قازی محەممەد، مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو شارەزا لە سیاسەت بووەو، ئەو هەڵوێست‌و ئاڵوگۆڕانەی کە لە "ک.ژ.ک"پێکی دێنێ، ئەم ڕاستیانە بە تەواوی وەدەردەخا.

لەو سەردەمەدا کە دەکرێ بگوترێ زیاتر لە ٩٠٪ی خەڵکی ئێران نەخوێندەوار بوون، پێشەوا چەند زمانی زیندووی زانیوە‌و خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورە‌و پڕ لە کتێب بووە. شەهید پێشەوا بە شێوەیەکی فەرمی پلەی قازیی شاری لە ئەستۆ بووەو پێوەندیی بەربڵاوی لە گەڵ چین‌و توێژی کۆمەڵ بەرقەرار کردوە. زۆر لە دۆستان‌و خزمە نزیکەکانی لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێران حزووریان هەبووەو بەم هۆیانەوە بە تەواوی شارەزای پێچو پەنای سیاسەتی ڕۆژی ئێران‌و جیهان بووە. لە کاتی پێویست دا، هەڵوێستی گونجاوی هەبووە. پێشەوای نەمر پاش قبووڵ کردنی ڕێبەرایەتیی "ک.ژ.ک"یەکەمین کارێک کە دەیکا ، نێوی کۆمەڵە دەگۆڕێ‌و هێندیک ئاڵوگۆڕیش لە پەیڕەوو پرۆگرامدا پێک دێنێ. بە گۆڕینی نێوو ئاڵوگۆڕی پێویست "ک.ژ.ک"وەک ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ، جێگای خۆی دەدا بە حیزبێکی دێموکراتی مۆدێرنی جێگای پەسەندی بیروڕای گشتی، هەم لە ڕادەی نێو خۆو هەم لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا. حیزبێک کە هەم بتوانێ بزووتنەوەی میللی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی بکاو هەم خاوەنی ئەو نێوەڕۆک‌و پرەنسیپە پێشکەوتنخوازانەیە بێ کە هێزو ڕێکخراوە جیهانی‌یەکان، لە لە پاشکۆ بوون ڕزگار کرد. ئەو ساڵانەو ساڵەکانی دواییش، ڕێبەرانی حیزبی تودە، کە بەهێزترین هێزی ئەو کاتەی ئێران بوون، تێ دەکۆشان خەباتی گەلی کوردستان‌و حیزبی دێموکرات بکەنە پاشکوی خەباتی سەراسەری‌و ویست‌و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان تا ڕادەی هێندێک ویست‌و داواکاریی ناوچەیی بەر تەسک بکەنەوە. لە پارچەکانی دیکەش ئەم هەڵوێستانە لە لایەن هێزە سیاسی یەکانی میللەتانی حاکمەوە هەموو کاتێک لە ئارا دابووە. بەڵام پەیامی کۆماری کوردستان ئەوە بوو کە کوردستان سەرزەوی یەکی یەکگرتووی سەربەخۆی فەرهەنگی - سیاسی یە. ئەم پەیامە لە دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا سنوورێکی ڕوون‌و ئەرکێکی دیاریکراوی لە بەردەم تێکۆشەرانی ڕزگاریی کوردستان دا داناوە. سنوورێک کە سەرەڕای پابەندبوونی گەلی کورد بە ژیانی



ڕیزی خۆیان‌و لە نێو بەرەی دێموکراسی‌و دژی فاشیزم دا وەری گرن .بێ گومان "حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە هەر دوو گورەپانەکەدا، خاوەنی ئیعتیباری زیاتر بووە.

لایەنێکی دیکە کە بیروڕای بێ وێنەی پێشەوا شوێنەواری هەتا هەتایی لە سەر داناوە، سەربەخۆیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان بووە. کاتێک ڕێبەرایەتیی کوردو ئازەربایجان بۆ سۆڤیەت بانگ دەکرێن‌و سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمارێک بۆ ئازەربایجان کە کوردستان دەبێ بەشێک لەو کۆمارە بێ، باس دەکەن پێشەوا ڕازی نابێ‌و بە توندی ئەو پێشنیارە ڕەد دەکاتەوەو پاش وتووێژێکی زۆر دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەسەلمێنێ. ئەم هەڵوێستەی پێشەوای نەمر، بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی وەک بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی میللەتێکی سەربەخۆ ،بۆ هەمیشە بە جیهان ناساند. لە هەمووی گرینگ تر بۆ یەکەمین جار ئەم ناساندنە، پشتیوانی‌و بە فەرمی ناسینی یەکێک لەو دوو هێزەی ئەوە کاتەی جیهان، واتە یەکیەتیی سۆڤیەتی لەگەڵدابوو. دامەزراندنی کۆمار، خەباتی خەڵکی کوردستانی تەنانەت لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران ئاشتیخوازانە لەگەڵ گەلانی ناوچەکە، هێشتا پڕڕەنگ‌و سەربەخۆیی بزووتنەوەی کوردستان زەمانەت دەکا.

یەکێکی دیکە لە لایەنەکانی کەسایەتیی شەهید پێشەوا کە ڕەنگدانەوەی لە سەر خەباتی کوردستان هەبووە، ڕاوەستان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک‌و بەجێ نەهێشتنی ئەوان لە بەرامبەر دوژمن دا بووە. کاتێک پیلانی دوژمن سەر دەگرێ کۆمار تووشی شکست دێ، هەم کاربەدەستانی سۆڤیەت، هەم ڕێبەرانی ئازەربایجان کەخۆیان هەڵدێن ، داوا لە شەهید پێشەوا دەکەن کە بچێتە سۆڤیەت. نەمر بارزانی داوا دەکا کە پێشەوا وڵات بە جێ بهێڵی‌و بەڵێن دەدا کە پێشمەرگەکانی ئەو بە باشی بیپارێزن. تەنانەت باس لەوە دەکەن کە دەوڵەتی عێراق کە لە ژێر دەسەڵاتی بریتانیایی‌یەکان‌دا دەبێ، حازرە کە پێشەوا لە نێو خاکی خۆی دا قبووڵ بکا.بەڵام پێشەوای خەڵک بڕیار دەدا کە لەگەڵ خەڵکەکەی دا بمێنێتەوەو ئەوان بەجێ ناهێڵێ. بە پێچەوانەی درۆو دەلەسەی هێندێک خەڵکی ناحەز، مانەوەی پێشەوا، باوەڕ کردن بە بەڵێنەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە شەهید پێشەوا دەیزانی کە لە نەبوونی ئەودا پیاوانی شا دەست دەدەنە تۆڵە ئەستاندنەوەو دەبێ لە گەڵ خەڵکی شار بمێنێتەوە. ئەرتەشی شا بە ناو بۆ ڕزگاریی خەڵک هاتبوو لە تەورێز دەستیان دابووە جینایەتی سامناک‌و هەزاران کەس خەڵکی بێ تاوانی ئەو شارەیان کوشتبوو. سەرچاوەیەکی مێژوویی دەڵێ سەربازانی ئەرتەشی شاهەنشاهی یەکێک لە ڕێبەرانی فیرقەی ئازەربایجانیان کە ژن بوو، گرتبووو لە یەکێک لە شەقامە سەرەکی‌یەکانی شار بەستبوویانەوە بۆ ئەوەی سەربازەکان دەستدرێژی بکەنەسەر. هۆی ئەسڵیی تووڕەیی فەرماندە جینایەتکارەکانی ئەرتەشی شا ئەوە بوو کە ڕێبەرانی سیاسیی فیرقەو فەرماندەی فیدایی‌یەکانی ئازەربایجان هەڵاتبوون‌و ئەرتەشی شا ڕق‌و کینەی خۆی بە سەر خەڵکی بێ تاوان‌وبە جێماو دا دەرژاند. پێشەوا قازی محەممەد بە باشی دەیزانی ئەگەرئەو هەڵ بێت، چارەنووسێکی وەک خەڵکی بێ تاوانی ئازەر بایجان چاوەڕێی خەڵکی کوردستانیش دەکاو ئەرتەشی شا دەست دەداتە کوشتاری خەڵک. پێشەوا بۆ پاراستنی گەلەکەی پەتی سێدارەی هەڵ بژاردو بە بەخت کردنی گیانی خۆی لە ڕاستی‌دا جارێکی دی لە دایک بوو، لە دایک بوونێکی ئەوتۆ کە مردنی بۆ نیەو لە زەین‌و بیری گەلی کورد دا ژیانێکی ئەبەدی و هەتاهەتایی بۆخۆی دابین کردوە.

پێشەوا لە نێو خەڵکی مەهاباد دا تەنیا لایەنی چیرۆکی خوێناویی داستانی کۆماری کوردان نیە بەڵکوو مانەوەی شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەکانی کۆمار بە ڕێبەریی بارزانیی نەمر دژ بە سپای ئێران، سەرەڕای چاوەدێریی ڕاستەوخۆی شا، لایەنێکی گەشی دیکەی چیرۆکی پڕ لە شانازیی دامەزرێنەرانی ئەم کۆمارە ساوایە بوو. پێشمەرگەکانی بارزانی لە "مەهابادی خوێناوی تا لێوارەکانی ئەرەس" حەماسەیان خوڵقاندو بەم شێوەیە هەم مانەوە لەگەڵ خەڵک‌و هەم ڕاوەستان بەرامبەر بە دوژمنیان کردە سوننەتێکی لە بیر نەچووی هەموو بزووتنەوەکانی پاش خۆیان . لەسەرەتای ئەم نووسراوەیە ئیشارە بەوە کراوە کە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەنگدانەوەی هەڵوێستەکانی پێشەوای نەمری کوردستان لە سەر ژیانی سیاسیی گەلی کورد، دەبێ کۆڕێکی بەر فراوان لە کارناسان ئەم کارە گرینگە بە ئەنجام بگەیەنن. بۆیە ئەم چەند دێڕە تەنیا ئاماژەی بە چەند دڵۆپ لە دەریای ئەم ڕەنگدانەوەیە کردوە.



فەیسەل ئیراندووست

پاشماوەی

پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان،

## بە بۆنەی ٦١ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە

بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ژن ناڕەوایەو تەواوی بڕگەو بەندەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی دژایەتیی لەگەڵ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ هەیە کە لە بەندی ٣ی ئەو بەیاننامەیەدا هاتوە: مافی ژیان، ئازادی، ئەمنییەتی شەخسی بۆ هەموو کەسەو دەبێ ئەو مافانە لەلایەن قانوونەوە پشتیوانیان لێ بکرێ. بەڵام "قانون مدنی"ی ئێران کە ڕێکخەری ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانە لە نێو کۆمەڵگادا، لەلایەک پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ ڕێک دەخاو لەلایەکی دیکە پێوەندیی تاکەکان و دەسەڵات دەست نیشان دەکات پڕە لە دژایەتی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو هەر بە پێی بڕگەو مادەکانی ئەو قانوونە ژیانو ئازادی‌و ئەمنییەتی شەخسی پێشێل دەکرێ.

بەو حاڵەش ژنانی ئازادو تێگەیشتووی ئێران بە گشتی‌و ژنانی کوردستان بەتایبەتی لە هەوڵ‌و تێکۆشان ڕانەوەستاون‌و هەر ئەو کۆڵنەدانەی ژنان بۆتە هۆی ئەوە کە لە زۆر بوار دا بوونی خۆیان دەربخەن. ئەوە لە لایەک‌و لە لایەکی دیکە مەسەلەی نەتەوایەتی کە بۆ ژنانی کوردستان مەسەلەیەکی گرینگ‌و چارەنووس سازە، بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوو دەهەی ڕابردوودا گۆڕانی خێراو چاوەڕوان نەکراوی بەسەر دا هاتوە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانە چۆتە دەرێ کە کوردیان بەسەر دا دابەش کراوەو ئیدی داگیرکەرانی کوردستان چیدیکە لە ژێر ناوو بیانووی جۆراوجۆر ناتوانن نکوولی لە بوونی کوردو کوردستان بکەن، بە تایبەت کورد لە باشووری کوردستان ئێستا لە چەقی ئاڵوگۆڕەکان دا جێی گرتوەو بە تێپەڕکردنی چەندین قۆناغی سەخت‌و دژوار ئێستا بەشێکە لە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەو شەریکە لە ئیدارە کردنی عێراقدا.

ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر سیستمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچە بووە، بوونە هۆی خوڵقاندنی تاڕادەیەکی بەرچاو ئازادی‌و دێموکراسی کە ژنانیش توانیویانە لەو مەیدانەدا چالاک بن‌و مەسەلەکەیان نەتەنیا لە ناوچەکەدا بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان دا بە گەرمی باسی لێوە دەکرێ‌و ژنانی جیهان بە نیسبەت پێشکەوتوویی وڵاتەکەیان بە مافەڕەواکانی خۆیان گەیشتوون‌و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر نەخش‌و ڕۆڵی ژنان لە وەئەستۆ گرتنی ئەرک‌و بەرپرسایەتیی ئیدارە کردنی وڵاتان دا خۆ نیشان دەدا.

لەو موناسەبەتەدا حەز دەکەم ئیشارە بە بڕواو بۆچوونەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ ئازادی‌یەکانی ژنان‌و مافەکانیان لە کۆمەڵ دا بکەم. حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە باوەڕی وابووە کە کۆمەڵگا لە دووبەشی سەرەکی واتە ژنان‌و پیاوان پێک دێ‌و هەردوولا مافی بەرامبەریان هەیەو ناتوانرێ ماف لە هیچ لایەک بە قازانجی ئەوی دیکە زەوت بکرێ. ئەو بۆچوونە تەنیا لە قسەدا نەبووە بەڵکە هاتۆتە نێو بەڵگەنامە ڕەسمی‌یەکانی حیزب‌و کاتێک لە بەرنامەی حیزب دا باس لە مافەکانی دانیشتوانی کوردستان دەکرێ لە بەندێک دا بە ڕوونی دەڵێت: "ژن‌و پیاو لە نێو کۆمەڵ‌و خێزان دا مافی وەک یەکیان هەیەو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن". حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هێڵە گشتی‌یەکان‌دا وەک باوەڕێک هێناویەتی کە لە ماوەی ڕابردوودا ژن لە بەڕێوەبردنی کاری حیزبی دا نەخشی کەمی پێ دراوەو ئەگەر پێی درابێ کەم‌و ناتەواوەو بۆ چارەسەریی ئەم کەموکورتییە بە پێویستی دەزانین کە مکانیزمێک دابنرێ‌و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە ڕەدە جۆراوجۆرەکانی ڕێبەری دا مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا. بەو مەبەستە کە لە وزەو توانای زیاتری ژنان بۆ پێشخستنی جووڵانەوەی حەق خوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلک وەربگیرێ‌و هەروەها ژنان بتوانن لە مەودایەکی بەرین تردا دیفاع لە مافەکانی خۆیان بکەن.

لە کۆتایی دا لەگەڵ دووپات کردنەوەی پیرۆزبایی ٢٤ی ڕەشەممە ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکرات هیواداری دەردەبڕین کە ژنان هەروا بە ورەو تێکۆشەر بن لە ڕێی ئامانجەکانی گەل‌و دەستەبەر کردنی مافەکانی خۆیان، کە لەو ڕێگایەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان یارو پشتیوانیانە.

سڵاو لەو ژنانە کە شان بەشانی پیاوان خەباتیان کرد بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی.

سڵاو لەو ژنانە کە بوونە مۆمی ئازادیی‌و خۆیان‌و ژیانیان سووتاند هەتا گەل‌و نیشتمان لە ڕووناکی دا بژی.

سڵاو لە ئازایەتی‌و خۆڕاگریی هەموو ئەو ژنانە کە لە ماوەی ٦١ ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی حیزبی دیموکرات ژیاون‌و لە کاتی تەنگانەدا پێشمەرگە بوون‌و لە کاتی ئاسایی دا دایک‌و دڵسۆزی پێشمەرگە بوون.

# گرینگیی ژیۆپۆلێتیك و ژیۆستراتژیکی کوردستان له‌ پێوه‌ندییه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کان دا

د.ئه‌سعه‌د ڕه‌شیدی (دوکتورای پێوه‌ندیی نێونه‌ته‌وه‌یی)

٢-٢

و. بۆ کوردی: عه‌ولا به‌هرامی

## به‌شه‌ جیاوازه‌کانی سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی ولاته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا له‌ کوردستان دا

پێشینه‌ی سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی واشینگتۆن سه‌باره‌ت به‌ مافی نه‌ته‌وه‌کان له‌ هه‌ڵبژاردنی شێوازی ژیان دا، له‌ لایه‌ن ویلسۆن سه‌رۆك کۆماری ئه‌مریکا له‌ کۆتایی شه‌ڕی جیهانی یه‌که‌م له‌ ساڵی ١٩٢٠دا له‌ چوارده‌ مادده‌ دا بلاو کرایه‌وه‌. له‌ مادده‌ی دوازده‌ دا باس له‌ " نه‌ته‌وه‌ ژێرده‌سته‌کانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی" کرابوو، که‌ بریتیه‌ له‌ کورده‌کان و ئه‌رمه‌نییه‌کان.

گۆڕانکارییه‌ سیاسی‌و ئابوورییه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست و ئه‌و دژایه‌تییانه‌ی له‌ دوو جه‌مسه‌ریبوونی جیهان سه‌رچاوه‌یان گرت، تورکیه‌ی ده‌کرده‌ پێگه‌یه‌کی دڵنیاو پشتپێبه‌ستراو له‌ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ئه‌مریکا و ڕۆژئاوا له‌گه‌ڵ سۆڤیه‌ت دا و له‌ ڕوانگه‌ی ئه‌مریکا و ڕۆژئاواوه‌ ئالۆزی له‌ سیاسه‌تی نێوخۆیی و ده‌ره‌کی تورکیه‌دا زیانی به‌ به‌ره‌ی دژه‌ سۆڤیه‌ت ده‌گه‌یاند. هه‌ر بۆیه‌ ئه‌مریکا و ڕۆژئاوا پشتگیرییان له‌ بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کورد له‌ تورکیه‌ نه‌کرد. لکاندنی هه‌رێمی موسڵ له‌ لایه‌ن بریتانیاوه‌ به‌ ولاتی تازه‌ دامه‌زراوی عێراقه‌وه‌ له‌ نیوه‌ی یه‌که‌می سه‌ده‌ی بیسته‌م دا که‌ به‌ ڕه‌زامه‌ندیی ئه‌مریکا به‌ڕێوه‌چوو، که‌ به‌شێکی به‌رچاوی داهاتی نه‌وتی شاری که‌رکووك له‌ به‌رانبه‌ر ڕه‌زامه‌ندیی کۆشکی سپی دا به‌م ولاته‌ درا. ده‌وڵه‌ته‌کانی دواتری ئه‌مریکا له‌ پێکهێنانی په‌یماننامه‌ی ناوچه‌یی سه‌عدئاباد و به‌غدا، که‌ له‌ چوارچێوه‌ی شه‌ڕی سارددا هه‌ڵ ده‌سه‌نگێندرێن، ده‌ورێکی به‌رچاویان هه‌بووه‌. ئامانجی سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی هه‌ر کام له‌ به‌شدارانی ئه‌و په‌یماننامانه‌ هاوکاریی‌و هه‌ڵوێستی هاوبه‌ش بوو به‌ مه‌به‌ستی سه‌رکوتی هه‌ر چه‌شنه‌ بزووتنه‌وه‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی به‌تایبه‌ت له‌ کوردستان.

په‌یمانی ئه‌لجه‌زایر له‌ ساڵی ١٩٧٥دا ڕاپه‌ڕینی چه‌کدارانه‌ی کورده‌کانی باشوور (عێراق)ی تووشی شکست کردو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌مریکا و ڕێژیمی شاهه‌نشاهیی ئێرانی له‌ ناوچه‌دا دابین کرد. فشار بۆ سه‌ر بلۆکی ڕۆژهه‌ڵات که‌ ده‌وڵه‌تی ئه‌لبه‌کر - سه‌ددام حوسێن له‌ عێراق هێمایه‌کی بێقه‌واره‌و ناشیرینی ئه‌وی ده‌رخست به‌ که‌ڵك وه‌رگرتن‌و پشتیوانیی ڕواڵه‌تی له‌ بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کورده‌کان کامڵ بووو بواری بۆ تێکشکاندنی ئه‌و خۆش کرد.

ڕووداوه‌ داخهێنه‌ره‌کانی ساڵه‌کانی ١٩٨٧- ١٩٨٨ که‌ له‌وان دا سه‌دان هه‌زار کورد به‌ ده‌ستی ڕێژیمی سه‌ددام حوسێن کۆمه‌ڵکوژ کران په‌رچه‌کردارێکی شیاوی کۆمه‌ڵگه‌ی "پێشکه‌وتوو"ی جیهانی‌و ئه‌مریکای به‌دواوه‌ نه‌بوو. له‌ شه‌ڕی ١٩٩١ی که‌نداوی فارس دا سه‌ره‌ڕای ڕاگه‌یاندنی پشتیوانیی سه‌رۆك کۆماری ئه‌مریکا له‌ ڕاپه‌ڕینی کورده‌کان‌و شیعه‌کان، ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا ده‌رهه‌ق به‌ کوشتارو ئاواره‌یی میلیۆنان کورد دووره‌په‌رێز مایه‌وه‌و ده‌ستی له‌سه‌ر ده‌ست دانا. ئه‌م پێشینه‌ تاریك‌و تاڵه‌ی سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی ولاته‌ یه‌کگرتووه‌کان سه‌باره‌ت به‌ پرسی کورده‌کان له‌ سه‌ره‌تاوه‌ تا ده‌یه‌ی کۆتایی سه‌ده‌ی بیسته‌م نیشان ده‌دا.

## پێداچوونه‌وه‌ به‌ سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی ئه‌مریکا سه‌باره‌ت به‌ کوردستان

کارکردی گۆڕانکارییه‌ جیهانییه‌کان له‌ کۆتایی ده‌یه‌ی هه‌شتای زایینی دا که‌ به‌ جێگۆڕکێ‌و ده‌ستاوده‌ست بوونی هاوسه‌نگیی هێز له‌ جیهان داو به‌ تایبه‌ت به‌ له‌به‌ریه‌کهه‌ڵوه‌شانی سۆڤیه‌تی پێشوو گه‌یشته‌ چڵه‌پۆپه‌ی خۆی، سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی ولاته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا که‌ به‌ تایبه‌ت له‌ پرۆژه‌ی "نه‌زمی نوێ"ی جیهانی دا ڕه‌نگی دابۆوه‌ تووشی گۆڕانێکی قووڵ کرد. داڕشتنی گه‌ڵاڵه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستی گه‌وره‌ که‌ ئه‌مریکا له‌و دا باس له‌ په‌ره‌پێدانی "دیموکراسی" له‌ ولاتانی توتالیتاریستیی ناوچه‌ ده‌کا، ڕوانگه‌کانی کۆشکی سپی سه‌باره‌ت به‌ کۆی سیاسه‌ته‌کانی قۆناغی شه‌ڕی سارد گۆڕی‌و ده‌وری ولاتانی تورکیه‌و عه‌ره‌بستانی سعوودی (هاوپه‌یمانه‌ گه‌وره‌کانی ئه‌مریکا)ی له‌ ناوچه‌دا لاواز کرد. هه‌ر له‌م گۆشه‌نیگایه‌وه‌ ئه‌و هاوکاریی‌و پشتگیرییه‌ی له‌ چواچێوه‌ی ستراتیژیی نوێی ئه‌مریکا دا له‌ بزووتنه‌وه‌ی کوردستانی باشوور ده‌کرێ‌و وه‌ك هاوپه‌یمانێکی متمانه‌پێکراو له‌ قه‌یرانی عێراق دا چاوی لێده‌کرێ گرینگییه‌کی تایبه‌تی هه‌یه‌.

له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ لاواز کرانی ڕێژیمی سه‌ددام حوسێن له‌ عێراق له‌ لایه‌ن ئه‌مریکاو بریتانیاوه‌، که‌ به‌ سنووردار کردنی فڕینی فڕۆکه‌کانی ڕێژیمی عێراق له‌ ئاسمانی کوردستان و هه‌روه‌ها فشاره‌ سیاسی‌و ئابوورییه‌کان کامڵ ده‌بوو گیانی خه‌باتکارانه‌ی کورده‌کانی به‌هێز ده‌کردو ڕوانگه‌ی حیزبه‌ به‌ ئه‌زموونه‌کانی گۆڕه‌پانی سیاسیی کوردستانی ده‌گۆڕی.

### ستراتیژیی نوێ له‌ بزووتنه‌وه‌ی کورد دا

ڕێککه‌وتننامه‌ی ئه‌لجه‌زایر که‌ شکستی کاتیی خه‌باتکارانی باشووری کوردستانی پشتڕاست ده‌کرده‌وه‌، زه‌برێکی قورس‌و به‌هێز بوو که‌ بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کوردی چ له‌ هه‌ناوه‌وه‌و چ له‌ ده‌ره‌وه‌ به‌توندی ڕاتڵه‌کاندو بواری بۆ پێداچوونه‌وه‌ به‌ قووڵایی مێژووی خه‌باتی کورده‌کان چ له‌ شکڵ‌و چ له‌ نێوه‌ڕۆك دا به‌ چه‌شنێکی جیددی له‌ نێو به‌شه‌ وشیاره‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی ڕووناکبیریی کوردستان دا خۆش کرد. بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد که‌ له‌گه‌ڵ به‌که‌م گیران‌و له‌به‌رچاو نه‌گیرانی داخوازه‌ نه‌ته‌وه‌یی‌و مێژووییه‌کانی کورده‌کان له‌ سه‌د ساڵی ڕابردوودا به‌ره‌وڕوو ببوو، به‌ که‌ڵك وه‌رگرتن له‌ هه‌لومه‌رجی هه‌ستیارو گۆڕانی هاوسه‌نگیی هێز له‌ ناوچه‌و جیهان داو فه‌زای کراوه‌ی سه‌رچاوه‌ گرتوو له‌ نه‌بوونی ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندی له‌ عێراق‌و پشتیوانیی بیروڕای پێشکه‌وتووانه‌و مرۆڤدۆستانه‌ی جیهانی‌و هاوکاریی ولاتانی ڕۆژئاوایی به‌ تایبه‌ت ئه‌مریکا توانی له‌ به‌شێك له‌ کوردستان (باشوور) سه‌قامگیر بێ.

ئه‌م گۆڕانگارییانه‌ له‌ فۆرم‌دا ڕوویان نه‌ده‌دا، به‌ڵکوو ستراتیژیی بزووتنه‌وه‌شی له‌ هه‌ناوه‌وه‌ تووشی گۆڕانی قووڵ کردو نێوه‌ڕۆکی سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی بزووتنه‌وه‌ی که‌ به‌شێوازێکی نه‌ریتی له‌ سه‌ر بنه‌ماکان‌و ڕوانگه‌ چه‌پگه‌رایانه‌کان دامه‌زرابوو به‌شێوه‌یه‌کی له‌سه‌رخۆ خسته‌ به‌ر پێداچوونه‌وه‌.

"سۆڤیه‌ت بزووتنه‌وه‌ی کورده‌کانی به‌ پاشه‌که‌وتی دژه‌ ئیمپریالیستی له‌ قه‌ڵه‌م ده‌دا" (٧)

وه‌ره‌س بوون‌و بێ هیوایی مێژوویی له‌ ڕوانگه‌کانی چه‌پ، که‌ له‌ سیمای سۆڤیه‌تی پێشوودا ڕه‌نگی دابۆوه‌، له‌ نیوه‌ی یه‌که‌می ده‌یه‌ی هه‌شتای زایینی‌یه‌وه‌ حیزبه‌ کوردییه‌کانی بۆ لای لایه‌نی سیاسیی دیکه‌ له‌ جیهان دا ڕاکێشا. مه‌یلی حیزبه‌ کوردییه‌کان (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پارتی دیموکرات‌و یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستانی عێراق) به‌ ئه‌ندامه‌تی له‌ [کۆمه‌ڵه‌ی] حیزبه‌ سوسیال دیموکراته‌کانی ئورووپا نیشانه‌یه‌کی ڕوونی پێداچوونه‌وه‌ به‌ بیرکردنه‌وه‌و ڕوانگه‌کانی ڕابردوو ده‌رده‌خا. پێداچوونه‌وه‌یه‌ك که‌ له‌ به‌رنامه‌کانی ئه‌م حیزبانه‌ دا به‌ گۆڕینی دروشمی خودموختاری به‌ فیدرالیسم کامڵ بوو، ده‌توانرێ وه‌ك نموونه‌یه‌کی به‌رچاوی هاتنه‌ ئارای لاگیرییه‌کی نوێ له‌ بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد له‌ قه‌ڵه‌م بدرێ.

ئه‌م بیره‌ نوێیه‌ی له‌ لاگیریی ستراتیژیکی بزووتنه‌وه‌دا [به‌دی ده‌کرێ] ده‌بێ له‌ پله‌ی یه‌که‌م دا به‌ چه‌ند فاکتۆری شوێندانه‌ر ببه‌ستینه‌وه‌. یه‌که‌م، سووڕانی خێرای گۆڕانکارییه‌ سیاسی - کۆمه‌لایه‌تییه‌کان له‌ جیهان‌و ناوچه‌ دا شۆڕشی ئیسلامی له‌ ئێران، شه‌ڕی ئێران‌و عێراق، گۆڕانکارییه‌ سیاسییه‌کانی ئه‌فغانستان، دروست بوونی که‌له‌به‌ر له‌ بنه‌ما سیاسی‌و تیۆریکیه‌کانی ڕێژیمی سۆڤیه‌ت‌و ولاتانی سوسیالیستی دا. دواتر کارکردی دانوستان‌و زانیاریی سیاسی‌و کولتووری له‌ ئاستی جیهان دا، که‌ به‌ شۆڕشی سه‌رسووڕهێنه‌ری تیکنۆلۆژیك شنه‌ بای ئازادیی له‌ ناوچه‌دا هێنابووو هه‌روه‌ها هۆکارێکی کۆمه‌لایه‌تیی گرنگی وه‌ك، جێگۆڕکێی چینایه‌تی له‌ ولاتانی دابه‌شکاری کوردستان دا، که‌ گیانێکی نوێی به‌ توێژه‌ نێونجییه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ ده‌دا. ئه‌مانه‌ هۆکاره‌ ماددییه‌کانی گۆڕانه‌ تیۆریك‌و سیاسییه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کوردستان بوون، که‌ داڕشتنی ستراتژییه‌کی نوێیان له‌ بزووتنه‌وه‌دا کرده‌یی کرد.

به‌ سه‌رنجدان به‌ زانیاریی ڕاستییه‌ مێژووییه‌کان، سه‌د ساڵی ڕابردووی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد ده‌توانرێ گرنگیی ژیۆپۆلێتیك‌و ژیۆستراتژیکی کوردستان له‌ پێوه‌ندییه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کان دا به‌م چه‌شنه‌ ڕیز بکه‌ین.

١ــ سیاسه‌تی ده‌ره‌کیی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تیی کورد له‌ پێوه‌ندییه‌ نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کان دا له‌سه‌ر هاوکاریی به‌ربلاوو به‌رین له‌گه‌ڵ ولاتانی به‌هێزی جیهان‌و له‌ پله‌ی یه‌که‌م دا له‌گه‌ڵ ولاته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکاو ولاتانی سنعه‌تیی ئورووپا دامه‌زراوه‌.

٢ــ ئامانجی گه‌وره‌ی خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یی کورد له‌ به‌شه‌ جۆراوجۆره‌کانی کوردستان (ئێران، سووریه‌و تورکیه‌) دامه‌زراندنی سیستمێکی فیدراتیوه‌ له‌ ڕێگای لاواز کردنی ده‌سه‌ڵاتی ناوه‌ندی (تورکیه‌)و ڕووخاندنی ڕێژیمه‌ توتالیتێره‌کان له‌ (ئێران‌و سووریه‌).

٣ــ ژیۆپۆلێتیکی کوردستان خاوه‌نی گرینگییه‌کی نکۆڵی لێنه‌کراوه‌ له‌ ناوچه‌و له‌ جیهان دا.

٤ــ هه‌ڵکه‌وتن له‌ دراوسێیه‌تیی چوار ولات به‌ پێوه‌رو متمانه‌ی دیاریکراوی نێونه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌و، فاکتۆره‌ به‌رچاوه‌کانی دیکه‌، که‌ ئاماژه‌یان پێ کرا، گرینگیی ژیۆستراتیژیکیی کوردستان بۆ سه‌قامگیری‌و ته‌ناهیی ناوچه‌ ده‌رده‌خه‌ن.

٥- بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کورد ڕاستییه‌کی نکۆڵی لێ نه‌کراوه‌. سه‌ره‌ڕای پێنه‌گه‌یشتوویی سیاسی له‌ ڕابردوودا، له‌م یان له‌و به‌ش له‌ خاکی دابه‌شکراوی کوردستان دا، پێشینه‌یه‌کی درێژه‌و له‌ خاك، مێژووو کولتوورو نه‌ریته‌ دێرینه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد دا هه‌یه‌و گه‌شه‌و بالاکردنی ڕۆژله‌ڕۆژ زیاتری ئه‌و پێوه‌ندیی به‌ خواستی هیچ نه‌ته‌وه‌و ولاتێکی دیکه‌وه‌، بێجگه‌ له‌ نه‌ته‌وه‌ی کورد نیه‌.

٦ــ مێژووی خه‌باتکارانه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد بۆ دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی له‌ هه‌رکام له‌ به‌شه‌کانی کوردستان قۆناخی ئالۆزی تێپه‌ڕ کردوه‌. نه‌بوونی ستراتیژیی دیاریکراو، نه‌بوونی دووره‌دیمه‌نی سیاسی‌و هۆکاری پێشگیرانه‌و نه‌رێنیی دیکه‌ له‌ قۆناخه‌ مێژووییه‌ جیاوازه‌کان دا، تا گه‌یشتن به‌ ستراتژیی هاوبه‌ش‌و دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تی فیدراڵ له‌ به‌شی باشووری کوردستان قۆناخ گه‌لێکی دژوارو پڕ گرفتن که‌ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی مێژووی سه‌دساڵه‌ی کوردستانن.

پێدراوی زۆرکه‌م سه‌باره‌ت به‌ کوردستانی سوور له‌ ده‌ست مێژوونووسان دایه‌. ده‌بێ به‌ڵگه‌و قه‌واڵه‌ی گرنگ ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تیی دامه‌زران‌و ڕووخانی کۆماری سوور له‌ ئارشیوه‌ ده‌ست لێ نه‌دراوه‌کانی ولاتی ئازه‌ربایجان‌و هه‌روه‌ها وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی سۆڤیه‌تی پێشوو هه‌بێ، که‌ ئه‌گه‌ر بلاو بکرێنه‌وه‌ ده‌توانن یارمه‌تی به‌ ڕوونبوونه‌وه‌ی هێندێك به‌شی مێژووی کورد بکه‌ن.




**په‌یمانی ئه‌لجه‌زایر له‌ ساڵی ١٩٧٥دا ڕاپه‌ڕینی چه‌کدارانه‌ی کورده‌کانی باشوور ( عێراق )ی تووشی شکست کردو به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانی ئه‌مریکا و ڕێژیمی شاهه‌نشاهیی ئێرانی له‌ ناوچه‌دا دابین کرد.**

**داڕشتنی گه‌ڵاڵه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاستی گه‌وره‌ که‌ ئه‌مریکا له‌و دا باس له‌ په‌ره‌پێدانی "دیموکراسی" له‌ ولاتانی توتالیتاریستیی ناوچه‌ ده‌کا، ڕوانگه‌کانی کۆشکی سپی سه‌باره‌ت به‌ کۆی سیاسه‌ته‌کانی قۆناغی شه‌ڕی سارد گۆڕی‌و ده‌وری ولاتانی تورکیه‌و عه‌ره‌بستانی سعوودی ( هاوپه‌یمانه‌ گه‌وره‌کانی ئه‌مریکا )ی له‌ ناوچه‌دا لاواز کرد**

سه‌رچاوه‌کان:

1-Лазарев.М.С.геополитическое значение Курдстан. Азы и Африка .M.2001.c.23
2. درک کینان، کردها وکردستان، ،ص121،ترجمه ابراهیم یونسی
3. رابرت اولسن،قیام شیخ سعید پیران،ترجمه ابراهیم یونسی،ص123
4. دیویدمک داول،تاریخ معاصرکرد،ترجمه ابراهیم یونسی، ص،703
Д.Кадыр. Освободительное Куридстане..5 Движение в на перекрестках истории и политики. M.1994.c17 Курдистане
6. هه فته نامه ی په یامی کورد،ژماره 75رێکه وی 10.2.2006
M..С.Курдистан Лазарев .7 на перекрестках истории и политики M .1994. 73 c

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### جەلیل رەحیمیان

مامۆستا هێمنی نەمر لە پێشەکیی " تاریك و روون" ( لە کوێوە بۆ کوێ)دا دەڵێ شاعیری بۆ من هیچ قازانجێکی نەبووبێ ئەوەندەی قازانج هەبووە کە ناوی دووروودرێژی " سەید محەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری"ی لە کۆڵ من کردۆتەوەو کردوومی بە " هێمن". ئۆگری بە شیعر و نووسین و کار لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیش دا، ئەگەر لە سەرێکەوە منی لەگەڵ ماندوویی و شەونخوونیی بەردەوام کردوە بە یەکماڵ، لە سەرێکی دیکەوە ئەو قازانجەی هەبووە کە کردوومی بە دۆستو ئاشنای کۆمەڵێك مرۆڤی خاوەن بەهرە. هێندێك لەو دۆستو ئاشنایانە ئێستا لە دنیای ئەدەبو نووسینو وەرگێران بە زمانی کوردی بوون بە ناوێکی دیار. زۆریشیان ئەگەرچی فریا نەکەوتن جێگای شیاوو ناوو ناوبانگی پێویست بۆ خۆیان لە مەیدانی ئەدەبو هونەردا بەدەست بێنن، بەڵام بە بەخشینی گیانیان لە پێناوی ئازادیو بەختیاریی نەتەوەکەیان دا توانیان ناوو یادی خۆیان لە دەفتەری نەمران دا تۆمار بکەن، شاعیری لاوی جوانەمەرگ جەلیل رەحیمیان یەك لەو کەسانەیە.

جەلیل کادرێکی بە بیروباوەڕی حیزب لە ناوچەی بۆکان بوو، کە ئۆگریو بەهرەو مایەیەکی زۆری کاری ئەدەبی و شاعیریی تێدا بوو. ئەو شێعرانەی بە نیازی بڵاوبوونەوە بۆ گۆڤاری " لاوان"ی دەناردن، بوون بە هۆی ئاشنا بوونمان. هێندێك لەو شیعرانەی لە گۆڤاری" لاوان"دا بڵاوبوونەوە، بریتین لە: شینو شەپۆر" کە پێم وایە یەکەم شیعریەتی لە " لاوان" (ژمارە ٤٠)دا بڵاوبۆوە. "فەلسەفەی ئێمە" لە ژمارەی ٤١ و " تەرمی پیرۆز" لە ژمارەی ٤٢دا. هەر لە ژمارەی ٤٢ی "لاوان"یش دا بوو کە هەواڵی بە فرمێسك نووسراوی شەهید بوونی ئەو و هاورێی خۆشەویستیی هەر دووکمان " ئەبووبەکر کانی رەشی"، لە ئاوایی "حوسێن مامە" ( ١٢ پووشپەڕی ١٣٧٠) م، بڵاوکردەوە. ئەو دوو کادرە بە بیروباوەڕو شۆرشگێڕو خۆشناوە کە لە زۆر گەشتی سیاسیو تەشکیلاتی لە قووڵایی ناوچەکانی کوردستانو بە تایبەتی ناوچەی بۆکان دا، پێکەوە بوون، دوایین هەناسەکانی ژیانیشیان لە پەنایەکترو لە نێو سووتمانو دووکەڵی ئەو ماڵەی تێیدا گەمارۆ درابوون هەڵکێشا. ئەوان ئامادە نەبوون خۆیان تەسلیمی ئە هێزە جینایەتکارە بکەن کە گەمارۆی دابوونو تا دوا فیشەكو دواهەناسە شەڕیان کرد. ئەبوو کانیە رەشییش دەستی نوسینی هەبوو. هەر دووکیان لە ژیانی خەڵکی بندەستی کوردستانو حەماسە خولقێنیی پێشمەرگەو هاوپێوەندیی خەڵكو پێشمەرگە ئیلهامیان وەردەگرت. شیعرەکانی جەلیلو پەخشانو چیرۆكو وتارەکانی ئەبوو کانیە رەشییش کە ژمارەیەکیان لە "لاوان"دا بڵاوبوونەوە، ئاوێنەی رەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خوێناویو پڕ لە فیداکاریی نیوەی دووهەمی دەیەی ٦٠ی هەتاوین.

دەفتەری شێعرەکانی شەهید جەلیل کە ئێستا لای نووسەری ئەم دێڕانەیە، نزیکەی ٣٠پارچە شێعرو پەخشانی تێدان. هەڵسەنگاندنی ئەم یادگارە بە نرخە دێڵمەوە بۆ شارەزایانی ئەم بوارەو ئارەزوو دەکەم رۆژێك لە رۆژان دەرەتانی ئەوەمان بۆ پێك بێ زۆر یادگاری لەم چەشنەی شەهیدەکانمان - با کەمو کووڕیشیان هەبێ - چاپو بڵاو بکەینەوە.

داوەریی شارەزایانو ئۆگرانی شێعر لەسەر بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە جوانەمەرگە هەر چۆنێك بێ، بۆ خۆی لە دووبەیتی‌یەك لە ژێر ناوی" بەرەو پێشچوون"دا دەڵێ:

نووسراوەکەی بەسرپێرێم ئیمرۆ جێی پێکەنینمە
بڵێی بگا بە کۆی مرۆڤ ئەو کات کە من خۆڵ ژێنمە.

نازانم تەرمەکەی ئەوو شەهید ئەبوو ئایا کەوتنەوە دەستی بنەماڵەکەیانو یا لە کوێ نێژراونو گڵکۆکەیان لە کوێیە، بەڵام دەزانم لای ئێمەی ناسیاو و هاوڕێو پەروەردەی یەك قوتابخانە، ناوو یادیان هەر زیندوویە. دڵنیاشم:

هرگز نمیرد آنکه دلش زنده شد به عشق
**ثبت** است بر جریده عالم دوام ما.



## بۆ گزینگ، کۆچە سوورەکەی و هەموو ئاواتەکانی



سیابةخت

**رێگا.......**
**بە کۆچی پەپوولەکان ڕاهاتوە!**
**بەس با هەور ،**
**تف لە نێو چاوانی ئەم شارە بکا !**
**ئادەی !بە گۆناکانی شار، بڵێن:**
**رێبوارێکی بەڕێوەیە لە باران!!!**
****
**ئاخۆ ؟ گزینگ!ماچە سوورەکانی زامی ،**
**سەر کراسە سپیەکەی بەیانی لە بیر ماوە !؟**
**ئاخە !!**
**لە کۆڵانەکەی ئێمە دا پەپولەکان !!**
**سەنگەریان بۆ ساز کردوە لە ئەوین !!**
***
**لێرە جریوە بارانی ماچە ،!!ها!**
**کراسێکی بدورە لە گڕ!!......**
**شار سەنگەرێکە لەبەردو!**
**ببورن!! دڵ هەیە لە بەردیش رەقتر !؟؟.....**
**ـ رێگا بەرهەمێکە لە کۆچ و !**
**کۆچ هەیە لە ئەمەش دوورتر !؟؟**
***
**ئەرێ هۆ! پەپولە ئاوارەکان:**
**تارایەك لەو جلە زێڕینانەو ،**
**بۆ شارەکەی من!**
**نادورن!!؟**
***
**ئاخە شێعر:**
**بۆتە ئایەتی گومانو !**
**خەیاڵیش باڵی هەڵفرین ناناسێ !!**
**تۆ: شارە دڵتەنگەکەی من!**
**ئاگات هەبوو پەپولەکان، زێروەشانی تۆیان دەکرد؟؟**
**لە پسانی دۆخینی زەماندا،**
**بە جەغزی تەنگی هەناسە قوونڕوتەکانی شەو پێدەکەنین ؟!!**
***
**ئاخۆ مەلاییك ! تاکەی نەشەی تریاکی هەڵەبجەن !؟؟**
**کارنامەی پاکی ئەم شارەی من نانووسنەوە!؟؟....**
***
**دەنگی پێ دێ و جریوەیە .!!**
**باوەڕت بە باڵی سپی پەپولەکان هەبێ!!**
**شەمێك ! هەڵکە لە سەر ڕێگە !**
**تا بەیانی درەنگ نیە !**
**بنو ..**
**بنو..**

---

## گوڵاڵە

رةوةند

**گوڵاڵە گوڵ نیە تەنیا، کە رابێیو بۆنی کەی جارجار، کە تێی رامێنی تێرو پڕ بە چاوی پڕ لە حەسرەت یان، سەرت سوڕمێنێ لەم دەریا خرۆشانەی هەموو مەوجێکی هەر ئیحساس، هەموو ئارامشی جوانی گوڵاڵە گوڵ نیە تەنیا، کە تۆ پێت وابێ ئەو هاتو پەیامی دا بە گشت لایێ "بەهار وا دێ لە پشت سەرما"، گوڵاڵە خۆی بەهارێکە، لە پێدەشتی غەریبی دڵ، سەراسەر سەوزەزارێکە، بەڵێ ئەو خۆی بەهارێکە، لە زستان دا سەری هەڵدا، تەزووی ساردی لە ناخی دڵ ئەوەندەی چاو هەتەر کاتو لەوەش زیاتر فڕێ هەڵدا.**

**گوڵاڵە شەونمی عەشقە، بە بێ شەونم تەڕایی نابێ چیمەنزار، پەڕەی گوڵ نادرەوشێ گەش، بزەو خەندە لە لێوی خونچەو گوڵدا کەسێ نابینێ جاروبار، گوڵاڵە خۆی بەهارێکە، ژیانێکە لە گۆشەی خەڵوەتی دڵدا، ئەگەرچی دەردو ژانێکە! لەرەی دەنگی لە گوێن قاسپەی کەوی کوێستان، نیشانەی بوونو مانێکە، سروودی وەلولەی عەشقە، لە گەرداوی نەهاتی‌دا، عەجایب بەختو هاتێکە.**

**گوڵاڵە هەر بە تەنیا گوڵ نیە، کە تۆ رابێیو بۆنی کەی، گوڵاڵە ژوانگەیی عەشقە، پەپوولەی عاشقی دەچنێ، گوڵاڵە هێندە سەنگینە، ئەوەندە سۆزی پڕ تینە، گەلێ جاران، لەسەر سینگو بەرۆکی دڵبەرو دڵدار بە ئەسپایی لەنگەر دەگرێ.**

**گوڵاڵە بۆ گەلێ ئینسان عەزیزو خۆشەویستو دڵگرە ئەمما، لە بۆ من دوو وشە زیاتر نیە چی بکەم، ئەوەندەی بیری شێواوم دەکا یاریم، لەوە بەو لاوە نازانم، گوڵاڵە بۆ منی شاعیر، بەتەنیا خاتەمی عەشقە.**

ژمارە: ٤٥٧ (١٦ی مارسی ٢٠٠٧)



# فەلسەفەی زمان

## "دوو فەلسەفەی ویتگێنشتاین"

### وتووێژ لەگەڵ: ئانتۆنی کوئین تێن براین مەگی

وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی

بەشی سێهەم

بەشێکی دیکە لە زمان کە وادەنوێنێ چییەتی وێنایی نەبێ ـ یان گریمان وێناییش بێ، روون نیە چ شتێك وێنا دەکاتەوە — بیاڤی گوتەزاگەلی لۆژیکی و ئەژمێرییە کە بێگومان راست و درووستن. هەروەك وتت ویتگێنشتاین لە بەر دەستی راسێل لۆژیکی دەخوێند و سەرچاوە و سەرووی ئەو بۆ نووسینی *ناميلكه*، کارێك بوو کە لەگەڵ راسێل لە لۆژیك دا ئەنجامی دابوو. لە بیرت نەچێ، ناوی کتێبەکەی، ***ناميلكەی لۆژیکی ـ فەلسەفییە***، واتە فەلسەفەی سەرووگرتوو لە گۆڕانکارییە نوێیەکان لە لۆژیك دا. راسێل نەزم و تەکووزییەکی گەورەی لە لۆژیك دا پێك هێنابوو. دوابەدوای فێرگە، بەڵگاندنی کردبوو کە لۆژیك و ئەژمێر نیزامی تێکسمڕاو و یەکەی پێکهێنابوو. دیارە ئەم بیرە زۆر قووڵ لە ناو ویتگێنشتاین دا کاریگەری دانا. ئەو دەیویست رۆچێتە ناویەوە. وادیارە دۆخی گوتەزاکانی لۆژیکی و ئەژمێر لەگەڵ گوتەزای وێناکەری راستیگەلێك کە جیهان لەواندا درووست دەبێ، تەواو جیاوازە. ویتگێنشتاین وێڕای قەبووڵکردنی ئەم بابەتە، روونکردنەوەیەکیشی بۆ هەبوو، بەو واتایە کە دەیگوت گوتەزا لۆژیکییەکان، هەمانگۆیی یان دووپاتبوونەوەی دیار[11]ن و گوتەزاگەلی ئەژمێری، هاوکێشە[12]ن. لە راستیدا هاوکێشە ئەو بڕیارە دەدا کە هاوواتای دیوێکی ئەو، شێوەیەکی دیکەیە بۆ گەیاندنی هەمان واتا و چەمکی دیوەکەی دیکە. هاوکێشە و هەمانگۆیی هیچ جۆرە زانیارییەکی ئاسمانی و سەرووپێدراوی نوێ سەبارەت بە جیهانمان پێ نادەن، تەنیا دەربڕ و بێژەری ئەم دیاردە راستی و واقعییەن کە ئەو دیاردەگەلە زۆرانەی باسیان دەکەین هێندە پێکەوە لە پێوەندیدان و لێك گرێدراون کە توخمی یەکیان نێوەڕۆکی توخمەکانی دیکەشە. کاتێك قەوارە و پێکهاتەی وێنایی و بنەمایی گوتەزایەك نێوەڕۆکی توخمی گوتەزاکانی دیکە بێ، گوتەزای دووهەم شوێنکەوتووی لۆژیکی گوتەزای یەکەمینە. ماقووڵ نیە یەکەمین درووست و دووهەمین هەڵە بێ کاتێك کە هەموو شتێکی دووهەمین لە ناو یەکەمین دا هەڵسەنگێندراو و راستکراوەتەوە. ویتگێنشتاین لە هێندێك بەشی ناميلكە دا ئەم بیرەی سەبارەت بە کۆمەڵێك لە بنچینە زۆر بنەڕەتییەکانی لۆژیك بە شێوەیەك پەروەردە کردووە کە نێوەڕۆکێکی شیاوی سەرنج بە تێزەکەی دەبەخشێ. ئەم تێزە تەواو ناوازە و بێ وێنە نەبوو، تەنانەت لە هیومیش دا شێوەیەکی دیکە لەو دەبینی. بەڵام سەبارەت بە ویتگێنشتاین شتەکە ئەوەبوو کە ئەو تایبەتمەندی هەمانگۆیی و دووپاتبوونەوەی تێگەیشتنی لۆژیکی و دواجار، یاساگەلی لۆژیکی کە بڕیاری ئەنجامگیری ئەمچەشنە ئەنجامانە دەگرێ، روون کردەوە.

خاڵێکی دیکەش شیاوی باسکردنە و ئەویش ئەو تیۆرییەیەتی کە سەبارەت بەو شتانەن کە نەگوتراون. بۆ ئەوەی زمان بتوانێ بەسوود بێ بۆ واتا و دەرۆستی وێناکردنی جیهان بێ، ویتگێنشتاین ئەو بە گەلێك مەرجەوە دەبەستێتەوە کە پێویستی بە مەجاز نەبوونی ئەوە بە هێندێك کار، بۆ وێنە ئاخاوتن سەبارەت بە بەهاکان، چونکە بەها بەشێکی لاوەکی و کەم نیە لە جیهان. کەوایە دادوەرییە ئەخلاقی و بەهادانانە ستاتیکاییەکان بە بەشێك لە کەڵك وەرگرتنە راستی و واتادارەکانی زمان نایەنە هەژماردن. ویتگێنشتاین هیچ شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەل لەمبارەوە ناخاتەڕوو کە ئەو دادوەری و بەهایانەی ناویان هات چین. سەرەڕای ئەوەش، بەو شێوەیە کە فەلسەفەی نەریتی و کۆن دەیهەوێ سەبارەت بە جیهان بدوێ لە دەرەوەی بازنەی دەرەتان و لوان دایە. تەنیا رێگای قسەکردن سەبارەت بە جیهان وێناکردنی راستیگەلێکی تایبەتە کە جیهان لەوان پێك دێ. لە هەموو شتێك سەیرتر ئەو تیۆرییەیە کە پێوەندی نێوان زمان و جیهان — واتە لە راستیدا پرسی بەراوردکردنی نێوان توخمەکانی زمان و توخمەکانی جیهان — ناکرێ وێنا بکرێ. ئەوەی کە گوتەزایەك جیهان وێنا بکا، پێوەندی بە دەروونی یان زاتی خودی گوتەزاکەوەیە. چونکە پێوەندی نێوان گوتەزاکان و جیهان شتێك نیە کە بتوانین لە دەرەوەی ئەو راوەستین، کەواتە، ناتوانین سەبارەت بەو هیچ قسەیەك بکەین. هەڵبەت پاڕادۆکس لێرەدایە کە خودی ویتگێنشتاین بە رێکەوت هەر ئەم کارەش ئەنجام دەدا. بەڵام ئەو ئامادەبوو ئەم پاڕادۆکسە قەبووڵ بکا، هەرچەندە لە کۆتایی کتێبەکەیدا زۆر بە راشکاوی و روونی ئەو کارەش دەکا و دەڵێ هەر کەس کە لە گوتەزاکانی من تێبگا، دەتوانێ دیاری بکا کە ئەو گوتەزایانە پوچ یان بێ واتان — کە هەڵبەت ئەوەش قسەیەکی ترسناکە — و دواتر بۆ ئەوەی هێندێك لەو قسە سەیرە دابشکێنێ، درێژەی پێ دەدا کە کەسێك کە لەو پەیژەی من درووستم کردووە بچێتە سەر، دوایە دەتوانێ بە لەقەیەك دووری بخاتەوە و بیخا.

**مەگی:** پێم وایە زۆر کەس بە لایانەوە سەیر دێت کە جەنابت دەفەرمووی، بە بڕوای ویتگێنشتاین، ئەژمێرو لۆژیك بە هیچ شێوەیەك ئاوێنەئاسا جیهان بەرپرچ نادەنەوە. هەرچییەك بێ، ئێمە کەڵك وەرگرتنی **پڕاکتیکی** یەکجار گەورە و سەرسوڕهێنەر لە ئەژمێر وەردەگرین: پرد و شەقام و ئاپاڕتمانی بەرز دروست دەکەین، فڕۆکەکان دەنێرینە ئاسمان و هەموو چەشنە کارێك دەکەین کە پێویستە لەواندا کەڵك لە ئەژمێر وەرگرین و گرینگ ئەوەیە کە **هەموو ئەم کارانە بە سەرکەوتووییەوە ئەنجام دەدەین**. چۆن دەکرێ ئەژمێر کە بە گشت ئەم هەوڵانەوە گرێدراوە، لەگەڵ جیهان یەك نەگرنەوە؟

**کوئین تێن:** ئەژمێر بۆ جیهان راستە و کارایی هەیە بە واتای ئەوە کە بڕیار بۆ یەکیەتی و نامۆیی واتای واتاکان دەدا. فلانە بەڵگاندنی ئالۆزی ئەژمێر دواجار بە پێداگری دووبارە لە سەر شتێك کۆتایی پێ دێ کە پێشتر، هەرچەند بە شێوەیەکی نادیار و داپۆشراویش بێ، لە پێشەکی یان بەرایی سەرەتایی یان گریمانەگەلێك کە سەرەتا و دەستپێکی کار بووە، ئەو بڕیارەی لە سەر دراوە. هەڵبەت ئەم شتە سوودێکی ژیانەکی هەیە چونکە زانیارییەکانی ئێمە هەمیشە لامان تەواو روون و دیار نین. کاری ئەژمێر و لۆژیك، خستنە بەردەستی کۆمەڵێك تێکنیکە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی کە ئەو شتانەی گوتوومانن بە شێوەیەکی دیکە بیانگۆڕین. بەڵام ئێستاش وەك نێوەڕۆك هەمان شت یان بەش لەو شتە کە دەیڵێین — بەڵام بە شێوەیەکی گۆڕدراوی ئەو شتەی لۆژیك و ئەژمێر ئیزنیان داوە پێی بگەین — کە لە گوتەزایەکەوە کە لەویەوە دەستمان پێ کردووە. ساناترین نموونە بێنە بەرچاو کە ٤= ٢+٢. ئەگەر من سەرەتا دوو سێو بنێمە باخەڵم و دوایە دوو سێوەی دیکەش، چوار سێوەم لە گیرفانە. ئەوە واتە دوو رێگای جیاوزی گوتنی ئەوە کە من چیم کردووە. بە بڕوای ویتگێنشتاین، تەنانەت ئاڵۆزترین پڕۆسەکانی ئەژمێر لە بنەڕەتدا هەر ئەم تایبەتمەندییەی هەیە" بەڵام هەمان ئاڵۆزی ئەو دەبێتە هۆی داپۆشراوبوونی و پۆڵینەکردنی ئاشکرای هەقیقەتە لۆژیکی و ئەژمێرییەکان بە کردەوە بۆ تۆپزێك دەگۆڕێ.

**مەگی:** کاتێك ویتگێنشتاین بەرەبەرە لە تەواوی ئەو فەلسەفەیە کە لە ناميلكەدا هاتبوو ناڕازی و بەگلەیی بوو، ناڕازیبوونی چ رەوتێکی بە خۆوە گرت؟

**کوئین تێن:** پێم وایە دەبێ سەرەتا هێندێك لەم بارەوە قسە بکەم کە ویتگێنشتاین لەم نێوەدا چی دەکرد. هەر خۆت پێشتر سەبارەت بە ژیان و کارەکانی بە شێوەیەکی کورت قسەت کرد: واتە ئەندازیارێك کە بۆ مەنچێستر سەفەری کرد و هۆگری چییەتی ئەژمێر بوو و نووسینەکانی راسێلی خوێندەوە و چووە کۆمبریج کە لەگەڵ راسێل کار بکا. ویتگێنشتاین لەم قۆناخەدا زۆر دوورە پەرێز بوو و لە چوارچێوەی بیرەکانی خۆیدا دەژیا و تەنیا لەگەڵ یەك دوو کەس بە (بە تایبەتی راسێل) قسەی دەکرد. فەلسەفەیەك کە لە ناميلكەدا دەیبینی فەلسەفەیەکی یەکجار تاکەکەسییە و لەم رووەوە، بە



ویتگێنشتاین

شێوەیەك ئەو شتەی گوتمان بەرپرچ دەداتەوە. هیچ هێمایەك لەودا نیە کە زمان ئامرازێکە بۆ پێوەندیگرتن و تێگەیشتن [لەگەڵ کەسانی دیکە]. زمان ئامرازێکە بۆ راپۆڕتدانەوە بە خود و بۆ وێناکردنە. بە هیچ شێوەیەك پێداگری لەسەر ئەوە ناکرێ کە ئامرازی ئالۆویرکردنە.

**مەگی:** هیچ گریمانەیەك لەو وەکوو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بوونی نیە.

**کوئین تێن:** هەروەك گوتم، هاوکات لەگەڵ تیۆرییە باسکراوەکان لە ناميلكەدا، ویتگێنشتاین پێی وابوو هەموو وڵامە دروستەکانی وەدەست هێناوە و، کەواتە، لە کۆڵ بابەتەکە کەوتەوە. چەند ساڵێك لە دەیەی ١٩٢٠دا بووە مامۆستای قوتابخانە" دوایە لە پەرستگایەك دا بووە باخەوان" دواتر یارمەتی خوشکێکی دا بۆ داڕشتنی خانووەکەی، و تاکوو پێش کۆتاییهاتنی ئەو دەیە نەگەڕایەوە بۆ فەلسەفە. هێندێکجار لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەوەی دوایە بە بازنەی ڤیەن[13] ناسرا گفتوگۆی دەکرد و لەم رێگایەوە جارێکی دیکە هۆگری فەلسەفە بۆوە. دووهەمین فەلسەفەی تەواو جیاوازی ویتگێنشتاین لەم قۆناخەدا دەستی بە بوژانەوە و گەشانەوە کرد. سەرەتا وادیار بوو کە ویتگێنشتاین سەبارەت بە راڤەی تایبەت لە بازنەی ڤیەن لە شیکردنەوەی ئەو سەبارەت بە توخمە بنەڕەتییەکانی زمان بۆچوونێکی گونجاو و لەباری هەیە. تێگەیشتنی ئەندامانی ڤیەن ئەوە بوو کە توخمە بنەڕەتییەکانی زمان زنجیرە راپۆرتێکن سەبارەت بەو ئەزموونانەی کە بۆ تاك پێك دێ، نەك تەنیا کۆمەڵێك ناوی شمەکە بەسیتەکان کە شێوەی گشتی و کۆی تایبەتییان بە خۆوە گرتبێ بێ هەموو چەشنە شیکردنەوەیەك سەبارەت بە چوونایەتی پێوەندی ئەو تەن و شمەکانە لەگەڵ هۆشیاری ئێمە. بەڵام، بە بڕوای من، دوورکەوتنەوەی ویتگێنشتاین لەو بابەتە هێندەی نەخایاند. لە بیرتان نەچێ ئەو لە ١٩٢٩ گەڕایەوە کۆمبیرج و تا دواتر لە شەڕی جیهانی دووهەم دا سەرقاڵی کارە جۆراوجۆرەکانی شەڕ بوو، هەر لەوێ مایەوە. لەم قۆناخەدا، فەلسەفەیەکی تەواو جیاوازی پێکهێنا کە ئیدی بنچینەی ئەبستراکت و دیار و روونی چاوەدێر بە سەر چییەتی زمانی تێدا نیە و زمان لەودا دیاردەیەکی مرۆڤانی و سرووشتی دێتە بەر چاو کە دەبینین لە هەموو شوێنێك و لە دەوروبەرمانە و بریتییە لە ریزێك لە کار و شێوەی ئاڵۆز و دەستێوەردانی مرۆڤایەتی کە لە زۆر رەهەند و سەرەوە هاوشێوەی یەکن و لە زۆر لایەنەوە لە یەکتری جیاوازن. یەکێك لە لایەنە بنەڕەتییەکانی ئەم فەلسەفەی دوایە، وێناکردنی زمان وەك دیاردەیەکی لە زات دا هەمووانی یان کۆمەڵایەتییە، واتە دیاردەیەك کە تەنیا بە مەرجێك شیاوی کاردانەوەیە کە ئەو رێسایانەی لە کەسێك زیاتر قەبووڵیان کردووە هەبن، بە شێوەیەك کە کاتێك کەسێك رێسایەك بۆ رێنوێنی کردنی خۆی لە ئاخاوتن و قسەکردن دا بە کار دێنێ، ئەو رێسایە بکەوێتە بەر دیدی کەسێکی دیکەی راستکەرەوە یان ئیدتۆری لە لایەن ئەویەوە.

**مەگی:** بە بڕوای من، هاسانترین رێگا بۆ چوونە ناو فەلسەفەی دواتری ویتگێنشتاین و دواتر بینینی جیاوازییەکانی ئەو لەگەڵ فەلسەفەکەی پێشووتری، سەرنجدان بە دوو زاراوەیە کە بە شێوەی متافۆریك لە بەرامبەر وشەی "واتا"دا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. لە فەلسەفەی پێشوودا، واتا بە پێوەندییەکی وێناکەر پێناسە دەکرێ، و لە فەلسەفەی دواتردا، بە کەڵك وەرگرتنی ئامرازێك. بە پێی فەلسەفەی دوایە، واتای هەموو قسەیەك، گشت ئەو کار پێکردنانەی وێدەچێ هەبن ئەوەیە، و هەروەك ئاماژەت پێکرد، هەر ئەمەش، ئەو لەگەڵ هەوڵەکانی مرۆڤایەتی و دواجار لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیان لێك گرێ دەدا. ئەم گۆڕانە لە میتافۆری وێنا بۆ میتافۆری ئامراز، خاوەنی چییەتی تەواو بنەڕەتییە و کۆمەڵێك گۆڕانکاریشی بەدوادا دێ. دەکرێ تکات لێبکەم هەر لێرەوە درێژە بە بەسەرهاتەکە بدەی؟

**کوئین تێن:** بەڵێ، پێم وایە باشترین رێی دەربڕینی ئەو شتەی کە لەگەڵی بەرەوڕووین، کەڵك وەرگرتن لە میتافۆرێکی دیکەی بەرهەمی هەڵسەنگاندنی هەمیشەیی کارایی و کەڵکی زمان لەگەڵ هەموو جۆرە یارییەکە کە بە شێوەی چاکسازی تێکنیکی زۆر هەستیاری "یاری زمانی"[14] لێ دێ و دەچێتە ناو فەلسەفەی دواترەوە.

**مەگی:** جا لێرەدا ئیزنم دەدەی وەك رستەیەکی ناڕازی عەرزت بکەم ئەم میتافۆرە، بە بڕوای من، زۆریش خراپ هەڵبژێردراوە؟ ویتگێنشتاین بە تێروتەسەلی باسی یارییەکانی زمانی و کەڵك وەرگرتن لە زمان وەك جۆرێك یاری دەدوێ. زۆرێك لە خەڵکی لەم راستییە ئەو ئەنجامەیان گرتووە کە ئەو هەموو قسەیەکی بە سەرسەری و هەوەسبازانە زانیوە، و لەویش بۆ تەئیدی ئەم پێشداوەرییە باوە لە دژی فەلسەفەی راڤە و شیکاری زمان کەڵکی لێوەرگیراوە کە "ئەمانە گشتیان کۆمەڵێك یاری کردن بە زاراوەکانن".

---



# دیوار

## ( بۆ ئەو ناوەستایانەی دیوار بە خواری هەڵدەچنن)

ن: رەسووڵ سوڵتانی

هەموومان کۆ بووینەوە بۆ ساغکردنەوەی دیوارەکە. پێشتر دە دوازدە جارمان نۆژەن کردبۆوە. کاکم خۆی پێ لە هەموومان وەستاتر بوو. دوو برای دیکەم کە لە من گەورەترو لە برا هەرە گەورەکەم کەم تەمەنتر بوون و من هەر بە ناو، بانگم دەکردن و پێم نەدەکوتن کاکە، هاتن. ئەوانیش پێیان وابوو نەك هەر لە کاکم بەڵکوو لە ئەندازیارو تەلارسازی هەموو جیهان دەست رەنگینترن. ئەمنیش قسەم هەبوو، بەڵام مافی قسە کردن...

کەرەسەی دیواردانان ئامادە کرا. لە جوانترین و نوێترین کەرەسەی رۆژ. بابم پێی وابوو دیواری ئەوجاری ماڵەکەمان دەبێ لە هەموو دیوارەکانی شار جوانتر و پتەوتر بێ. ئەوە ئاوات و ئارەزووی منیش بوو. براکانم پێیان وابوو ئەگەر ئەم دیوارە بە دڵی ئەوان دانەندرێ و ئەوان جێگای خشت و بەردو دەرگاکەی بۆ دیاری نەکەن، سەر ناگرێ. من هیچم نەدەکوت. چونکە تا دەهاتم قسە بکەم کاکم دەیگوت: بەردی بناغەی ئەو ماڵەم هەمووی بە شانوو پیل کێشاوە. بۆڵە بۆڵ هەتیوە، تازە دەمت لە شیر کردۆتەوە سەرت لە کەیخودایی دەخورێ. بابم پێی باش بوو لە ئەزموونی خەڵکی دیکەش کەڵك وەرگرین. کاکم هەموو کەسی پێ گەمژە بوو. پێموایە لەوە دەترسا ئەگەر کەسێکی شارەزا لەوێ بێ، بوونی ئەو کەمرەنگتر بێتەوە. بۆیە بەردەوام دەیگوت: کەس نابێ بۆڵە بۆڵ بکا. بۆڵە بۆڵ لە روانگەی کاکمەوە کە گاڵتەی بە هەموو ئەندازیارو لێزانێك دەهات، واتە: قسە کردن لەسەر چۆنیەتیی دانانەوەی دیوارەکە. پێی وابوو ئەو بۆڵە بۆڵو ورتە ورتە کارەکانمان لێ وەدرەنگی دەخا. نەیهێشت کەس قسان بکا. لە کاتی دانانەوەی دیوارەکەش دا پەلپی لێ گرتین کە دەبێ وردکە بەردەکانی نێو دیوارە کۆنەکە دەگەڵ ئەو خشت و کاشی و کەرەسانە داندرێن کە هێناومانن. ئێمە لەسەر دانانەوەی بەردە قایمەکان بۆ بناغەو هیمی دیوارەکە قسەمان نەبوو. بەڵام هیچمان پێمان باش نەبوو ئەو وردکە بەردانە تێکەڵاوی ئەو خشتە جوانانە بکرێن. ئەو دەیگوت دواتر قسە بکەن، ئێستا نا. ئەگەر دامانڕشتەوەو خراپ دەرهات، جا قسەی لەسەر بکەن. ئێستا وەختی کارە وەختی قسە نییە. دەستمان لە بەردی بناغەی نەدا، بەڵام کاکم بە لاساری ئەوەندەی وردکە بەردو گڵمتك و بەردی ناڕێك خستە نێو ریزی خشت و ئاجوورەکانەوە، هەر مەپرسە. بابم لە داخان شێت بوو. یانی خەریك بوو شێت بێ. ئەو دیوارەی کە دەمانویست لە هەموو دیوارەکانی شار جوانتر بێ، تەنیا کاکم پێی جوان بوو. سێ رۆژی پێ نەچوو، لە چوار جێگاوە زگی دا. ئێوارەیەك کە هاتمەوە، بەر سەر بابم و هەر سێ براکەم دا رووخابوو.

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

## کۆنگرەی ١٣ دەرفەتێك بۆ تۆڵەئەستاندنەوە

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٣٧٥ دا حەسەنزادە هەوڵی یەکخستنەوەی دوو باڵەکەی حیزبی دێموکراتو گەڕانەوەی ئەو بەشە لە بەئەزموونترین کادرەکانی بۆ نێو ریزەکانی حیزب دا، بەشێك لە کادرە پلە ٢و٣یەکانی حیزب کە ئەو حەرەکەتەیان بە کۆسپێك لەسەر ڕێگەی خۆیان بۆ گەیشتن بە کورسییەکانی ڕێبەرایەتی دەزانی، هەر لەم کاتەش دا ژمارەی ئەمانە کەم بووو هەروەها زاڵبوونی بیری یەکیەتیخوازی بە سەر کەشوهەوای حیزبو لایەنگرانی حیزب لە کوردستان دا ڕێگەی پێ نەدان بە ئاشکرا دژایەتی لەگەڵ ئەم یەکیەتییەو تێکەڵبوونەوەیە بکەن. بەجۆرێك کە لە کۆنگرەی دەیەم دا سەرەڕای دژایەتیی توند بەڵام نهێنیی بەر لە کۆنگرە تەنیا سێ دەنگی موخالیف بەو حەرەکەتە درا.

بەڵام ئەم ژمارەیە بێدەنگ دانەنیشتنو بە شێوەی نهێنی دەستیان بە تەبلیغاتی نهێنی کرد لە دژی عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەك میعماری یەکیەتیی حیزبو ئەم هەنگاوەی ئەویان بە دوو جۆر لێك دەدایەوە، یەکەم: حەسەن زادە بەمەبەستی مسۆگەرکردنی پۆستی خۆی وەك سکرتێری گشتی دەستی بۆ ئەم کارە برد. دووەم: حەسەن زادە خیانەتی بە ڕێبەرانی شەهید کردووە و کەسانێکی هێناوەتەوە نێو باوەشی حیزبەوە کە وەختی خۆی لە حیزب جیابوونەتەوە.

ئەم تەبلیغاتە تا ئێستاش درێژەی هەیە. هەروەك شاهۆ حوسێنی لە ئورووپا پاش لەتبوونی حیزب لە وتووێژێك لەگەڵ Tishk tv دا دانی بەوە دانا کە ئەوو هاوبیرەکانی هەر لەسەرەتاوە دژی یەکگرتنەوە ریزەکانی حیزب بوون. ناوبراو ئەو شێوە بیرکردنەوەیەی بە شانازییەکی گەورە بۆخۆی دەزانی.

ئەو بەشە لە کادرەکانی حیزب لە ماوەی نێوان کۆنگرەکانی ١٢و ١٣ دا جارێکی دیکە بە هاودەستی لەگەڵ مستەفا هیجری کە تارادەیەك بە پێی پەسندکراوێك لە کۆنگرەی ١١ دا کە دەڵێ "هیچ کەس زیاتر لە دوو دەورەی بە دوای یەك دا وەك سکرتێری گشتی هەڵنابژێردرێ"بوونە سکرتێریی ئەوی لە کۆنگرەی ١٣ دا مسۆگەر ببوو - شەپۆلێکی نوێیان لە تەبلیغاتو کردەوەی پۆپۆلیستییانە بەتایبەتی لە نێو نەسلی تازەی حیزب دا لە دژی حەسەن زادەو قۆڵی زۆرایەتیی ئەو کات دەست پێکرد. ئەم هەنگاوەیان سەرەنجام کاری خۆی کردو قۆڵی هیجری توانی زۆرایەتیی کۆنگرە وەدەست بێنێ. بەگشتی

# نوختە گۆڕانێك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دا

حوسێن ئەحمەدپوور

**بەشی دووهەم**

وەرگێڕان بۆ کوردی: مستەفا مەعرووفی

قۆڵی هیجری بەکردەوەی پۆپۆلیستییانە، گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردن، گۆڕینی پێکهاتەو قەوارە لە ئۆرگانەکان دا (بە پشت بەستن بە دەسەڵاتی کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی کە لەبەر دەستی قۆڵو شەخسی مستەفا هیجری دابوو) زۆرایەتیی کۆنگرەی وەدەست هێنا.

ڕێبەرایەتیی کۆنگرەی ١٣ لەنێو ئەو کادرانە هەڵبژێردرا کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوو دا بە هیوای ڕۆژێکی وا بوونو زۆربەیان کەسانی بێ ئەزموون، کەم خوێندەوارو نەناسراو بوون. بە هەڵبژێرانی ئەمانە کەسانی خاوەن ئەزموونو ناسراوی حیزب کە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆنگرەی ١٣ش دا روویان دا لە ڕاستیدا ئەمانە بەسەر زۆرایەتیی کۆنگرەیان دا سەپاند، وەلا نرانو لە مەیدان دەرکران. ئەو زۆرایەتی-یەی لە کۆنگرەی ١٣ دا بوو، زۆرایەتییەکی لاواز بوو. بەڵام ئەو زۆرایەتییە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری دا کەڵکی لە زۆرایەتیی خۆی وەرگرتو لانی-کەمی کەسانی سەر بە قۆڵی کەمایەتیی هەڵبژارد. تەنانەت ئەو زۆرایەتییە هەوڵی دا لە نێو موخالیفانی خۆشی دا (جگە لە چەند کەس) کەسانی لاواز هەڵببژێرێ تاکوو لە داهاتوو دا نەبنە کۆسپی سەر ڕێگای کردوە پاوانخوازانەکانیان.

ئەم زۆرایەتییە پاش کۆنگرەش خێرا پرۆژەی وەلانانی موخالیفانی خۆی بە توندترین شێوەی مومکین دەست پێکرد. وەدەرنان لە حیزب، لەکار دەرکردن، تەبلیغاتی ژەهراوی لە نێو تەشکیلاتی نهێنی لە نێوخۆی وڵات دا، بێحورمەتیو... میکانیزمەکانی پرۆژەی وەلانان بوون. بەجۆرێك کە لە ماوەی دوو ساڵ پاش کۆنگرە دا بە شێوەیەکی بێوێنە زیاتر لە ٣٥٠ کەس لە ئەندامانی حیزب دەرکران یان بە نیشانەی ناڕەزایەتی ریزەکانی حیزبیان بەجێهێشت. جگە لەمانە ڕەخنەگرانی لاوو خوێندەوارانیان لەژێر ناوی ڕاسپێردراوی کۆماری ئیسلامی دا لە مەیدان وەدەر نا.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا باڵی کەمایەتیی کە لە چەند مانگ دوای کۆنگرە دا هەتا سنووری لێك هەڵوەشان لاواز ببوو، سەرلەنوێ لە دژکردەوە بە پاوانخوازییەکانی زۆرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی دا خۆی ڕێك خستەوە. هەروەها لەو ماوەیە دا شانبەشانی باڵی کەمایەتی، ڕەوتێکی ڕێفۆرمخواز سەری هەڵ دا کە زۆربەیان لە لاوانی خوێندەوارو ڕووناکبیر پێك هاتبوو. ئەمانە هەڵگری بیری نوێی کۆمەڵگەی ڕووناکبیریی کوردستان بوون. ئەم ڕەوتەش لە سەرەتاوە خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیو ڕێفۆرم لە هەموو ئاستەکانی حیزب دابوون.

### هەڵەی سیاسی

زۆرایەتیی پاوانخوازی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕووی سیاسییەوە زۆر لاواز دەرکەوتوەو تەنانەت نەی توانیوە لاوازیی سیاسیی خۆی لە چاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بشارێتەوە. زۆر لە شارەزایانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ماوەیە دا نەك هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی بە دەستەوە نەبووە بەڵکوو بە هۆی هەڵەی زەقی سیاسی لە نێو بیروڕای گشتیی کوردستان دا زەبری لە ئیعتیباری حیزب داوە. ئیئتیلاف لەگەڵ پانئێرانیستەکان، وەرگرتنی یارمەتی لە سەڵتەنەتخوازەکانو پێکهێنانی پێوەندیی نهێنی لەگەڵ ئەو تاقمانە، تەئیدکردنی ئیددیعای



خەیاڵیو فەرەوانخوازانەی ناسیۆنالیستە توندڕۆکانی ئازەربایجانی کە بەشێکی زۆر لە کوردستان (تەنانەت مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان) بە خاکی ئازەربایجان دەزانن‌و هەڵوێست نەگرتن لەبەرامبەر سووکایەتیکران بە سەمبولە نەتەوەیییەکان لە لایەن ڕەوتو گرووپە ناسیۆنالیستەکانی ئازەربایجانییەوەو تەنانەت پێکهێنانی پێوەندیی گەرم لە گەڵ ئەمانە دا، پەرەی بە نیگەرانیو بێهیوایی خەڵك بە نیسبەت گەورەترین حیزبی نەتەوەخوازی کوردستان داوە.

لەلایەکی دیکەوە لاوازیی سکرتێری گشتیو ڕێبەرانی دیکەی حیزب لە ڕاگەیەنەگشتییەکانو کانالە تەلەڤزیۆنییەکان دا بۆتە هۆی تەشەنە کردنی زیاتری ئەو نیگەرانیو بێهیواییە لە نێو کۆمەڵانی خەڵك بەتایبەتی توێژی ئاگاو خوێندەواری کۆمەڵی کوردستان. بۆ نموونە وتووێژی دوو ساڵ لەمەوبەری مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە لەگەڵ بەرنامەی "میزگردی با شما" لە VOA دا لەگەڵ ڕەخنەو ناڕەزایەتییەکی زۆر لە نێو کۆڕوکۆمەڵە کوردییەکان بەتایبەتی لە نێو خوێندکارانی کورد لە زانستگەکانی ئێران دا بەرەوڕوو بوو. مستەفا هیجری لەو وتووێژە دا ویستو داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی تا ئاستی ویستوداخوازی فەرهەنگیو ئابووری هێنایە خوارو تەنانەت نەیتوانی دیفاع لە دروشمی ستراتیژیی حیزبیش بکا.

هەڵەی سیاسیو لاوازیی ڕێبەری لە نێوخۆو لە نێو ئەندامانی حیزبیش دا شانبەشانی کۆڕوکۆمەڵە ڕووناکبیرییەکان، ڕێبەریی حیزبی خستە ژێر پرسیارەوەو بوو بە هۆی دڵساردیی ژمارەیەکی زۆرلە ئەندامانی حیزب بەتایبەتی لاوان. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب کە پێشتر لە لایەنگرانی هیجری بوون ، ڕوویان لێ وەرگێڕاو لەگەڵ موخالیفەکانی لە باڵی کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی و ڕەوتی ڕێفۆرم کەوتن. لەئاکام دا باڵی دەسەڵاتدار کە توانای دیفاع لە هەڵوێستە سیاسییە پڕ لە هەڵەکانی خۆی نەبوو، فشارێکی تەشکیلاتیو تەبلیغیی زیاتری خستە سەر موخالیفانی خۆیو ئەم مەسەلەیە قەیرانی نێوخۆی حیزبی قووڵتر کردەوە.

کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندی شانبەشانی ڕەوتی ڕێفۆرمو هەروەها ڕەوتی سەربەخۆیەکان لە کۆتایییەکانی بەهاری ڕابردووەوە بەمەبەستی گەڕاندنەوەی ئیعتیباری سیاسیی حیزبو بەڕێوەچوونی ڕێفۆرمی کورتخایەنو پێویست لە پێکهاتەی تەشکیلات دا بە خستنەڕووی هێندێك گەڵاڵە دوایین هەوڵەکانی خۆیان بەکار هێنا. بەڵام ئەم هەوڵانە پاش چەند مانگ وتووێژو گەنگەشە بەهۆی پاوانخوازیی تاقمی دەسەڵاتدارو ملنەدان بۆ قبووڵکردنی هەرچەشنە ڕێفۆرمێك لە حیزب دا کە بەزەرەری تاقمەکەیان بێ، بێ ئاکام مایەوە. سەرەنجام کەمایەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز لە هەڵوێستی کۆتایی خۆیدا لەتبوونی حیزبی قبووڵ کردو تێکۆشانی خۆی لە ژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دا درێژە پێ دا. چەند ڕۆژ دواتریش ڕەوتی ڕێفۆرمیش بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا بۆوەو لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت. بەم جۆرە یەکەم لەتبوون لە مێژووی ئەم حیزبەدا رووی دا. لەتبوون بەو مانایە کە بە پێچەوانەی باڵی سەر بە مستەفا هیجری کە هەوڵ دەدا وەك جیابوونەوە ناوی بەرێ، زیاتر لە نیوەی ئەندامانی حیزب لە دژی باڵی دەسەڵاتدار هەڵوێستی گرت. ئەغڵەب لە زۆربەی جیابوونەوەکان دا گرووپێکی کەمتر لە نیوەی ئەندامان لە گرووپی گەورەتر جیا دەبنەوە.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان دەرەتانێك لەبەر دەم بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان

لەتبوونی ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا نیگەرانییەکی زۆری خستۆتە نێو دڵی لایەنگرانو خەڵکی کوردستانەوە. بێگومان لەتبوون یان جیابوونەوە دیاردەیەکە لە نەبوونی دێموکراسییەوە سەرچاوە دەگرێ. وەك لە قسەو نووسینی باڵەکانی نێو حیزبی دێموکرات دا دەردەکەوێ، لەتبوون لەم حیزبەش دا زیاتر لە هەر هۆیەکی دیکە لە نەبوون یان لاوازیی دێموکراسییەوە سەرچاوە دەگرێ. کەوابوو لەم بارەیەوە دەبێ سەبارەت بە نیگەرانیی خەڵکی کوردستان لە نەبوونی دێموکراسی لە گەورەترین حیزبی کوردستانی دا ئافەرین بنێرین و بە نیشانەی گەشەکردنی ئاگایی سیاسیی خەڵکی کوردستان سەیری بکرێ.

بەڵام سەرەڕای ئەم نیگەرانی-یانە ئەم لەتبوونە بەپێی سروشتێك کە دەیسەپێنێ حیزبی دێموکراتی کوردستان ناچارو بەرعۆدە دەکا ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیو نوێبوونەوە لە حیزب دا پێك بێنێ. کەوابوو لەم هەلومەرجە دا ئەگەری کەڵك-وەرگرتن لە تواناکانو پوتانسیەلەکان بۆ چوونەدەر لە قەیرانی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان زیاتر بووە. بە خوێندنەوەیەکی وردی" هێڵە گشتییەکانی ئێمە" کە هەر بە دوای لەتبوون دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێرانەوە بڵاو بۆوە، بە سەرنجدان بە پشتیوانیو پێشوازیی بەرینی کەسایەتییە سیاسییەکان، کۆڕوکۆمەڵە ڕووناکبیرییەکانی کورد لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتو هاتنی ڕەوتی ڕێفۆرم بۆ نێو ریزەکانی ئەم حیزبەو... دەکرێ ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوێ.

ئەو مەسەلانەی لە "هێڵە گشتییەکانی ئێمە" دا هاتوونە گۆڕێو هەروەها گونجانو خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو گەڵاڵانەی لە لایەن ڕەوتی ڕێفۆرمەوە بەمەستی ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوە پێشنیار کرابوون، نیشانەی تێگەیشتنی ڕاستو دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان داو نیشانەی ئامادەیی بۆپێکهێنانی ئاڵگۆڕو بەڕێوەبردنی ڕێفۆرمە.

لە پێشەکیی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بە ئاشکرا باس لە پێویستیی ئاڵوگۆڕو نوێبوونەوە لە حیزب دا کراوەو دەست لەو هێڵە سوورانە هەڵگیراوە کە لە نەزانیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرن. لە بەشێکی پێشەکییەکە دا ئاوا هاتوە: "کۆمەڵی کوردەواریو بەگشتی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو جیهان گۆڕانی زۆر بنەڕەتییان تێدا بەدی هاتوەو حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنیا بە پشتبەستن بە شانازییەکانی ڕابردووی ناتوانێ وەڵامدەری بەرەی تازە پێگەیشتووی کۆمەڵی کوردەوارییو پێداویستییەکانی هەلومەرجی تازەی خەبات بێ. دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ستراتژیو تاکتیکی حیزبو بنەما فکرییو تەشکیلاتییەکان دا بە هیچ جۆر بێوەفایی بەرامبەر بە ڕێبەرانی شەهیدو ترازان لە ڕێبازی پیرۆزیان، ڕێبازی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نیەو..."

یەکێك لە گیروگرفتە جیددییەکانی سەر ڕێگەی ڕێفۆرمو گۆڕان لە حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دوایی دا خۆدڵخۆش کردنێکی لە خۆڕایی ڕێبەرانی حیزب بە داهاتوو بووە. بە جۆرێك کە ئەوان بە پشت-بەستن بە ڕابردووی پڕ لە شانازی، داهاتوویان بە هی خۆیان دەزانیو هەستیان بەوە نەدەکرد ئاڵوگۆڕ پێویستە. هەر ئەو گومانە هەڵەیە ببوو بە بناخەی سیاسەتو هەڵوێستیان لە پێوەندی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا. بەڵام ئێستا هەروەك لە "هێڵە گشتییەکانی ئێمە"وە دەردەکەوێ، بە شێوەیەکی واقیعبینانە تێڕوانینو بۆچوونەکانی ڕابردوو پێداچوونەوەی بەسەر دادەکرێو باس لە پێویستیی گۆڕانو پێداچوونەوە دەکرێو لە درێژە دا ئاماژە بەوە دەکا کە: "چونکە ئەگەر ئەوە نەکا هیچ دوور نیە ئۆگرانو لایەنگرانی کە تا ئێرەش زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێك دێنن، لە دەوری لابچنو لە فکری دۆزینەوەی حیزبی دڵخوازی خۆیاندا بن. ئاڵوگۆڕ پێکهێنان بە تایبەتی بۆ ڕاکێشانی متمانەی بەرەی خوێندەوارو تازەپێگەیشتووی کۆمەڵ یەکجار پێویستو حەیاتییە."

بە پێویستی دەزانم لە درێژەی ئەم باسە دا بە شێوەیەکی کورت چاوێك بەسەر سێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی کە لە "هێڵە گشتییەکانی ئێمە" دا هاتوون، بخشێنین.

درێژەی هەیە

**یەکێك لە گیروگرفتە جیددییەکانی سەر ڕێگەی ڕێفۆرمو گۆڕان لە حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دوایی دا خۆدڵخۆش کردنێکی لە خۆڕای ڕێبەرانی حیزب بە داهاتوو بووە. بە جۆرێك کە ئەوان بە پشتبەستن بە ڕابردووی پڕ لە شانازی، داهاتوویان بە هی خۆیان دەزانیو هەستیان بەوە نەدەکرد ئاڵوگۆڕ پێویستە. هەر ئەو گومانە هەڵەیەش ببوو بە بناخەی سیاسەتو هەڵوێستیان لە پێوەندی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا.**

# پێگەی ژنانی نێو ریزەکانی حیزب

ئا: عەلی بداغی

**ئاماژە:**

لە ژمارەی پێشووی "کوردستان" دا کۆمەڵێك پرسی ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان لە وتووێژ لەگەڵ چەند ژنێکی چالاکی نێو حیزب خستە بەرباس و لێدوان.

پرسی ژنان لە نێو پێکهاتەی حیزب، شوێن پەنجەی ژنان بەسەر گۆڕان و بڕیارەکانی حیزب، ئاستی داواکانی ژنان و چەندی وەدیهاتنی ماف و داخوازییەکانی ژنان و دەسکەوتەکانی ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵێك پرسی دیکەی ژنان لەو بابەتانە بوون کە بە روانگەی جیاوازەوە بەشداران تیشکیان خستە سەر. لەم ریپۆرتاژەش دا هەوڵدەدەین چەند رەهەندێکی دیکەی پرسی ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات بخەینە بەرباس و لێدوان.

**پێگەی ژنان لە نێو پێکهاتەی حیزب دا لاواز و شکێنەرە، نە رۆڵی بەرچاویان لە کاروباری حیزبی و رێکخراوەیی دا هەیە و نە بەشی شیاوی خۆیان لە بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەریی حیزب دا دراوەتێ و بێدەنگی و پەراوێز نشینی چارەنووسێکە ژنان خۆیان بۆ خۆیان هەڵیان بژاردوە.**

چنوور مەنیش کە پتر لە ١٢ ساڵە ئەندامی حیزب و هاوکات ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتە، هۆکاری ئەو دۆخە



چنوور مەنیش

بۆ حیزب دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ ژنان پتر لەوە شایانی ئەوەن کە بایەخیان پێ بدرێ و لەبەرچاو بگیرێن، بەڵام لە نێو حیزب دا بە جیاوازی‌یەکی تەواو زەق و بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت و بەشدارییان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، فەنی و تەنانەت وەرزشی وەك رەگەزی پلە٢ حیسابیان بۆ دەکرێ، بۆ وێنە هەمیشە پلە و پایەی خوارتریان پێ دەبڕێ و یان تەنانەت لە کاتی نەخۆشی داو بۆ کاروباری پزیشکی و بۆ پووشِشی دەرمانی و یارمەتیی مانگانە وەك پیاوەکانی نێو ریزەکانی حیزب حیسابیان بۆ ناکرێ، بەڵام حەقی ئەندامەتیی وەك یەکیان لێ دەستێندرێ. (*)

**سکالاحکیم زادە**، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لەو پێوەندی‌یەدا دەڵێ: لە ژنان و مافی ژنان تەنیا بۆ دروشم و پڕوپاگەندە بە قازانجی حیزب کەلك وەرگیراوە. دیارە ئەوەش کە تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ژنانی نێو حیزب مافەکانی خۆیان نەناسیوە هەر بۆ کەمتەرخەمیی حیزب دەگەڕێتەوە و نابێ ببێتە هۆی ئەوەش کە توانای ژنانی دیاری حیزب لەبەر چاو نەگیرێ و بەو پاساوە کە ژنانی نێو حیزب بە هۆی ئەو کەموکوڕییانەوە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری ئۆرگانێکی حیزبیان نیە. لانیکەم سەرکەوتنی ژنانی دیاری نێو کاروباری حیزبی بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیەم. گرینگ ئەوەیە بوار بۆ بەشداریی زیاتری ژنان خۆش بکرێ و ژنان بۆخۆشیان ئەو باوەڕ بەخۆ بوونەیان تێدا بەهێز بکرێ کە دەبێ لە مەیدان دا حزووریان بێ و دەور ببینن، دەنا پیاوانی بەڕواڵەت دیموکرات و داکۆکیکەری مافی ژنان جارێ بەو زووانە و بە قەناعەتی خۆیان مەیدان بۆ ژنان چۆڵ ناکەن. دەنا چۆن دەبێ لە نێو حیزبی دیموکرات و لە سایەی پەروەردەی شۆڕشگێڕانەی خەباتگێڕانی ئەو حیزبە کچان و ژنان نەتوانن بڕیار بۆ خۆیان بدەن، بەرەو ڕووی توندوتیژیی جەستەیی ببنەوە و لێیان بدرێ یان سووکایەتی‌یان پێ بکرێ و وجوودیان بە هێند وەرنەگیرێ و بێدەنگی و خانەژووری بەسەریان دا بسەپێندرێ؟

**زۆربەی ژنانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکرات ژیانی هاوسەرێتی و دەرەنجامەکانی ژیانی هاوبەش وەك ماڵداری، بەخێو کردنی منداڵ و پێراگەیشتنی ماڵ وەك ئەرکی سوننەتیی ژنان وەك کۆسپێك لەبەردەم دەرکەوتن و چالاکیی زیاتری ژنان دا دەبینن و وەك بەخت رەشی‌یەکی مێیینە بوون و چارەنووسێکی بەسەردا سەپاو شانیان وەبەر داوە، بەڵام ئەمە تا چەند دەتوانێ دروست و گشتگیر بێ؟**

**کەژاڵ عەزیزی** مامۆستای قوتابخانە لەم پێوەندی‌یەدا دەڵێ: ئەوە داخراوی و گەشە نەکردنی کۆمەڵگایە کە ئەم کۆسپانە بۆ ژنان دروست دەکا، کۆمەڵگایەك کە تەنانەت کاری نێو خێزانیشی بەپێوەری پیاوانە و ژنانە دابەش کردوە و هەموو ئەرکێکی نێو خێزانی بە ئەستۆی ژن دابڕیوە. دەنا منداڵبوون و بەخێوکردنی و پێراگەیشتن بە کاروباری ماڵی خۆی لە خۆی دا بە تەنیا ناتوانێ کۆسپ بێ، بەڵام مادام ئەو گۆڕانە لە کۆمەڵگادا دروست نەبێ، پیاو هەر بڕیاردەر بێ و ژنانیش دووبەشی کاتی رۆژانەیان بۆ ماڵداری و پێراگەیشتن بە منداڵ تەرخان بکەن، ئەو هۆکارە هەر وەك رێگرو کۆسپ لەبەردەم گەشەی رووناکبیری و چالاکبوونی ژنان دەمێنێتەوە.

**خەدیجە نەجاڕ**، مامۆستای قوتابخانە لەگەڵ پشت راستکردنەوەی بۆچوونی کەژاڵ خان ئاماژە بەوە دەکا کە ئەمە ناتوانێ گشتگیر بێ، چونکی پێوەندیی راستەوخۆی بە رووناکبیریی خێزان و گەشەی فیکریی بنەماڵەکانەوە هەیە و دەڵێ دابەشینی کار لە نێو ئەندامانی خێزان زۆر بە هاسانی ئەو کۆسپە لەسەر رێی ژنان لادەبا.

**حەلیمە رەسووڵی**، پێشمەرگەی کومیسیونی چاپەمەنی حیزب ژیانی هاوبەش و هاوسەرێتی بە پیرۆزترین بنەماکانی خولقان و سروشت دادەنێ و پێی



کەژاڵ عەزیزی

وایە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە ژن و پیاو بە پێی لێك تێگەیشتن و لە سەر ئەساسی عەقڵانی پێکەوە ژیانی هاوبەش پێك بێنن و خۆیان بۆ دەرەنجامەکانی ژیانی هاوبەشیان ئامادە بکەن، ئەوا نەك ئەوە نابێتە کۆسپ، بەڵکوو ئەنگیزەی پێشەوە چوون و گەرەنتیی سەرکەوتنیشە.

**ژنانی نێو ریزەکانی حیزب بە زۆری خەمسارد، بێ تەفاوەت و کەمتەرخەم لە هەمبەر چارەنووس و ئەرکەکانی خۆیان و وەك واقعێکی سەپێنراو یان خوازراو ماڵداری و سووچی ماڵیان هەڵبژاردوە. بۆهیچ هەوڵێك بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە لە نێو ژنان دا نیە؟ ئیرادەیەکی پیاومەزنی ئەو واقعە هەروا بەهێز دێڵێتەوە یا ژنان خۆیان مەیل و ئەنگیزەیان بۆ تێکدانی ئەو دۆخە نیە؟**

**حەلیمە ڕەسووڵی** بوار و دەرفەتە لێك جیاوازەکانی بەردەم ژن و پیاو هەر لە سەرەتای منداڵییەوە بۆ شەرمێونی و کەم توانایی ژنان وەك هۆکاری سەرەکی ئەم دۆخە جیاوازە دەبینێ. ناوبراو نزم بوونی خوێندەواریی ژنان و بەهێز مانەوەی نیزامی پیاو مەزنی و کەمتەرخەمیی ژنان خۆیان و ئەرکەکانی قورسی ژیانی رۆژانە و دابەش نەکردنی ئەرکەکانی خێزان وەك هۆکاری بەردەوامیی ئەو دۆخە ناو دەبا.

**خەدیجە نەجاڕ** لەو پێوەندییەدا دەڵێ ناکرێ کۆمەڵگای حیزب لە کۆمەڵگای کوردی جیا بکەینەوە. ئەوە گرفتی ژنان بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگای کوردی بە جیاوازی نیسبەتەوەیە. ژنانی حیزب پەروەردەی کۆمەڵگایەکی تا ئێسقان داخراوو نەریتی و پڕ لە نایەکسانین. هەر بۆیەش تەنانەت لە کەشی ئازادی نێو حیزبیش ناتوانن خۆیان ببیننەوە.

**چنوور مەنیش** بە شێکی زۆر لەم خەمساردییەی ژنان بە تایبەت لە کەمپەکانی دوور لە دەفتەری سیاسی بۆ نەناسین و تێنەگەیشتن لە ماف و توانای ژنان خۆیان دەگەڕێنێتەوە. چنوور دەڵێ زۆر کەمن ئەو کەسانەی لەسەر پەروەردەی ژنان کار بکەن، فێریان بکەن، بۆ راپەراندنی کارو بەرپرسایەتیی ئامادەیان بکەن، هانیان بدەن و مێشك و بیری ژنان بە بابەتی نوێ تەیار بکەن و بەداخەوە یەکیەتیی ژنانیش نەیتوانیوە وەك پێویست بەدەم ژنانەوە بێ.

**یەکیەتیی ژنانی دیموکرات وەك رێکخراوێکی داکۆکیکەری مافی ژنان خۆی پێناسە کردوە و وەك رێکخراوێکی سینفی رابردوویەکی دوورو درێژی لە نێو ژنانی حیزب دا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش رۆڵێکی ئەوتۆی لە وەگەڕخستن و هاندانی ژنان بۆ بەشداریی سیاسی و کاری عەمەلی نەبووە یان ئەوەندە بەرچاوو سەرکەوتوو نەبووە. لە حاڵێك دا لەوەها دۆخێك دا سەرنجەکان پتر لە هەر جێیەك لەسەر ئەو رێکخراوەیە کۆدەبێتەوە.**

**کەژاڵ عەزیزی** لەمبارەوە دەڵێ: یەکیەتیی ژنان ئەوەندەی لە توانای دا هەبووە لە کارو تێکۆشانی خۆیان دا بەردەوام بووە بەڵام ئەوە راستە کە وڵامدەر نەبووە و هۆکاری سەرەکیی ئەوەش بۆ سەربەخۆنەبوونی یەکیەتیی ژنان لە باری ماددی‌یەوە



خەدیجە نەجار

دەگەڕێنمەوە، چونکی باشترین بەرنامە و پلان و پڕۆژە بەبێ پاڵپشتی ماددی ناتوانێ جێبەجێ بکرێ. هۆکارێکی دیکەی لاوازیی یەکیەتیی ژنان چوارچێوەی تەسك و بەر کورتی یەکیەتیی ژنان، لە تاراوگەیە کە لە هاوفیکری و توانای بەرچاوی ژنانی نێوخۆی رۆژهەڵات بێبەش ماوەتەوە.

**سکالا حەکیم زادە** کەمتەرخەمیی حیزب وەك پشتیوانی پلە یەکی ئەو یەکیەتییە وەك هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەم کەم و کورتی‌یانەی یەکیەتیی ژنان ناو دەبا و دەڵێ حیزب لە مێژە یەکیەتیی ژنانی تەنیا وەك ئامرازێك بۆ پروپاگەندەکانی خۆی چاو لێدەکا و هەر دروشمەکانی پێش کۆنگرەی ١٣ بە قازانجی ژنان چاو لێکەن، بەڵام دوای کۆنگرە رێبەرایەتیی حیزب بۆ تاقە یەك جاریش نەهاتن سەردانێکی یەکیەتیی ژنان بکەن و لە کێشە و گیرو گرفتەکانیان بپرسنەوە. بودجەی یەکیەتیی ژنان ئەوەندە کەمە کە تۆ ناتوانی بەو برە پارەیە چاوەڕوانی کاری زیاترت لێیان هەبێ و کۆسپ خستنە سەر رێی یەکیەتیی ژنانیش لە ماوەی ٣



حەلیمە رەسووڵی

ساڵی رابردوو سیاسەتی ئاشکرای زۆرینەی رێبەریی کۆنگرەی ١٣ بوو. لە تەنیشت ئەوانەش بێ ئەنگیزەیی و بێ مەیلی ژنان بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و گرینگ نەبوونی کێشەکان لای ژنان خۆیان، یەکیەتیی ژنانی تووشی جۆرێك دڵساردی و پەرۆشی کردوە.

**ژنان بە گشتی و ژنانی نێو حیزب بە تایبەتی ئەولەوییەتی خەباتیان بۆ خەباتی نەتەوەیی تەرخان کردوە و خەبات لە پێناو یەکسانیی رەگەزی و داوا کۆمەڵایەتی‌یەکانیان خستۆتە پاش رزگاریی خاك و نەتەوە. تەنانەت دەبینی رێکخراوەکانی ژنانیش بە جۆرێ پاشکۆی حیزبە سیاسی‌یەکانن. بەڵام ئەمە چەندە ستراتیژی‌یەکی گونجاو بووە و دەستکەوتەکانی ژنان لەم بوارەدا چین؟** کەژاڵ عەزیزی ئەم هەڵبژاردنەی ژنان لەم برگە زەمانی دا بە ستراتیژی‌یەکی گونجاو دەزانێ و دەڵێ ئەمن باوەڕم وایە تا کێشەی نەتەوەیی لە وڵاتەکەمان چارەسەر نەکرێ، کێشەی چینایەتی و داوا سینفی و کۆمەڵایەتی‌یەکان ناتوانن بەرجستە بن و کاریان لە پێناودا بکرێ. هەر بۆیەش خەباتی نەتەوەیی ئەولەوییەتی هەیە و بۆ ئەوەش دەبێ لە دەوری حیزبە سیاسی‌یەکان کۆببنەوە، چ ژن و چ پیاو. ئەوەش بە مانای لە بیرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان و پشتگوێ و پەراوێز خستنیان نیە، تۆ دەتوانی هەر لە پەنا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی‌دا خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاویش بکەی.

**خەدیجە نەجاڕ**، پاشکۆ بوونی یەکیەتیی ژنان و سەربەخۆنەبوونی رەت دەکاتەوە و دەڵێ حیزبی دیموکرات و یەکیەتیی ژنان لەسەر یەك ئەساس و شالوودە دامەزراون و حیزبی دیموکرات خۆی یەکیەتیی ژنانی دامەزراندوە و دەستی گرتوە و یارمەتی داوە. بەڵام ئەو راستی‌یە کە هەتا کێشەی نەتەوەیی ئێمە چارە سەر نەبێ، کێشەی ژنان بە شێوەی "مجرد" چارەسەر نابێ.

**باشە ئێستا کە ژنان خۆیان خەباتی نەتەوەیی دەخەنە سەرووی خەبات بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی، بەڵام حیزبە سیاسی‌یەکان چەندە توانیویانە پاڵپشتی ژنان بۆ چەسپاندن و جێ کەوتنی داواکانیان بن و تا ئێستا چ پاشخانێکیان لەمبارەوە وەسەر یەك ناوە؟**

**حەلیمە رەسووڵی** لەسەر ئەو باوەڕەیە حیزبە سیاسییەکان دەورێکی زۆر ئەساسی و کاریگەریان لە کانالیزە کردنی خەباتی یەکسانی‌خوازیی ژنان و پشتگیری کردنیان دابووە. هەر دامەزراندنی رێکخراوەکانی داکۆکیکەری مافی ژنان و پشتگیریی حیزبەکان و یەك لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان چ لە رووی ماددی و مەعنەوی‌یەوە، خاڵی موسبەت و گرینگ لەمبارەوەیە. ئەمن تەنانەت دەسکەوتەکانی ژنانیش لەم پێناوەدا بە قەرزباری حیزبەکانی دەزانم.

**کەژاڵ عەزیزی** روانگەیەکی دیکەی هەیە. ئەو پێی وایە حیزبەکان دەبێ لە قالبی دروشم و شوعار دان بێنە دەرێ و لە مەیدانی کردەوەدا جیددی‌ترو کاریگەرتر هەنگاو باوێژن. وەك چۆن حیزبی دیموکرات لە کاتی حزووری راستەوخۆی لە نێو خۆی وڵات توانیبووی بە کردەوە زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیی وەك ژن بەژنە، مارە بڕینی سەر لانکە و شیربایی و گەورە بە چووکە لە نێو خەڵکی‌دا کەم ڕەنگ بکاتەوە.



سکالا حەحکیم زادە

ئێستاش و دوابەدوای راگەیاندنی هێڵە گشتی‌یەکانی رێبازی حیزب ئەمن پێم وایە تەنیا بوونی میکانیزمی گونجاو دەتوانێ ئەو دروشمانە بکاتە واقیع وەك ئەوەی رێژەیەکی دیاریکراو بۆ ژنان لە پۆستی رێبەریی دیاری بکرێ، ژنانی بە توانا لە کومیسیۆنەکانی حیزب کاری شیاویان پێ بسپێردرێ و ئەندامی ئۆرگان یا کومیتە یان کومیسیۆنەکە بن تا لە بڕیارەکان دا دەوریان هەبێ.

**چنوور مەنیش** پێی وایە تەبعیزی موسبەت بە قازانجی ژنان و ئاوەڵا کردنی مەیدانی بەشداری بۆ ژنان ئەرکێکە کە دەبێ حیزبە سیاسیەکان بیگرنە ئەستۆ. بەڵام تا ئێستاش ژنان هەر بەشی کەمیان وەبەر کەوتوە و پێویستە لانیکەم ٤ـ ٥ ژن بۆ رێبەرایەتی هەڵبژێردرێن و پتر گرینگی بە یەکیەتیی ژنان بدرێ.

**دوایین پرسیارێك کە ئاراستەی هێندێك لەم بەرێزانە کرابوو، ئەوە بوو کە لە نێو ژنانی ریزەکانی حیزب کەسایەتی دیارو بە توانا کەم نین، بەڵام پرش و بڵاوو بێ پرۆژەن. هۆی ئەم ناتەبایی و نەبوونی پرۆژەی میحوەریی ژنانی چالاکی حیزب چین؟**

**کەژاڵ عەزیزی**، لەم بارەیەوە ئاماژە بە کولتووری دواکەوتووی کۆمەڵگە کردو گوتیشی کە بەداخەوە ئێمە تەحەمولی یەکتر ناکەین، سەرکەوتنی خۆمان لە ژێرکەوتنی بەرامبەر دا دەبینن و تاوەها بین ناتوانین خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی گرینگی هاوبەش بین.

(*) لەنێو حیزب دا جیاوازی لەنێوان مەزایای پێشمەرگە و ئەندام هەیە نەك جیاوازی لەنێوان پیاوی ئەندام لەگەڵ ژنی ئەندام واتە مەزایای پێشمەرگەی ژن و پێشمەرگەی پیاو وەك یەکە و مەزایای هەردووشیان لەگەڵ ئەندامی سادە (چ ژن، چ پیاو) جیاوازە. (کوردستان)

**پوختەیەك لە:**

# وتوویژی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی جاناتان راندال‌و خانمی سیسیل ئەنیۆن هەواڵنووسی لۆمۆند له گەڵ عبدالله حسن زاده

**سەررەقی‌و کەللەشەقیی رێبەرانی ئێران بەتایبەتی ئەحمەدی نەژادو لە عەینی حاڵ دا ئەوە کە بۆ ئەمریکا بۆتە شتێکی حەیسییەتی، ئەو نیگەرانی‌یە بەرەبەرە زیاد دەکا کە شەڕێکی وەکوو عێراق لە ئێرانیش روو بدا**

**راندال:** زۆر خۆشحاڵم کە لێرە لەلای ئێوەم. ئەمن پێشتر دۆستێکی زۆر نزیکی د.قاسملوو بووم. هەفتەیەك پێش ئەوەی دوکتۆر تێرۆر بکرێ، لە فەرانسە لە ماڵەکەی ئەو بوومو میوانی بووم.

حەسەن زادە: ئەمنیش بە سەردانی جەنابت زۆر خۆشحاڵم. بۆ منیش دیتنی جاناتان راندال لەو بارەیەوە زۆر گرنگە کە دۆستێکی نزیکی د.قاسملوو بووە. جوانترین کەلیماتی لە بارەی د.قاسملووەوە نووسیوە. بە تایبەتی بۆیە بەو قسانە خۆشحاڵم چونکە شوجاعەت‌و ئازایەتیی جەنابت لە باسی شەخسییەتە کوردەکان‌و تەنانەت ئەمریکایی‌یەکانیش دا پێم دەڵێ کە ئەوەی نووسیوتە لە ئیخلاسەوە هاتوە.

**راندال:** ئەمن هیوادارم تراژیدیایەکی دیکە لە بەینی کوردو ئەمریکایی‌یەکان دا بەڕێوە نەبێ، بەس دڵنیاش نیم کە وانەبێ.

حەسەن زادە: بەو قسەیەش هەر خۆشحاڵم. چونکە ئەو نیگەرانی‌یە لەلای منیش هەر هەیە، جەنابت زۆر بە راشکاوی هەر لەو کاتە دا زۆر ئازایانە باسی مەسەلەکان دەکەی. رەخنەت لە رێبەرانی کورد، لە رێبەرانی ئەمریکا هەمووی نیشانەی ئازایەتی‌و دڵسۆزی بۆ مەسەلەکانە.

**راندال:** مەسەلەیەك هەیە دەڵێ: ئەو کەسەی زۆرت خۆش دەوێ دەبێ زۆر بە راشکاوی رەخنەی لێ بگری.

حەسەن زادە: لە کوردییش دا شتێکی زۆر جوان هەیە دەڵێ: دۆست ئەوەیە بتگریێنێ، دوژمن ئەوەیە بتخەنێنێ، یانی دۆست ئەوەیە رەخنەت لێ بگرێ تا بتگریێنێ بەڵام دوژمن ئەوەیە بە ناهەق پێت هەڵا بڵێ‌و بتخاتە پێکەنین.

**راندال:** پێت وایە جۆرج بووش لەگەڵ ئێران دەکەوێتە شەڕەوە، یان ئەو قسانەی ئێستا تەنیا شەڕی ئەعسابن؟

حەسەن زادە: بەداخەوە نیشانەکان ئەوە بە مرۆڤ دەڵێن کە ئیحتیمالی ئەو شەڕە زۆر دوور نیە. پێم وایە ئەگەر بە مەنتیق بیر بکەینەوە سەرۆك بووش نابێ شەڕێکی ئاوا دەست پێبکا، چونکە راستی‌یەکەی ئەوەیەسەرۆك بووش‌و دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تا ئێستا مەسەلەی ئەفغانستان‌و عێراقیان تەواو نەکردوەو بەدەستیانەوە گرفتارن. لەو حاڵە دا کردنەوەی جەبهەیەکی دیکە مەنتیقی نایەتە بەرچاو، بەڵام سەررەقی‌و کەللەشەقیی رێبەرانی ئێران بەتایبەتی ئەحمەدی نەژادو لە عەینی حاڵ دا ئەوە کە بۆ ئەمریکا بۆتە شتێکی حەیسییەتی، ئەو نیگەرانی‌یە بەرەبەرە زیاد دەکا کە شەڕێکی وەکوو عێراق لە ئێرانیش روو بدا. کە باسی نیگەرانی دەکەم، لەبەر ئەوە نیە پێمان ناخۆش بێ کۆماری ئیسلامی برووخێ. لە ئێرانیش وەك عێراقێ رووخانی دیکتاتۆری خۆشە. بەڵام گرفتار بوون بەو چارەنووسەوە کە ئێستا عێراق ـ بە خۆشی‌یەوە کوردستانەکەی ژێر دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ نیەـ گرفتاری بووە پێم وایە ئارەزووی هیچ کەس نیە.

**راندال:** کەواتە پێت وایە هەر ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە باشترە لەوەی ئەمریکا یان هەر دەوڵەتێکی دیکە پەلاماری ئێران بدا.

حەسەن زادە: ئەو ئەمری واقیعەی لە ئێران هەیە بە هیچ جۆر لە هیچ شتێك باشتر نیە، بەڵام پێم وایە دەبێ رێگای دیکە بگیرێتە پێشێ.

**راندال:** لەو راپۆرتەی بیکەر ـ هامیلتۆن کە لەو دواییانە دا چاپ بوو پێشنیاری ئەوەیان کردبوو کە ئەمریکا لەگەڵ ئێران‌و تورکیا گفتوگۆ بکا. ئێوە دژی ئەو پێشنیارەن یان نا؟

حەسەن زادە: لەگەڵ ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی مەسئوول نیەو بە هیچ جۆر جێی باوەڕ نیە، بەش بەحاڵی خۆم‌و هەروەها بەپێی سیاسەتی حیزبیش، دیالۆگ لەگەڵ هەموو تەرەفەکان بە شتێکی مەنتیقی دەزانم‌و بە باشترین رێگای چارەسەری موشکیلاتی دەزانم. پێم وایە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێرانێ دا، بێجگە لە دیالۆگ رەنگە رێگای دیکەش هەبن. نە بە تەنیا دیالۆگ‌و نە شەڕ رەنگە هیچیان کارساز نەبن. بەڵام رێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێرانێ مەجبوور بە گۆڕان بکرێ. وابیر دەکەمەوە هەم عێراقی سەدام حوسێن‌و هەم ئێرانی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەگی ئەو دەوڵەتانە بوونە ئەو خەتەرە، کە دوایە فکریان لەوە کردۆتەوە بەزۆر بیان‌رووخێنن.

**راندال:** ئەمن پێم وایە ئەگەر شەڕێکیش لە نێوان ئێران‌و ئەمریکا روو بدا، بەو شێوەیە نابێ کە وەکوو عێراق هێزی زەمینی بنێرێ بۆ ئەوەی ئێران داگیر بکا. لەوانەیە شتەکە زیاتر بەشێوەی بۆمبارانی هەوایی بێ. بەس لە هەمان کات دا ئەوە ئێران تەحریك دەکا کە هێندێك "عکس‌العمل"ی هەبێ.

حەسەن زادە: لەواقیع دا خەتەرەکە لەوە دایە. چونکە بۆمبارانی ئێرانێ، ئەوەڵەن ئەو هەدەفە ئەسڵییانە ناپێکێ، چونکە ئەو شوێنانەی کە بە ئیحتیمالی زۆر ئێران خەریکە چەکی ئەتۆمی‌یان لێ ساز دەکا هەتا ئێستا کەشف نەبوون. بۆمبارانی نیرووگای "بوشهر" و "نەتەنز" و ئەوانە چاری مەسەلەکە ناکا. لە پاشان ئەم رێژیمە بە بۆمبارانی فلان مەرکەزی نیزامی یان فلان مەرکەزی ئەتۆمی ناروخێ. رێژیمەکە هەروا دەمێنێ هارتر لەوەی کە ئێستا هەیە، لە پاشانیش رێژیم دەستی بە ئەمریکا راناگا، دەستی بە ئورووپا راناگا. بەڵام



خۆ دەستی بە دۆستانی ئەمریکاو بە پایەگاکانی ئەمریکا لە مەنتەقە دا رادەگا. ئەو وەختی شەڕێك دەست پێدەکرێ کە رەنگە دەست پێکردنی هاسان بێ بەڵام تەواو کردنی زەحمەت بێ.

**راندال:** ئەتۆ باسی ئەوەت کرد کە لەبەینی شەڕو دیالۆگ دا رێگایەکی دیکە هەیە ئەو رێگایە چیە؟

حەسەن زادە: وەکوو گوتم هەم ئێران، هەم عێراق بە کۆمەگی فەننی‌و تەکنیکی‌و چەکی وڵاتانی دیکە بوونە ئەم مەترسی‌یە.برینی ئەو کۆمەگانە لە تەرەف کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌یەوە، بەڵام نەك یەکێك بی‌پچڕێ‌و ئەوی دیکە نا، دەتوانێ باشترین رێگا بێ بۆ لاوازکردنی رێژیمی ئێران‌و لە نەتیجەدا بۆ رووخاندنی. لە پاشانیش هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. یەکێك لە ئیشکالەکانی سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە ئەو دوایانە نەبێ کەمێك گۆڕاوە ـــ باسی ئێرانێی کە کردووە گوتوویەتی ئێران وڵاتێکە ئەتۆم دروست دەکا، موخالیفی سوڵحی ئەعراب‌و ئیسرائیلە، تێرۆریزم سادر دەکا. ئەوە باشە، بەڵام ئەوە بۆ خەڵکی ئێرانێ زۆر مەفهووم نیە. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی نەهاتوون لە سەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانێ داو لەسەر پێشێل‌کردنی ئازادی‌یەکان پێ داگرن تا خەڵکی ئێران تێیان بگاو وەری‌بگرێ.

**راندال:** ئەمن تێ دەگەم کە بۆچوونی جەنابت وایە کە ئەمریکایی‌یەکان‌و غەربییەکان بە گشتی دەبێ ئەو یارمەتی‌یانەیان بۆ ئێران بپچڕێنن.

حەسەن زادە: وا تێدەگەم ئەوە باشترە. دیارە لە عیراقیش بەباوەڕی من ئەمریکا هەڵەی هەبوو. کە هات گوتی عێراق چەکی ئەتۆمیی هەیە، پێوەندیی بە قاعیدەوە هەیە، چەکی شیمیایی هەیە. نەهات بڵێ سەدام حوسێن خەڵکی دەکوژێ، تا ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە شاهیدیی بۆ بدەن، هات عیراقی گرت، نە چەکی ئەتۆمیی دەست کەوت نە تەنانەت چەکی شیمیایی کە زۆریشی بەکار هێنابوو، دەست کەوت. نە پێوەندییشی لەگەڵ قاعیدە بۆ سوور بوو. لە ئاخیرەکەی دا مەجبوور بوو بڵێ مەعلووماتەکەم غەڵەت بووە. لە ئێرانیش ئەگەر ئەوەی بکا دیسان هەڵەکەی دووبارە دەبێتەوە.

**راندال:** ئەوە راستە بەڵام ئەمریکا ئەگەر ئەو شتانەی دروست نەکردبایە هیچ کاتێك نەی دەتوانی هێرش بکاتە سەر عێراق. تەفسیری جەنابت لەمەڕ هێرشی ئەمریکا بۆسەر بنکەی ئێران لە هەولێر چیە؟

حەسەن زادە: ئەمن وەختی خۆی لەسەر ئەوە قسەم کرد، گوتم ئەگەر زووتریش کرابا باشتر بوو، چونکە ئەمریکا یان دەبێ عێراقێ بۆ کۆماری ئیسلامی بەجێبهێڵێ یان دەبێ کۆماری ئیسلامی لە عێراق دەر بکا. ئەوەش دیارە کە ئەو شوێنە کونسولگەری نەبوو، نوێنەرایەتیی ئیتیلاعات لە هەولێر بوو.

**راندال:** موشکیلەکە ئەوە بوو کە ئەو شتە لە کوردستان کرا، رێك لەو کاتە دا کرا کە بووش ستراتیژیی خۆی راگەیاندو هوشداری‌یەکی زۆری بە ئێران و بە سووریە دا کە لەمەولا لەگەڵیان توند دەبێ. بەس لە هەمان کات دا ئەم کارە کێشەیەکی زۆری بۆ حکوومەتی هەرێم دروست کردوە لە کوردستان. یانی ئەمریکا هاتوە لەسەر خاکی ئەوان لە ئێران بدا.

حەسەن زادە: ئەمن لەو بارەیەوە بەداخم کە ئەو حەملەیە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم کرا کە دۆستی واقعیی ئەمریکا لە عێراق دا کوردەکانن. پێم وایە دەبووایە بە ئاگاداریی کوردەکان بێ. بەڵام وا دیارە ئەو بەرنامەیە پێشتر داڕێژرابوو، بۆیە لەوێ جێبەجێ کراو ئەوە ئەوەڵین تەجرەبەی عەمەلیی بەرنامەی تازەی جۆرج بووش بوو کە گوتی ئێمە شوێنەکانیان دەناسین‌و لە بەینیان دەبەین. دەنا ئەمنیش گوتم کە دەبوو بە هاوکاری لەگەڵ حکوومەتی هەرێم بێ. پاشانیش دەکرێ ئەو گیروگرفتە بەوە حەل بکرێ کە ئەو بیانگرێ‌و حکوومەتی هەرێمیش ناڕەزایی دەربڕێ. واتە هەرکەس کاری خۆی بکا.

**راندال:** ئەمن لە بۆچوونەکەی جەنابت تێدەگەم ، بەڵام ئەگەر ئەوەمان لەبەر چاو بێ جعفر صحرارودی شەوێك بەر لەوە میوانی کاك مەسعوود بوو لە مەسیف، ئەمە شتێکی ناخۆش بوو چونکە ئەو میوانی کاك مەسعوود بوو ئەمریکایی‌یەکان ویستبوویان بیگرن.

حەسەن زادە: بەداخەوە نەگیراوە، ئەگەر گیرابا بایی ئەو پێ ناخۆشبوونە دەبوو.

**راندال:** ئەمن‌و تۆ لەوانەیە وای بۆ بچین بەس نازانم کاك مەسعوود...

حەسەن زادە: ئارەزوو دەکەم ئەویش هەروای بۆ بچێ.

**راندال:** ئەو هێرشە کە کرا هەدەفی سەحراروودی بوو.

حسن زدە: ئەمن پێم وایە ئەو هێرشە زووتر رێك‌خرابوو، زووتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. چونکە هاتنی سەحراروودی دوو رۆژ پێشتر بوو. ئەو شناساییەی کە بۆ ئەم کارە کرابوو، پێم وایە زووتر بوو.

**سیسیل ئەنیون:** جەنابت باسی ئەوەت کرد کە ئەمریکا دەبووایە زووتر عەمەلی بکردایە بەرامبەر بە ئێران، پێت وایە ئەو نفووزەی کە ئێستا ئێران لە عێراق هەیەتی ئێستا چەندە، یانی بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتێك کە حکوومەتی مەرکەزیی عێراق هەیەتی. پێت وایە ئێرانی‌یەکان چەند نفووزیان زیاترە؟

حەسەن زادە: بەداخەوە رەنگە تەنیا ئێران نەبێ بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێراقێ دا ـ هەموو جارێ کە باسی عێراق دەکەم حکوومەتی کوردستانی لێ دەردەاوێم ـ لە عێراقێ دا ئەوەی لە هەمووان پتر دەستی دەڕوا تێرۆریستەکانن نەدەوڵەتی عێراق‌و نە تەنانەت ئەمریکا بەو هەمووە دەسەڵاتەی خۆیەوە. چونکە ئەوان چیان پێ خۆش بێ دەیکەن، لە حاڵێك دا دەوڵەتی عێراق وانیە.

**راندال:** کە وایە پێت وایە بە بەراورد لە گەڵ حکوومەتی مەرکەزیی عێراق، حکوومەتی هەرێم زیاتر توانیویەتی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکات؟

حەسەن زادە: تەنیا پێ‌وابوون نیە، بەڵکوو راستی‌یە.

**راندال:** پار هێندێك تەزاهوڕات‌و خۆپێشاندان لە شارە کوردەکانی ئێران کرا، ئێستا پاش چەند مانگ تۆ ئاکام‌و تەئسیری ئەو خۆپێشاندانانە چۆن دەبینی؟

حەسەن زادە: ئەو خۆپێشاندانانە دەتوانم بڵێم لە کاتی خۆشی دا هەر ئەوەندە فایدەی هەبوو کە نیشان بدا ئەو میللەتە داخوازی لە دەوڵەت هەیەو ئەو میللەتە زیندوویە، سەرکوت نەکراوە. ئەگینا نە ئێران هەمووی لە کوردستانەوە رزگار دەکرێ‌و نە کوردستان دەتوانێ بەو حەرەکەتە یان بە حەرەکەتێکی دیکە لە ئێرانێ جوداوە بێ. کەوابێ تەئسیری یەك لاکەرەوەی نابێ.

**راندال:** ئەگەر ئێستا سەیرێکی دواوە بکەین‌و سەیرێکی ئەو خۆپێشاندانانە بکەین، چۆن دەستی پێ کرد؟ شتێکی لە خۆوە بوو، لە نێو خەڵکەوە دەستی پێ‌کرا یان شتێکی رێك‌خراو بوو؟

حەسەن زادە: لە راستی دا دەسپێك‌و ئیدامەکەی فەرقی هەیە. دەسپێکەکەی بەهانەیەك بوو کە خەڵکەکەی ئامادەیە، خەڵکەکە دەستی پێ‌کردوە، بەڵام دواتر حیزبە سیاسی‌یەکان هیدایەتیان کرد.

**راندال:** بۆچی هەر لەو کاتە دا خەڵك ئاوا تووڕە بوون لە رێژیم؟

حەسەن زادە: ئەوە رووداوێك بوو کە لە مەهابادێ رووی دا. لاوێکیان بە ناوی (شوانە سەید قادر) بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشت، ئەوە بوو بە هۆی لێدرانی ستارتەکە، لە پاشانیش ساڵرۆژی شەهید بوونی د.قاسملووی بەسەردا هات، ئەوەش بوو بە بەهانەیەك کە هەم لە مەهاباد و هەم لە شارەکانی دیکە حەرەکەتە ئیعتیرازی‌یەکە وەڕێ بکەوێ. ئەوە زۆر شاری گرتەوە وەك مەهاباد ، بۆکان، سەقز، شنۆ، سەردەشت...

راندال: گوتت حیزبە کوردی‌یەکان بەشدار بوون، هەر ئێوە بوون یان ئەوانی دیکەش بەشدار بوون؟ هاوکاری لە هیدایەت کردنی دا هەبوو؟

حەسەن زادە: هاوکاری نەبوو. بەڵام تەقریبەن هەموویان، دیارە بەشی زۆری هی حیزبی دیموکرات بوو، چونکە لە نێو خەڵك نفووزی زیاترە.

**راندال:** جەنابت گوتت کە ئەو

**پێم وایە بۆ گۆڕینی وەزع لە ئێرانێ دا، بێجگە لە دیالۆگ رەنگە رێگای دیکەش هەبن. نە بە تەنیا دیالۆگ‌و نە شەڕ رەنگە هیچیان کارساز نەبن. بەڵام رێگای دیکە هەیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئێرانێ مەجبوور بە گۆڕان بکرێ**

←

هێرشەی له هەولێر کرایه سەر بنکەی ئێرانییەکان له هەولێر، پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو.

حەسەن زادە: وا فکر دەکەمەوە، خۆ من ئاگام لێی نیه.

**راندال:** پێت وایه رێکەوت بوو کە سەحراروودی رێی کەوتە ئەوێ؟

حەسەن زادە: ئەو کە هاتۆتە ئەوێ رێکەوت نیە، چونکە ئەو کە هاتوە سەردانی ئەوێ دەکا، ئەوە شتێکی سەیر نیە.

پێم وایه ئەوەیان کە سەحراروودی لەوێ بووە، زیاتر رێکەوتە تا ئەوەی لە پێشدا بەرنامەی بۆ دارێژرابێ. ئێستێ پێم بڵێ جەعفەر سەحراروودیلەوێیه یان لەوێ نیه؟

وەرگێڕ: له هەولێر؟

حەسەن زادە: نا مەبەست ئەوەیه گیراوه یان نەگیراوه؟

**راندال:** ئەمن پێم وایه ئەوانه هیچ بیرێکیان له وه نەکردۆتەوە کە سەحراروودی له وێ بێ.

حەسەن زادە: یەکێك بە منی گوت کە سەحراروودی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە، رەنگە ئەوان جێی دیکەیان هەبێ، گوتی لە سەد میتریی ئەو جێگایە بووە کە ئێرانییەکانی لێ-گیراون.

**راندال:** شەوی پێشتر میوانی کاك مەسعوود بووە، پێم وایە شەوێ لەوێ مابێتەوە لە سەلاحەددین.

حەسەن زادە: خەبەر نیگارێکی ئەمریکایی بوو کە ئەو قسەیەی بەمن گوت، گوتی سەحراروودی لە سەد میتریی ئەو شوێنە بووە کە ئەوانەی لێگیراون. جا لە رووی چیەوە دەڵێ، نازانم . دەنا ئەوەی دەزانم رۆژی پێشدا چاوی بە کاك مەسعوود کەوتوەو رۆژی پێشتریش چاوی بە مام جەلال کەوتوە.

**راندال:** پێوەندیی ئێوە لەگەڵ کۆمەڵە چۆنە ئەم رۆژانە؟

حەسەن زادە: لە سەر یەك دۆستانەیە، کۆمەڵە دوون، لەگەڵ هەردووکیان هەر پێوەندییەکانمان دۆستانەیە.

**سیسیل:** ئایا ئێوە لەو ماوەیەدا کە ئەمریکا لێرە بووە، هیچ موحاوەلەیەکتان کردوە کە چاوتان پێیان بکەوێتو بۆچوونو روانگەی خۆتانیان پێبگەیەنن؟

حەسەن زادە: ئێمە نەك هەر لێرە زیاتر لە واشینگتۆن هەوڵمان داوه پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاییەکان هەبێ. لە ساڵی ١٩٩٥ەوە ئێمە نەوعێك پێوەندیمان لەگەڵ ئەمریکایی-یەکان هەبووە.

سیسیل: پێت وایە ئێستا ئەمریکاییەکان تێگەیشتنیان هەیە لە روانگەی کوردی ئێران، وەزعیەتەکەو دەربارەی روانگەی ئێوە بۆ داهاتووی مەسەلەکان؟

حەسەن زادە: پێم وایە زۆر ئاسانە کە ئەوان لە روانگەی ئێمە حاڵی بن، بەڵام ئەوەی سیاسەت بەوان دیکتە دەکا، روانگەی ئێمە نیە، روانگەی خۆیانە.

**راندال:** ئایا هیچ شتێك لە ئارادا هەیە کە ئەوان بیانەوێ ئێوە بەکار بێنن بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، چونکە راپۆرت هەیە کە ئەوان بە تەمای هەندێ پێوەندیی لەو جۆرەیان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵك هەیە، لە کاتێك دا بەباوەڕی من موجاهیدینی خەڵك رێکخراوێکی بێئیعتیبارن.

حەسەن زادە: بەڵێ موجاهیدینی خەڵك ئەوان بە تێرۆریستیان ناسیون، لەمێژە، بەڵام لە عەینی حاڵدا پێوەندییان لەگەڵیان هەیە. حیزبی دێموکرات بە حیزبێکی بە پرەنسیپ ناسراوە. کەوابێ بۆ دەبێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندییان نەبێ؟ ئەمن پێم وایە لەسەریەك هەروەختێك ئەمریکا یا هێزێکی دیکە بیهەوێ لە ئێرانێ دا گۆڕانێك پێك بێنێ، کوردەکان فاکتەرێکن کە نابێ لە بیر بچنەوە. پاش کوردەکانیش ئەو میللەتانەی ئێرانێ کە بە میللەتی زۆرلێکراو حیسابن وەکوو ئازەرییەکان، بەلووچەکان، تورکەکان، عەرەبەکان، ئەوانیش فاکتەرێکن کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ.

**سیسیل:** پێت وایە کە ئەوان بەو شێوەیە پێویستو جیددیە بایەخ بە ئێوە یان بە حیزبەکانی دیکە نادەن؟

حەسەن زادە: پێم وایە هەتا ئێستێ ئەو بایەخە نەدراوە بە دەلیلی ئەوەی ئەوان تا ئێرە یا لانیکەم تا ئەو بەینانە، بەرنامەیەکی جیددییان لە دژی ئێران بەدەستەوە نەبووە. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە قەت حەز ناکەم ئەو شتە ببیسم کە ئێمە بەکار دێنن، یانی وەکوو ئامرازێك بەکارمان دێنن. پێمان خۆشە وەکوو دوو دۆست، دوو کەس یان وەك دوو لایەن کە قازانجیان پێکەوە دەخوێنێتەوە، پێوەندیمان هەبێ نەك ئەوە کە ئێمە ئامراز بین بە دەستی ئەوانەوە.

**راندال:** ئەو شتێکی زۆر ئاقڵانەیە، دەبێ هەروا بێ.

**راندال:** بەس هێندێك قسەوباس هەیە کە ئەمریکاییەکان پژاك بەکار دێنن. تەحریکی دەکەن لە دژی کۆماری ئیسلامی، کە وێ ناچێ ئەمە شتێکی زۆر ئاقڵانە بێ چونکە تەسەوری گشتی وایە کە پژاك بە نەوعێك پێوەندیی بە p.k.kوە هەیەو تورکەکان لەوە زۆر دڵگران دەبن، چونکە ئەوان ئەمریکاییەکان دەڵێن . p.k.kحیزبێکی تێرۆریستەو پێیان قبووڵ نیە کە ئەمریکا یارمەتیی پژاك دەدا لە دژی ئێران، لە کاتێك دا کە تورکیا دژی هەردوو حیزبەکەیە، قبووڵ ناکا کە ئەمریکا یارمەتی بەو دوو حیزبانە بدا.

حەسەن زادە: نازانم یارمەتی دەکا یان نا.

**راندال:** جەنابت خەریکە زۆر دیپلۆماتیك رەفتار دەکەی. حەسەن زادە: نا بە پێچەوانە ئەمن پێم خۆشە لە دیالۆگدا زۆر سەریح بمو لەجێ دا

**حەسەن زادە: پێم وایە هەتا ئێستێ ئەو بایەخە نەدراوە بە دەلیلی ئەوەی ئەوان تا ئێرە یا لانیکەم تا ئەو بەینانە، بەرنامەیەکی جیددییان لە دژی ئێران بەدەستەوە نەبووە. پێم خۆشە ئەوەش زیاد بکەم کە قەت حەز ناکەم ئەو شتە ببیسم کە ئێمە بەکار دێنن، یانی وەکوو ئامرازێك بەکارمان دێنن. پێمان خۆشە وەکوو دوو دۆست، دوو کەس یان وەك دوو لایەن کە قازا نجیان پێکەوە دەخوێنێتەوە، پێوەندیمان هەبێ نەك ئەوە کە ئێمە ئامراز بین بە دەستی ئەوانەوە.**

دیپلۆماسیم زۆر پێ خۆش نیە، رەنگە عەیبی کاری من ئەوە بێو ئەگەر دیپلۆماسیم بەکار هێنابا وام نەدەگوت.

**راندال:** من ئینسانێکی بە تەمەنم تەجروبەیەکم هەیە لەو بارەیەوەو پێم وایە بەراستی ئەو شتانەی ئەمریکا دەیانکا زۆریان ئاقڵانە نین.

حەسەن زادە: بەڵێ، ئەمریکا بەتایبەتی لە عیراق زۆری هەڵە کردوە. ئەمریکاییەکان بۆخۆشیان ئێستا پێی لێدەنێن.

**راندال:** دوای نەمانی جورج بووش لە ئەمریکاو کاتێك کە سەرۆك کۆمارێکی تازە دێت ئیحتمالی ئەوە نادەی کە لەوانەیە ئەو سەرکۆمارەی دێ هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بکێشێنێتەوە یان ژمارەی هێزەکان کەم بکاتەوە؟ ئەگەر ئەوەش روو بدا، پێت وایە ئەوە چۆن تەئسیر لە هەرێمی کوردستانو پێگەی کورد دەکا؟

حەسەن زادە: پێم وایە ئەو پرسیارە دەبێ ئەمن لە مستەر راندال بکەم چونکە ئەو شارەزای ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکایە. نەئەمن. بەڵام بەهەرحاڵ رەئیی خۆم دەڵێم: پێم وایە ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی دوو حیزبی هەیەو دوو سیاسەتی هەیە، لە ستراتیژیی گشتی دا ئەو دوو حیزبە ناتوانن ئەوەندە فەرقیان هەبێ. پاشان پێم وایە ئەمریکا مەحکوومە بەوەی لە عیراقێ سەرکەوێ. چونکە ئەگەر لە عیراقێ بشکێ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشکێ. بۆیە پێم وایە ئەمریکا دەبێ دیسان حازر بێ نرخی زیاتر بدا بۆ سەرکەوتن لە عیراقێ. نرخی زۆری داوە. واقعییەت ئەوەیە پێشبینیی نەکردبوو.

**راندال:** ئەو بۆچوونەی جەنابت راستەو لێرە لە زۆر کەسی دەبیسین. بەڵام راستییەکی دیکەی حاشای لێ ناکرێ. ئەویش ئەوەیە کە تەنانەت زلهێزەکانیش شەڕەکان دەدۆڕێنن.

حەسەن زادە: ئەوە راستە. هەر ئەمریکا بۆخۆی وێتنامی دۆڕاندو تەنانەت سۆمالیشی دۆڕاند. بەڵام مەسەلەی عێراق بە باوەڕی من زۆر گرنگترە تەنانەت لە وێتنامیش.

**راندال:** ئەو بۆچوونەی جەنابت راستە، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە، هیچ ئاسۆیەکی روونیش دیار نیە کەی تەواو دەبێ. لە هەمان کات دا بووش پشتگیریی خەڵکی ئەمریکای لەدەست داوە، پشتگیریی خەڵکی عێراقیشی لەدەست داوە. لەوەش خراپتر خەریکە پشتگیریی حیزبەکەی خۆشی لەدەست بدا. لە هەمان کات دا حافیزەی ئەمریکاییەکان حافیزەیەکی کورتبینانەیە. لەوانەیە ئەوەندەی ئێستا دەبینن، ئەوەندە رابردوو نەبینن.

حەسەن زادە: ئەمن زۆر جارم گوتوە سەرۆك بووش دە رۆژ دوای رووخانی سەددامی گوتی شەڕ لە عێراقێ تەواو بوو. بەڵام ئەگەر ئێستا لێی بپرسن شەڕ کەنگێ تەواو دەبێ، رەنگە بڵێ خوا دەزانێ.

**راندال:** بۆچوونەکان لە نێوخۆی ئەمریکا زۆر فەرقی هەیە، ئێستا خەڵك زۆر بە جیددی دەیانەوێ ئەمریکا لە عێراق بێتە دەرێ. بەس دەبێ ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگرین کە لە ئەمریکا هەر دوو ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ کۆنگرە دەکرێ، هەر شەش ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ سەنا دەکرێ، هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ سەرکۆمار دەکرێو زۆر ئیحتیمالی هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەمریکا دا ئەو کەسە بتوانێ ببێ بە سەرکۆمار کە پلاتفۆرمی ئەسڵیی حیزبەکەی ئەوە بێ لە عێراق بێتە دەرێ. هەرچەند ئەوە شتێکی مەنتیقی نیەو زۆر خەڵکیشی لەگەڵ نیە، بەڵام رەنگە ئەو شتە لەنەکاو روو بدا.

حەسەن زادە: بەهەر سووڕەت پێشبینی ناکرێ بەڵام راستییەکەی ئەوەیە شکانی ئەمریکا لە عێراق کارەساتێکی زۆری بەدواوە دەبێ. هەم بۆ ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکاو هەم بۆ مەنتەقەکە. ئێستا نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورەی ئەمریکا چی لێ دێ؟ ئەمریکا لەوە دا بشکێ لە راستی دا تەواوی بەرنامەکانی تێك دەچنەوە. کارەساتێکی گەورە دەبێ بە نیسبەت حەرەکەتی دیموکراتیزاسیۆن لەو مەنتەقەیە دا.

**راندال:** ئێوە وەك کورد دەبێ ئەو راستییەتان لەبەر چاو بێ کە ئێستا لە ئەمریکا هیچ کەسێك باس لە نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە ناکاو شتەکە بەیەکجاری لەبیر چۆتەوە. ئەوە هی ئەو سەردەمە بوو کە بووش مەغروور بووو ئەو دەسکەوتانەی تازە وەدەست هێنابوون. ئێستا لە ئەمریکا روانگەی گشتی لە نێو سیاسەتمەدارەکان ئەوەیە کە چۆن بتوانن یەکیەتییەك لە نێوان دەوڵەتە عەرەبییە سوننییەکان دروست بکەن، بۆ ئەوەی رێگە لە نفووزی شیعە لە عێراق بگرن. بۆیە هەرچەندە پێشتر دوای شەڕەکە ئەمریکا دەیگوت دەبێ دێموکراسی دەست پێبکا لێرەوە، بەتایبەتی فشاریان لەسەر سعوودیە دادەنا. بەڵام ئێستا بەتەواوی گۆڕاوە، خواخوایانە ئەوان ببن بە هاوپەیمانیان بۆ ئەوەی پێش بە ئێرانو شیعەکان بگرن.

حەسەن زادە: ئەگەر ئەمریکایی-یەکان لێرە نەبن، ئەوانیش ناتوانن پێش بە نفووزی ئێران بگرن.

**راندال:** پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا فەرانسەییەکانو بریتانیاییەکان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان کۆنترۆڵ دەکرد، بەڵام لە کاتی رووداوەکەی کانالی سویزەوە دەسەڵاتی ئەوان کۆتایی پێ هاتو ئەمریکا هاتە جێگایان. ئێستاش پاش پەنجا ساڵ لەو رووداوە، لەوانەیە مەسەلەی عێراقیش کۆتایی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ.

حەسەن زادە: هەر بۆیە لە پێش دا گوتم دەبێ ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم. بەڵام دیسان بەشبەحاڵی خۆم ئارەزووی ئەوە ناکەم کە ئەمریکا دوچاری شکستێکی ئاوا گەورە ببێ چونکە عەرزم کردی تراژیدیی تێدا دەبینم بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**راندال:** پێم وایە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا گوێی لە راسپاردەکانی لیژنەی بیکەرو هاملتۆن بگرتایەو قسەکردن لەگەڵ ئێرانو سووریای دەست پێبکردایە، لەوانەبوو رێگەی لەو تراژیدیا گەورەیە بگرتایە.

حەسەن زادە : ئەمن لە پێشەوە عەرزم کردی کە پێم وایە رێگاحەل بۆ هەموو مەسەلەکان پێش هەموو شتێك دەبێ دیالۆگ بێ. پێم وایە نە سووریە، حەتتا نە ئێران، ـ کە دەسەڵاتێکی گەورەترە ـ ئەو هەڕەشەیە نین. نە بۆ ئەمریکاو نە بۆ ئوورووپاو تەنانەت نەبۆ ئیسرائیلیش، بەڵام ئاڵۆزترکردنی ناوچەکە دەتوانێ فاجعە بۆ هەموو لایەك بەبار بێنێ. کەچی حەرەکەتی ئیدارەی بووش ئێستا بەرەو ئەوە دەچێ کە قەزیەکە گەورەتر بکا. هەر هێنانی بیستویەك هەزارو پێنسەد سەربازی زیادی بۆ عێراقو ئەو کاردروستاییانە کە ئێستا دەیان بینین وانیشان دەدەن کە لەوانەیە بەرنامەی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئێرانیش هەبێ.

**راندال:** ئەمنیش لەگەڵ ئەوەدام کە رەنگە وەك جەنابت گوتت ئاماژەکان بۆ ئەوە بچن کە ئەو بەرەنگاربوونەوەیە گەورەتر بێ، بەڵام ئەمە حەتمەن بەو مانایە نیە کە ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکا. بووش شەڕێکی دەست پێکردوە کە ئێستا خۆشی نازانێ چۆن تەواوی بکا، ئەگەر ئیحتیمالی ئەوە هەبوایە کە لەگەڵ ئێرانو سووریە قسەی بکردایە رەنگ بوو بتوانێ تۆزێ مەسەلەکان خاوتر بکاتەوەو باشتر کۆنترۆڵی بکات. لەوانەیە لە روانگەی ئێوەوە وەکوو حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، ئەوە بۆخۆی جۆرە بەڕەسمی ناسینێکی ئێران بێ کە دوای بیستوهەشت ساڵ ئەمریکا دەچێ لەگەڵ ئێران دا گفتوگۆ دەکا. بەڵام لەلایەنە عەمەلییەکەشەوە لەوانەیە ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە مەسەلەکان، هەرچەندە لەوانەیە لە چاوی ئێوە ببێتە هۆی بەهێزکردنی ئێران.

حەسەن زادە: بمان هەوێ نەمان هەوێ ئێران واقعیەتێکە. کەس ناتوانێ ئینکاری بکا، بەڕەسمی ناسراوەو دەوڵەتێکە هەیەو یەکێکیش لە دەسەڵاتە گەورەکانی ئەو مەنتەقەیەیە لەگەڵ ئەوەش دا پێم وایە هەرچەند بەڕەسمی ئێعلان نەکراوە، ئاڵتەرناتیڤی قسەکردن لەگەڵ ئێرانێ هەتا ئێستا لە ئاژەندای ئەمریکا نەچۆتە دەرێ. پێم وایە ئێستاش لە بەرنامەی ئەمریکا دا هەیە لەگەڵ ئێران وتووێژ بکا. وانیە کە ئەوەی بە تەواوی وەلا نابێ. رەنگە وتووێژێکی ئابڕوومەندانە لەگەڵ ئێرانێ یان تەنانەت لەگەل سووریەش رێگایەکی باشتر لە لەشکرکێشی بێ. ئابڕوومەندانەش ئەوەیە کە لە عەینی حاڵ دا کە تەزمین دەدەن بە ئێران کە رێژیمەکە نەڕووخێنن، هێندێك تەزمیناتیش لەبارەی دیموکراسیو حقووقی ئینسانیو تەجاوزنەکردن بۆ دراوسێکان لە ئێران وەربگرن.

**راندال:** لە ئەمریکاش شتێکی وا هەیە کە دەڵێن شتەکە زیاتر پێوەندیی بەو شەڕە گەورەیەوە کە ئێستا لە بەغدا قەرارە بیکەن، ئەم پلانە ئەمنیە تازەیە، دەڵێن کە ئەگەر بووش لەو پلانە سەرکەوێو ئەمریکا بیباتەوە ، ئەو کاتە بووش دەتوانێ لە هەڵوێستی بەهێزترەوە قسە بکاو بڵێ باشە ئێستا ئەمن دەتوانم لە گەڵ ئێرانیش هێندێك قسە بکەم. بەڵام ئەگەر بێتو بدۆڕێ، ئەوکاتە ناچار دەبێ جۆرێکی لەگەڵ ئێران دا قسە بکا. بۆیە شتەکان زیاتر پێوەندییان بەوەوە هەیە، بەڵام هەرچەند دەکەم بڕوا ناکەم بووش ئەوەندە زیرەك بێ لەو شتانە تێ بگا.

حەسەن زادە: ئەمن ناڵێم زۆر زیرەك نیە، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم زۆر ئومێدم بە سەرکەوتنی ئەو نەخشە تازەیەشیان نیە. چونکە تەجروبەی چەند ساڵ نیشانی داوە نەخشەکانیان زۆر عەمەلی نین. هەتا نەخشەیەك دادەڕێژن، تەماشا دەکەی جموجۆڵی تێرۆریستەکانو موخالیفانی سەقامگیربوونی وەزعەکە زیاتر دەبێ.

**ئەمن پێم وایە لەسەریەك هەروەختێك ئەمریکا یا هێزێکی دیکە بیهەوێ لە ئێرانێ دا گۆڕانێك پێك بێنێ، کوردەکان فاکتەرێکن کە نابێ لەبیر بچنەوە.**

**راندال:** لە کوردستان چی؟

حەسەن زادە: پێم وایە لە هەرێمی کوردستان تا ئێستاش ئەمریکا نفووزی خۆی هەر پاراستوە، لەگەڵ ئەوەی گلەییان لێی هەیە.

**راندال:** یانی خەڵکیش هەستی باشە بەرامبەریان؟

حەسەن زادە: بەڵێ پێم وایە.

**راندال:** ئێستا با ئەو سیناریۆ رەشە لەبەر چاو بگرین کە ئەمریکا چۆ دەرێ، ئەگەر وادابنێی کە ئەمریکا لە عێراق رۆیشتەدەر، پێت وایە حکوومەتی هەرێم دەتوانێ ئەو شتانەی کە تا ئێستا وەدەستی هێناونو ئەو وەزعیەتەکە هەیەتی بپارێزێ، یان وەزعەکە ئەوەندە تێك دەچێ کە لەلایەك ئێرانو لەلایەکی دیکە تورکیا و لەلایەکی دیکەوە هەر وڵاتێك بۆخۆی دێتە ژوورەوە...

حەسەن زادە: پێشبینییەکی زۆر تاڵە، لەو حاڵەدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ وەزعێکی دژوار بەرەوڕوو دەبێ. چونکە لەگەڵ هەموو ئیختیلافاتێك کە پێکەوەیان هەیە، ئەو دەوڵەتانە بەرامبەر بە مەسەلەی کوردو بەرامبەر بە کوردستان هەموویان موتتەفیقن. لە حاڵێك دا بۆ حکوومەتی کوردی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێکیشیان هەر زەحمەتە. هەر ئەوەشە کە دەڵێم ئەگەر ئەمریکا لێرە بڕوا کارەسات دەقەومێ.

**راندال:** ئەمنیش هەر بۆچوونی تۆم هەیە.

ئێمە وامان بیستوە کە لەتبوونێك لەم دواییانە دا لە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رووی داوە. پێت وایە بتوانن بەسەر ئەو ئیختیلافاتە دا زاڵ بن؟

حەسەن زادە: پێم ناخۆشە قسەکەم درێژ دەکەمەوە، بەڵام مەسەلێك دێنمەوە، دەڵێن کابرا گوتی ژن بۆ کوڕەکەم دێنم، گوتیان کێی بۆ دێنی؟ گوتی کچی پاشای بۆ دێنم، گوتیان جا شتی وا مومکینە؟ گوتی بەڵێ. نیوەی مەسەلەکە حەللە، ئەمنو کوڕەکەم رازیین، هەر ماوە پاشاو کچەکە رازی بن. ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوە هەیە، ئەگەر بە من بایە ئەو لەتبوونە هەر نەدەبوو. ئێستاش هەر ئارەزوو دەکەم ئەو لەتبوونە تەواو بێ.

**راندال:** ئەوە کەی بوو؟

حەسەن زادە: رۆژی ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦

**راندال:** ئەوە کە باسی مەسەلەکەت کرد کێ پاشایەو کێ پیاوەکەیە؟

حەسەن زادە: ئەمن پیاوەکەم.

# کێ شەڕفرۆشەو کامەیە ئیفلاسی سیاسی؟!

سەرانی لەتە پاوانخوازەکەی حیزبی دیموکرات، ئەمجاریش بە دوای وەڕێخستنی پەلاماری خوێناویی دەستو پێوەندەکانیان بۆ سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و، دەنگدانەوەی ئاکامە دوژمن شادکەرەکانی ئەم شاکارەیان لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان دا، ناشیانە هەوڵیان دا ڕاستیی ڕووداوەکان بشێوێنن‌و پاساوێك بۆ توندوتیژی نواندن‌و هاندانی ئەفرادی خۆیانی بۆ هێرشبردنە سەر لایەنی بەرامبەر بدۆزنەوە. بەو مەبەستە وێڕای چەند لێدوان‌و وتووێژ کە نێوەڕۆکەکەیان، ئیددیعاکانی پێشووی خۆیان پووچەڵ دەکردەوە، ڕاگەیەندراوێکیشیان بە ناوی سکرتاریاکەیانەوە لە ژێر ناوی "سیاسەتی شەڕفرۆشی بە مەبەستی خۆناساندن ئیفلاسی سیاسی‌یە"دا بڵاو کردۆتەوە.

لێرەدا زۆر لەسەر ئەو ئیددیعا بێ‌نێوەڕۆکانە ناڕۆین کە سکرتاریای کاك حەمەنەزیف قادری لەبارەی تازەترین پەلاماری چەقۆکێش‌و گۆپاڵ بە دەستەکانی بۆسەر هاوڕێیانمان ڕیزی کردوون. ئیددیعاکانی ئەمجارەش شتێکن لە چەشنی ئەو ئیددیعایانەی لە بەناو ڕوونکردنەوەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی مانگو نیوێك لەمەوبەریان دا هێنابوویانە گۆڕێ. ئەو کات بۆ وێنە لەباری ئەو کارەساتەی بەسەر هاوڕێ "ئارەش زەمانی" یان هێنا، ڕایان گەیاند کە ناوبراو سەر بەوانەو کێشەکەی، کێشەی شەخسی‌یە نەك سیاسی‌و، بۆخۆی بە چەقۆ (دەیان چەقۆی) لە خۆی داوەو ئەوان گەیاندوویانەتە نەخۆشخانەو خوێنیان پێ‌داوەو لە مردن ڕزگاریان کردوە! بەڵام کاتێك ڕاستیی ڕووداوەکە بۆ دەزگا پێوەندیدارەکان ڕوون بۆوەو چەقۆکێشەکان کەوتنە زیندان‌و "ئارەش زەمانی" لەبەردەم دەیان ڕاگەیەنی گشتی‌و میدیای ئازاد دا هەموو قسەکانیانی وەدرۆخستنەوە، هەر لەم سکرتاریایە ڕا، کەوتنە هەوڵی لە بەند ڕزگارکردنی چەقۆکێشەکان‌و، بۆ ئەوەی لە ئاکامی زۆر مانەوە لە زیندان لە داخان نهێنی‌یەکان نەدرکێنن، بۆیان بوون بە کەفیل‌و، هێنایاننەوەو لەلای سەرووی خۆیان دایاننان‌و دەستخۆشیان پێ‌گوتن.

ئەم جارەش سکرتاریای کاك حەمەنەزیف قادری ئیددیعا دەکا کە هاوڕێیانی ئێمە لە دێگەڵەو جێژنیکان، شەڕیان بە جەماعەتی وان فرۆشتوەو تەنانەت تەقەیان لێ‌کردوون‌و بۆخۆیان زیانیان بە خۆیان گەیاندوە هەر بۆ ئەوەی ڕووی حیزبەکەی کاك حەمەنەزیف‌و دەستو پێوەندەکانی ناشیرین بکەن!! ئێمە ئارەزوو دەکەین بەرپرسانی هێزەکانی حکوومەت بۆ پاراستنی ئاسایشی بنکەو کەمپەکانی حیزبی دیموکرات لە هەموو شوێنەکان (کۆیە، دێگەڵە،و جێژنیکان) وەقسە بێن تا ڕوون بێتەوە شەڕفرۆشان‌و چەقۆکێشەکان‌و گۆپاڵ بەدەستان لەکام لایەنن. ئەگەرچی هەر ئەوە کە هەموو بریندارەکان‌و وێکەوتووەکان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانن، دەری دەخا کێ شەڕفرۆشەو کام لایەن شەڕی پێ‌فرۆشراوە، بەڵام بەو حاڵەش هەر خۆی لە شەڕ بواردوە! بەڕاستی خەڵك بە ساویلکە زانینیش سنوورێکی هەیە. لە کەمپێك دا کە زۆرینەی بە لایەنی بەرامبەرەو تەنیا هێندێك بنەماڵەی ئێمەی لێن، هاوڕێیانی ئێمە بەپێی ئیددیعای سکرتاریای کاك حەمەنەزیف قادری بۆخۆیان چوون دەیان کەس چەقۆکێش‌و تێڵابەدەستی سەربەناوبراویان لە چەند سەد میتر ئەولاتر ڕا سازمان داوەو بۆ بەردەرك‌و نێوماڵ‌و منداڵی خۆیان دەعوەتیان کردوون‌و داوایان لێ‌کردوون لەش‌و سەروچاوی خۆیان‌و جگەرگۆشەکانیان شەلاڵی خوێن بکەن‌و بەقەستی کوشتن لێیان بدەن‌و ماشێن‌و کەلوپەلی دیکەیان لێ وردوخاش بکەن بۆ ئەوەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان "بازاڕی خۆی" پێ‌گەرم بکاو "مظلوم نمایی" پێوە بکا! دیارە لە کەسانێك کە مەنتیقیان چەقۆو گۆپاڵ‌و تێلایە، هەر ئەم جۆرە لێدوان‌و ڕاگەیاندنانەش چاوەڕوان دەکرێ!





بێهنام مەحموودیان کە کەوتەبەرشاڵاوی پەلاماردەران



**ئەگەر ئاوڕێك لە ئیددیعا، کارو تێکۆشان‌و هەڵوێستی هەر دوولایەن لە ٣ مانگی ڕابردوودا بدەینەوەو ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەو دوولایەنە هەڵ بسەنگێنن، دەردەکەوێ کە کام لایەن تووشی ئیفلاسی سیاسی بووەو بێ بناغەیی‌و ناڕاستیی ئیدیعاکانی بۆ خەڵك دەرکەوتوە.**

تێگەیشتنی گرفت یا دەردی ئەو کۆنە هاوڕێیانەمان بۆ کەسانێك کە لە ٣مانگی ڕابردوودا ئاگایان لە هەڵوێستو تێکۆشان‌و بارودۆخی هەر یەك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و لایەنی بەرامبەری هەبێ، هاسانە. گرفتی ئەوان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکراتیش هەر لە سەر مەنتیقی جارانی خۆیان ڕۆیشتن، مەنتیقێك کە سەرەنجام لەتبوونی ڕەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لێ‌کەوتەوە. هەر لە یەکەم دژکردەوەو هەڵوێستیان دا، دیسان کەوتنەوە شاردنەوەی ڕاستی لە خاوەنانی ئەسڵیی حیزبی دیموکرات واتە خەڵکی کوردستان. دیسان خۆیان لە جێی هەموو حیزبی دیموکرات داناو، حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە "چەند کادرو پێشمەرگە" کە "حیزبیان بە جێ هێشتوە"و "هیچ حەقیان بەسەر حیزبی دیموکراتەوە نەماوە" ناوبرد. واشیان نواند کە بە زوویی ئەو ماڵ‌و بنکانەی ئەو چەند کادرو پێشمەرگەیە تێی‌دا بوون، لێیان دەستێننەوە. ئەوان بۆ ئەوەی ئەم ئیدیعایەی "خۆیان بسەلمێنن"و خەڵك ئەم جۆرە قسانەیان لێ وەرگرێ، ئەوەندەیان دەنگۆو تەبلیغاتی ناڕاست وەڕێ خست کە کارەکەیان لە خۆشیان وەزەحمەت خستو ڕێگای وازهێنان لەم جۆرە ئیددیعایانەیان لە خۆیان بەست. لەو کاتەوە هەرچی بە زمان‌و قەڵەمیان داهاتوە، گوتوویانە بۆ ئەوەی خەڵك باوەڕ بکا ئەوانەی پاش دوو ساڵ‌و نیو هەوڵدانی بێ‌ئاکام بۆ گەڕاندنەوەی یەکڕیزی بۆ نێو حیزب، سەرئەنجام "نا"یان بە سەرەڕۆیی، پاوانخوازی‌و بەڕێوەبەرێتیی پڕ لە هەڵەو لاوازیی ئەوان گوت، چەند کەسێکن. ئەو چەند کەسەش پاشماوەکانی جیابۆوەکانی پێشوون. هەموو جیابوونەوەیەکیش، دوژمنان‌و نەیارانی لە پشت بوون‌و سەرەنجامی هەر هەمووشیان تێك شکانە! بۆ ئەوەی کەسانی ساویلکە زووتر ئەم جۆرە ئیددیعایانەیان لێ وەربگرن زۆریان خۆ بەوەوە ماندوو کردوە کە هێڵێکی پێوەندی لە نێوان لەتبوونی ئەمجارە لەگەڵ جیابوونەوەکانی پێشوو بدۆزنەوە. بە زۆرو زۆرداری دەیانەوێ موخالیفانی خۆیان بکەن بە نەیارانی حیزب‌و ڕێبەرە شەهیدەکانی لە سەردەمانی جۆراوجۆر داو، خۆشیان وەك تاقە میراتگری شەرعی‌و قانوونیی ئەو حیزبەو پەیرەوانی ڕاستەقینەی ڕێبەرە شەهیدەکانی بناسێنن. بەڵام ئەم جۆرە ئیددیعایانە هەر لە مێشکی خاوەنەکانیان دا بە هاسانی ڕێك دەخرێن‌و واقیع شتێکی دیکەیە. بەند بە بەندو کەرت بە کەرتی ئەم تیۆرییانە، لەگەڵ ڕاستی دا نەگونجاوو ناتەبان. لە بەدشانسیی ئەو کۆنە هاوڕێیانەمان، هەم ئاستی وشیاری‌و تێگەیشتنی سیاسی‌و گشتیی خەڵکی کوردستان بە خۆشی‌یەوە زۆر چۆتە سەر، هەم بەو هۆیەوە کە ئێمە لە ژێر سێبەری دەسەڵات‌و حکوومەتێکی قانوونی دا دەژین‌و سەردەمی ئەوە نەماوە کە هەر کەس ئیددیعای زۆر بێ قسەی ئەو بچێتەسەر، تیۆرییەکانیان لە مەیدانی کردەوەدا تووشی گرفتی گەورە هاتوون.

ئەگەر ئاوڕێك لە ئیددیعا، کارو تێکۆشان‌و هەڵوێستی هەر دوولایەن لە ٣ مانگی ڕابردوودا بدەینەوەو ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەو دوولایەنە هەڵ بسەنگێنن، دەردەکەوێ کە کام لایەن تووشی ئیفلاسی سیاسی بووەو، بێ بناغەیی‌و ناڕاستیی ئیدیعاکانی بۆ خەڵك دەرکەوتوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر لە ڕۆژی دەست پێکردنی قۆناخی کارو تێکۆشانی خۆیەوە پێی وابووە ئەگەر لەگەڵ لایەنی بەرامبەر نەیتوانیوە لە نێو یەك حیزب دا پێکەوە کار بکەن، دەکرێ لە چوارچێوەیەکی گەورەتر دا پێکەوە هاوخەبات بن. ڕاشی گەیاندوە کاری ئەو حیزبە دژایەتی لەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوو نیەو داوای کردوە لایەنی بەرامبەریش هاوکاری بکا تا کەلێن نەکەوێتە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان. حیزبی دیموکراتی کوردستان لایەنی بەرامبەری وەك لەتێك لە حیزبی دیموکرات سەیر کردوە نەك چەند کەس‌و، پێشی وانەبووە دەبێ لە ماڵ‌و بنکەی حیزبی وەدەربنرێن. بەڵکوو داوای کردوە بنکەو کەمپەکان لێك جیا بکرێنەوە. ئێستا ئەگەر نزیك بە نیوەی ئەو بنکەو کەمپانە دراون بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەمە هەم نیشان دەدا ئەوان نەك چەند کەس بەڵکوو لایەك لە حیزبی دیموکراتن، هەم دەری دەخا کە حیزبی دیموکراتیان بە جێ نەهێشتوە بەڵکوو بڕبڕەی پشتی حیزبی دیموکراتن.

ئێمە لەگەڵ ئەوەی ناتەواوی لە هێندێ بەشی ئەو دابەشکردنە نیوە چڵەدا دەبینین، بەڵام دەزانین ئەگەر ئاڵوگۆڕی جێگاش هەبێ بۆ هەردوولایە نەك یەك لایەن. ئەو لایەنەی ئەم ئاڵوگۆڕە ناو دەنێ "دوور خستنەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی بنەماڵەو کاری ئەوان لە حیزبی دیموکرات" بەخێشکە خۆی لە ئیددیعاکانی دەدزێتەوەو دیسان ڕاستی‌یەکە لە خەڵك‌و لایەنگرانی دەشارێتەوە. بۆ وێنە ئەو ڕاستی‌یە بە خەڵك ناڵێ بەو هۆیەوە کە ئەوان لە ئێمە زیاتر بوون‌و، چونکە ئەم قسەیەمان بۆ نەچووە سەر کە ئەوان هەقیان بەسەر حیزبی دیموکراتەوە نیە، پێمان خۆش بێ یان نا هەر لە بنکەو کەمپەکانی حیزب دا دەمێننەوەو ئەگەر ئەوان دەبێ هێندێك لە بنکەو کەمپ بۆ ئێمە چۆڵ بکەن ئێمەش دەبێ بنکەو کەمپەکانی دیکەیان بۆ چۆڵ بکەین!

ئێمە هیچ کات بۆ لایەنی بەرامبەرمان ئیفلاسی سیاسی ئارەزوو ناکەین‌و ئەگەر بە جێگای دوژمنی‌و دژایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، توانای خۆیان بۆ خەبات لەگەڵ دوژمنی سەرەکیی نەتەوەکەمان تەرخان بکەن، سەرکەوتنیشیان بۆ بە ئاوات دەخوازین. بەڵام با بزانین لە ٣ مانگی ڕابردوودا، سەرەڕای دەست بەسەردا داگرتنیان بە سەر ئەموال‌و دارایی حیزب‌و ڕاگەیەنەکانی دا، لەگەڵ ئەوەی بەردەوام شەڕیان پێ‌ فرۆشتووین‌و دوژمنایەتییان کردووین، لە چ بوارێك دا لە پێش ئێمە بوون؟ هەر لە بواری ڕاگەیاندن دا، بڵاوکراوەی ئۆرگانی حیزبمان لە هی ئەوان خێراتر، ڕێکوپێکترو پڕنێوەڕۆکتر دەرچووەو، بە پێچەوانەی ڕابردووش بواری بۆ بیروڕای ئازادو ڕەخنە گرتن لە حیزب پێك هێناوە. گۆڤارەکانی "تیشك"، "لاوان"و "ژنان" کە لایەنی بەرامبەر پێشتریش کەمترین ڕۆڵی لە دامەزراندن، نووسین‌و دەرکردنیان دا هەبوو، هەر لەو ماوە کورتەدا لە کاتی خۆیان دا دەرچوون، بەڵام ئەوان هێشتا لایان لەم گۆڤارانە نەکردۆتەوە!

ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە هەردوو "فرستەندە"کەی، لایەنی بەرامبەر دەستی بەسەر دا گرتوون، بە هیممەتی پێرسۆنێلی جارانی ئەو ڕادیۆیە، نزیك بە ٢ مانگە دەست بەکار بووەو کاری خۆی بە ڕێکوپێکی دەکا. سایتی ناوەندیی حیزب "کوردستان‌و کورد" لە ماوەیەکی کورتی ٣ مانگی دا بووە بە یەکێك لە سایتە ئینترنێتی‌یە موعتەبەرەکانی کوردستان‌و لەگەڵ چەندین سایتی کومیتەکانی حیزب‌و یەکیەتیی لاوان بەردەوام نوێ دەبنەوەو بابەتی تازەیان دەچێتە سەر.

کارو تێکۆشانی ڕۆژانەی ئۆرگانەکانی حیزب، سەرەڕای هەموو گرفتێکی سەرچاوەگرتوو لە کۆسپ داتاشینی لایەنی بەرامبەرو دەست بەسەر داگرتنی ئیمکاناتی حیزب لەلایەن ئەوانەوە، بە شێوەی ئاسایی دەچێتە پێش. ڕێکخراوەکانی ژنان‌و لاوان لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات دڵگەرمتر لە پێشوو کاری خۆیان دەکەن. فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب هەر لەم ماوە کورتەدا، کۆتایی بە دەورەی سەرەتایی ١٧٨ی پێشمەرگە هێناو مەراسیمی بۆ گرت. کومیسیۆنەکان بەو پەڕی دڵسۆزی‌و ماندوویی نەناسی‌یەوە کاروباری پێوەندیدار بە تێکۆشەران، ئەندامان‌و بنەماڵە حیزبی‌یەکان جێبەجێ دەکەن. هیچ ڕۆژو بۆنەیەکی مێژوویی‌و حیزبی‌و نەتەوەیی لە ٣مانگی ڕابردوودا نیە کە لەوپەڕی ڕێکوپێکی داو بە بەشداریی گەرمی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب‌و بنەماڵەکان‌و بە بابەتی سیاسی، ئەدەبی‌و هونەریی بە پێز بەڕێوە نەچووبن. C.D ی هێندێك لەو مراسمانە کە بە زەحمەتی پێرسونێلی ماندوویی نەناسی بەشی فیلم ئامادە کراون لە سەرانسەری کوردستان دا بڵاوبوونەوە.

بێگومان تێکۆشانی بەربڵاوی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان‌و دەرەوەی کوردستانیش شتێك نیە حاشای لێ بکرێ. هیچ شارو ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە کە C.D، تراکت‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی ئێمەی پێ نەگەیشتبێت‌و، بە قازانجی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و بە دژی کۆماری ئیسلامی دروشم لە دارو دیوارەکانیان نەنووسرابێت. زانکۆکانی تاران‌و شارە گەورەکانی دیکەش لەم ماوەیەدا شایەدی تێکۆشانی سیاسی‌و کاری تەبلیغیی بەربڵاوی ئەندامانی حیزب بوون. هاتنی زۆر پەیامی پشتیوانی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ کە بەشێکی زۆر کەمیان بڵاو کرایەوە ـ و ئەو هەمووە ڕاپۆرت‌و هەواڵە جۆراوجۆرە کە لە سەرانسەری کوردستانەوە ڕۆژانە بە ڕاگەیەنەکانی حیزب دەگەن، شایەدی بۆ خۆشەویستی‌و بەربڵاویی نفووزی حیزب‌و هەڵسوور بوونی ئەندامان‌و لایەنگرانی لە نێوخۆی وڵات دا دەدەن.

لە کوردستانی عێراق، بە سەدان ئەندام‌و لەگەڵ ئەوان دا زۆر لە دۆستان‌و ئۆگرانی حیزبی دیموکرات، وێڕای جێبەجێکردنی ئەرکی ئاسایی هەر ئەندامێك، لەم ماوەیەدا ئەوپەڕی ئامادەیی‌یان بۆ کارو تێکۆشانی زیاتر نیشان داوە.

سەرنجڕاکێشترین بەشی تێکۆشانی حیزب کارو تێکۆشان لە دەرەوەی وڵاتە. ئەم تێکۆشانە کە لە کۆڕو کۆبوونەوەی کومیتەکانی حیزب، بەڕێوەبردنی یەك بە دوای یەکی سیمینارو کۆنفرانسەکان، پێکهێنانی ڕێورەسم بە بۆنەی جۆراوجۆرەوەو دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ حیزب‌و ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردستانی، ئێرانی‌و بیانی‌یەکان دا خۆی دەنوێنێ، دەری دەخا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان چ هێزێکی بەتوانای لە پشتەو داهاتوویەکی چەند گەش چاوەڕوانیی دەکا. دیداری نوێنەرانی حیزب لەگەڵ بەرپرسان‌و نوێنەرانی سیاسیی دەوڵەتان، حیزبە بەناوبانگەکان‌و پارلمانتێرەکان‌و پێشوازیی گەرمی ئەوان، بەڵگەن بۆ گرنگیدران بە حیزب‌و بایەخ دران بە پێوەندیی دۆستایەتی‌و هاوکاری لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دا.

ئەوانەی باس لە ئیفلاسی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەن هێندێك جار دڵی لایەنگرانیان بەوە خۆش دەکەن کە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یە

←

# کۆماری ئیسلامی نوێنگەی توندو تیژی

**ئەم وتارە لە کۆڕیادی ٣ی ڕەشەمەی ئەم ساڵدا خوێندراوەتەوە**

ڕەسووڵ سوڵتانی

توندو تیژی بەر لەوەی تایبەتنمەندیەکی کولتووری بێت لە ڕاستیدا بەرهەمی بیرو باوەڕێکی دوور لە مەنتیق و عەقلانیەتە کە جیهان بە سەر دوو ڕەنگی ڕەش و سپی دا دابەش دەکا. بیروباوەڕێك کە خوازیاری ئەوەیە دیاردەکان بە گشتی یا هاوڕەنگ و هاودەنگ و پەسن بێژی ئەو بن یا لە ناوبچن و نەمێنن. وەها ڕووبەڕوو بوونەوەیەك لەگەڵ واقع و دیاردەکان دواجار دەگاتە توندوتیژی. کەواتە توندوتیژی کردەیەکی ناعەقلانیە کە ماف و بەها مرۆییەکان پێشێل دەکاو بە جۆرە لایەنی دەسەڵاتدار وا دەخوازێ کە دنیای ژێردەسەڵاتی ئەو، لە چوارچێوەی یاساو ڕێسایەك دا بڕێژین کە خۆی دیاری دەکاو دایدادەڕێژی. یەکەم هەنگاوی هەر کردیەکی توندوتیژانە بەرو بووی ئەو هزرەیە کە ئازادی لایەنی بەرامبەر بە تاوانێکی مەزن و نەبەخشراو دەزانێ بەڵام ئەوەندەی دوژمنی ئازادیی ئەوانی دیکەیە، سەد ئەوەندە ئازادیی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرك و گەڵاڵەو پیلانەکان بەربلاوتر دەکاتەوە و لە ڕاستی دا تەواوی ئەم کردەی توندوتیژی نواندنە بۆ ئەوەیە بە کوشتنی ئازادی ئەوانی دیکە سنووری دەسەڵاتی خۆی هەراوترو بەربلاوتر بکاتەوە. بەو پێیە دوژمنانی ئازادی تەنیا دژی ئازادی خەڵکن نەك ئازادیی خۆیان.

فتوای هەناردەکردنی ئیسلامی شیعی لە لایەن خومەینییەوە بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیامێکی توندوتیژخوازانەو دژەئاشتیانە بوو. ئەگەر بەوردی سەرنجی بدەینێ ئەم فتوایە لە ناخی ئایدۆلۆژییەکی پاوانخوازانەو ناسەردەمیانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە بنەماییەکی فکرییەوە کە خۆی بە حەقیقەتێکی پیرۆز دەزانی و شەرعییەتی خۆی لە ئیلهاماتی غەیبییەوە وەردەگرێ نەك لە ویست و ئیرادەی خەڵك.

تێکەڵاوکردنی ئەم بیرۆکە ئایینییە دەگەڵ سیاسەت دەگاتە ئاستێك کە ئەم باوەڕە لە سنووری تایبەتی و شەخسیەکانی تاك دا نەمێنێتەوە بەڵکوو بخرێتە نێو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی خەڵکەوە. بەو شێوەیە تاك چی دیکە مافی ئەوەی نیە خۆی لە سەر باوەڕەکانی بڕیار بدا. بەڵکوو ئەوە پیاوانی (ئایینی ـ سیاسی). کە شێوەی بیرکردنەوەو چوارچێوەی بیروباوەڕ بۆ ئەوان دیاری دەکەن. ئەمبەرتەسك کردنەوەیەی بیروباوەڕی خەڵك لە چوارچێوەیەکی بەر تەسك و داخراو دا کە دەسەڵاتی ئایینی، لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی خۆی دەیسەپێنێ یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی. بە گشتی کۆماری ئیسلامی وەکوو دەسەڵاتێکی ئایینی سیاسی هەموو هەوڵەکانی خۆی لە ڕێگای تریبوونە جۆراوجۆرەکانیەوە خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تاك باوەر دروست بکا. ئەم هەولانەش هەر دوو ڕەهەندی توندو تیژی واتە توندوتیژی کولتووری و کۆمەلایەتی پێك دێنن. توندوتیژیی کولتووری کە لە چوارچێوەی سڕینەوەی جیاوازییە کولتوورییەکاندا دێتە ئارا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە هەولی شێواندن و سڕینەوەی نۆرم و بەها جێگیربوەکان و تایبەتمەندییە کولتووری و نەتەوەییەکان دەدا. بە تایبەتی ئەو بەهاو نۆرمە ئەخلاقی و فکریانەی کە دەگەڵ بیری ئایینی و جەوهەری ئیدۆلۆژیکی ڕێژیم ناتەبان.

داخستنی زانکۆکانی ئێران ساڵی ٥٩ی هەتاوی لە ژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگی دا هەنگاوێگ بوون بۆ جیبەجێ کردنی ئەم بەرنامانەو شێوازێك بوولە توندو تیژی کە هەردووك ڕەهەندەکە دەگرێتەوە.

هانا ئارێنت دەڵێ: "هێزی پڕۆپاگەندەی تۆتالیتار لەوەدا



خۆدەنوێنێ کە بتوانێ دەرگای ڕاستیەکان لەسەر جەماوەر پێوەدا".(١)

هۆکارێکی دیکەی توندوتیژیی ڕێژیم لە هەمبەر خەڵك دا لە دەست دانی شەرعییەتێکە ، کە ڕێژیم پێی پشت ئەستوورە. ئەگەر لەو بەهاو نۆڕمگەلە وردبینە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو سەرچاوەی ڕەوایی و شەرعییەت کەڵکیان لێوەردەگرێ و ئەوانەش کە کۆمەڵگا باوەڕی پێیەتی، کەلێنیکی قووڵ بەدی دەکەین لە نێوانیاندا . لە حاڵێکدا "مەشروعیەتی هەردەسەڵاتێك پەیوەندیی چڕو پڕی هەیە بەو ئەرزش و نۆرمانەی کە لەنێوان خەڵك و بەڕێوەبەران دا هاوبەشن" (٢) بەو پێیە بە ڕادەی لێك نزیك بوونی ئەرزش و نۆڕمە هاوبەشەکانی نێوان خەڵك و دەسەڵات ڕەوایی دەسەڵات پتەوترو گشتگیرتر دەبێ و ئەوەندەی ئەو ڕەگەزانە لێك دابڕێن پێك نامۆ بن شەرعییەتی دەسەڵات زیاتر دەدۆڕێ و دواجار ئەم بناخەی ڕەواییە کەدەسەڵات لەسەری ڕاوەستاوە تێك دەشکێ. ئیتر ئەمجارەیان دەسەڵات داران بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بە جێی ئەوەیکە پاڵ و نۆرم و بەهاکان بدەن و باس لە مەشروعیەتی خۆیان بکەن دەست بۆ سەرکوت و بێ دەنگ کردن دەبەن (( ئاستی توندوتیژی لە هەر سیستەمێکی سیاسی دا پەیوەندیی پێچەوانەی دەگەڵ مەشرووعیەتی دەسەڵاتەکەی هەیە . واتە ئەوەندەی ڕەوایی زیاتر بێ توندوتیژی و سەرکوت کەمتر دەبێ و بەپێچەوانەوە"(٣) بەو پێیە تەواوی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێران بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی نیشانەی نەبوونی شەرعییەتێکە کە هەر دەسەڵاتێکی سیاسی پێویستی پێیەتی."ئەو کاتەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیمێکی پاوانخواز هیچ چوارچێوەو سنوورێك بۆ دەسەڵاتی خۆیان ناناسن ئیتر مەشروعیەتی سیاسی خۆیان دەدۆڕێنن(٤)"کەڵك وەرگرتن لە بەها ئایینییەکان بەمەبەستی دابینکردنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات یەکێکە لەخەسڵەتە جەوهەرییەکانی ئەو ڕیژیمە. لە جیهانی مۆدێڕنەدا بەهاکان سات بەسات کاڵ دەبنەوەو نۆڕم و بەهای نوێ جێگەیان دەگرنەوە. لەوەها حاڵەتێك دا چەقبەستن لە نێو کۆگای ئەم ئەرزشە سواوو تۆز لی نیشتوانەاو کارپێ کردن بەم عەقڵیەت. هۆکارێکی سەرەکی دۆڕانی مەشڕوعیەت و لەرزۆك بوونی پێگەی ڕژیمە. ئەم دۆڕاندنی شەرعیەت و پێگەیەومەترسیی لەدەست دانی دەسەلات وا لەڕژیم دەکا بە توندترین شێوەدژی هەر چەشنە بەرهەڵستکارییەك ڕاوەستێ. ئەم ئەقڵیەتە ناتوانێ خۆبگونجێنێ دەگەڵ دیاردەنوێیەکان.

بەپێی ئەم خوێندنەوانەو هەروەها وردبوونەوە لە ماهیەتی کۆماری ئیسلامی، ئیترتیرۆرو جینایەت نەك شتێکی چاوەڕوان نەکراو نیە بەڵکوو ئەم ڕێژیمە جیا لەوە هیچی دیکەی لی ناوەشێتەوە.سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵکی شاری سنە لە٣ی ڕەشەممەی ٧٧دا یەکەم جینایەتی کۆماری ئیسلامی و دوایین کردەوەی دژە مرۆییانەی نیەو نابێ. بەڵکوو درێژەی جینایەتەکانی ئەو ڕژیمەیە کە هەر لە یەکەم ساڵەکانی بەدەسەڵات گەیشتنیەوە دەستی پێکردن و لە سێی ڕەشەممەوە گەیشتە سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵکی وەزاڵە هاتووی کوردستان لە هاوینی ٨٤ی هەتاوی و ڕاپەڕینی خەڵکی ماکۆ هەر لە زستانی ئەو ساڵە دا .

لەچەند ڕۆژی ڕابردووش دا سەرکوتی خەڵکی مەهاباد لە لایەن هێزەکاتی ڕژیم لاپەڕەیەکی دیکەی کارنامەی جینایەتەکانی ڕژیمەو زنجیرەی کردەوەکانێتی.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەی کوردو نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتیی ئەم خەڵکەو بۆ دروست کردنی خەڵکێکی بێ ڕیشەو بێ شوناس ، گەلێك بەرنامەو گەلاڵەی کورت خایەن و درێژخایەنی ڕەچاو کردوە .بۆ دروست کردنی تاکتێکی نامۆ بە شوناس و کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ و بێ ڕیشە کە هیچ پێوەندییەکی دەروونی و هەستێکی هاوبەشی نەبێ دەگەڵ تاکەکانی خۆی و لە نێوان تاکەکانی دا. ئەم هەوڵانە لە پێناو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مێگەلی دا دەدرێن. کۆمەڵگەیەك کە هەتا سەر ئێسقان لەو باوەڕەدابێ کە بە بێ شوان ناتوانێ بژیو هەتا سەر ئێسقانیش وەفادار بێ بە هێزی باڵادەست واتە دەسەڵات . هانا ئارێنت دەڵێ: "تەنیا ئەو کەسانە بە تەواو مانا وەفادار دەبن بە دەسەڵات کە تەریك کەوتەو بێ بنەواشن و هیچ چەشنە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییان بە ئاشناکانیانەوە نیە"(٥) ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەڵگری پەیامێکی پیرۆز بوون پەیامێك کە تیێدا بە ئێمە دەڵێ: کورد نەك هەر لە ڕیشەی خۆی دانەبراوە بەڵکوو ڕەگاژۆی کردۆتە ناخی نیشتمانەکەی. ئەم پەیامە نیشاندەری ئاستی تێگەیشتوویی نەتەوەیی خەڵکێکە، کە سەدان ساڵە بە مەبەستی تواندنەوەی سەرمایەگوزاری لە سەر دەکرێ .

بە گشتی هەوڵی ڕژیم بۆ دابڕینی نەتەوەی کورد لە شوناسی خۆی و خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی خۆی بەردەوام کردەوەی توندوتیژانەی ڕێژیمێکی بە دواوە بووە کە دان بە بوونی ناهێنێ. لێرەش دا گەڕانەوەی خەڵك بۆ شوناسی نەتەوەیی خۆیان و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی کردەوەی توندوتیژانەی دەسەڵاتی لی دەکەوێتەوە.

*سەرچاوەکان :*

*١ـ تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم حسین بشیریە*

*٢ـ نظریەهای بنیادی جامعە شناسی :لوئیس کوزر- برنارد روزنبرگ*

*٣ـ سەرچاوەی پێشوو*

*٤ـ هەمان سەرچاوە*

*٥ـ تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم حسین بشیریە*

**ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان لەم چەند ساڵەی دوایی دا هەڵگری پەیامێکی پیرۆز بوون پەیامێك کە تیێدا بە ئێمە دەڵێ: کورد نەك هەر لە ڕیشەی خۆی دانەبراوە بەڵکوو ڕەگاژۆی کردۆتە ناخی نیشتمانەکەی**

درێژەی

# کێ شەڕفرۆشە و کامەیە ئیفلاسی سیاسی؟!

کوردستانی، ئێرانی و بیانییەکان ئەوان بە حیزبی دیموکرات دەزانن و لایەنی بەرامبەریان بە حیزبی دیموکرات قبووڵ نیە! زەحمەت بە خۆشیان نادەن ڕیزێك لەو حیزبانە ناوبەرن کە هەر ئەوانیان وەك حیزبی دیموکرات قبووڵە چونکە ئەم قسەیەشیان وەك زۆر قسەی دیکەیان هیچ بناغەیەکی نیە . بەڵام دیداری هەیئەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕێبەران و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و بانگ کرانی حیزبی ئێمە بۆ زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی سیاسی و بڵاو بوونەوەی وتەو پەیامی حیزبی ئێمە لەوان دا، ئەم ئیدیعایەش پوچەڵ دەکاتەوەو ناڕاست بوونەکەی دەردەخا.

ئەم جموجۆڵە بەربڵاوە کە نیشانەی زیندوو بوونەوەی حیزبی دیموکراتە بەڕێکەوت و لەخۆڕا لە نێو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا وەڕێ نەکەوتوە. هەم نیشان دەدا کە بە هەزاران تێکۆشەرو ئەندام و لایەنگرو ئۆگری حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی تەبلیغاتی سەرانی لەتە پاوانخوازەکەی حیزب، حیزبی خۆیان دۆزیوەتەوەو، هەم بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستییە کە زاڵبوونی تاقمێکی پاوانخوازو تاقمبازو ناوچەگەرا لە کۆنگرەی ١٣دا، خەڵکێکی زۆری لەم حیزبە دڵسارد کردبۆوە، یا ژمارەیەکی زۆر بەهۆی ئەم ڕێبەرییە خرابوونە پەراوێز، بەڵام ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هی خۆیان دەزانن و ئامادەن بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەکەیان دا، بێن کاری تێدا بکەن. لەنێو ئەو کەسانەدا کە هەم لە نێو خۆی کوردستان و هەم لە دەرەوەی وڵات هومێدیان بە تێکۆشانی ئەم حیزبە بەستوەو لێی نزیك بوونەوە، یا هەوڵ دەدەن لێی نزیك بنەوە، جێی خۆیەتی ئاماژە بە توێژە ئاگاو ڕووناکبیرەکان، لاوانی خوێندەوارو ژنان بکەین. ئەم ڕاستییە لە نووسین و پەیام و باس و لێکۆڵینەوەکانی ٣مانگی ڕابردووی ئەوان داو لە پێوەندیی ڕاستەوخۆی نوێنەران و چالاکەکانی ئەوان دا بەڕوونی هەستی پێ دەکرێ. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندیی حیزب بە گۆڕان و نوێبوونەوە کە بەشێکی کەم لەو نیازە لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئێمەدا خۆی نواندوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خۆناساندن، ٦١ساڵ مێژووی پڕ شانازیی هەیە کە تێکۆشەرانی، زۆرترین ڕۆڵ و نەخشیان لە خەبات و تێکۆشانی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم ٦١ ساڵە دا هەیە. پابەندیی بە کردەوە بە پرەنسیپە ناسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و وەفاداریی بە دوور لە هەراو هوریای تەبلیغاتی بە ئامانجەکانی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبەی بۆ خۆناساندن هەیە. گەنجینەیەك لە توانا و ئەزموونی باشترین خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی گەلی کوردی هەیە، باوەڕی نەگۆڕ بە ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و بڕوا بە گۆڕان و خۆنوێکردنەوەی هەیە. تووڕ هەڵدانی مەنتیقی پاوانخوازانەو میتۆدی دیماگۆژییانەو نەفرەت کردن لە فراوانخوازی و توندوتیژی و سەرکوت لە دژی جیابیرانی هەیە تا خۆی پێ بناسێنێ. ئەم هەموو بوارو هۆکارو هەلومەرجە لەبارە بۆ گەشەکردن و چوونە پێش لە ململانێی سیاسیدا لەبەردەم خۆی دا بەدی دەکاو بە پێچەوانەی لەتە پاوانخوازەکەی حیزبی دیموکرات، بوونی خۆی لە نەبوونی هیچ لایەنێکی دیکەدا نابینێ. ئەوانەی بە بوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ئارامییان لێبڕاوەو لە جیاتی ڕقەبەرایەتیی سالم و شارستانی، شەڕی پێ دەفرۆشن، وادیارە تووشی ئیفلاسی سیاسی هاتوون و پێویستە عیلاجێکی بۆ بدۆزنەوە. چارەسەری ئەم نەخۆشییەش هێندێك ئازایەتی و واقیع بینی و بەخۆداچوونەوەی دەوێ، نەك درێژەدان بە ئاژاوەگێڕی، شەڕفرۆشی و پەلامار بۆ سەر تێکۆشەرانی ناسراوی ڕێگای ئازادی. چونکە ئەم جۆرە کردەوانە لە جیاتی چارەسەری دەردی ئیفلاس، نەخۆشییەکە قووڵتر دەکەنەوە.

چشم ها را باید شست
جوری دیگر باید دید

**کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١٣٨٥/١٢/١٦**

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 457 16 March 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی چوار شەمەسووری لە کەمپەکانی حیزب











دوا ســــەعاتەکانی رۆژی سێشەممە ٢٢ی رەشەممەی ٨٥ی هەتاوی لە کەمپی "ئازادی" لە نزیک شاری کۆیە رێورەسمێکی شاد بە بۆنەی چوار شەممەسووری بەرێوە چوو. لە نێو بەشدارانی ئەو رێورەسمەدا هەر لە خەباتکاران و کەسایەتییە ناسراوەکانی گەلی کورد وەك بەرێزان حەسەن زادەو جەلیل گادانی، ئەندامانی رێبەریی و کادرو پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات، کچان و کوڕان و قوتابیان و خوێندکارانی دێموکرات و کۆمەڵێك میوان بەرچاو دەکەوتن.

لە سەرەتای رێورەسمەکەدا تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکرات مامەقالەی سووتووو کاك سەدیق قەوی پەنجە بەیەکەوە ئاگری چوارشەممەسوورییان کردەوە.

پاشان کچان و کوڕانی لاو گەڕی هەڵپەرکێی کوردییان لە دەوری ئەم ئاگرە رێك خست. هەڵپەرکێ و رەشبەڵەك زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند. لە گەڵ داهاتنی تاریکی بەشداران بەرە بەرە بڵاوەیان لێ کردو لە دەوری چەندین ئاگری دیکە کە لاوان و مێر مندالان بۆ پێشوازی لە دوا چوارشەممەی ساڵ کردبوویانەوە کۆبوونەوە.

هەڵپەڕکێی لاوان و خۆشی نواندنی منداڵان و مێرمنداڵان لە دەوری ئاگر تا تێپەرینی چەند سەعاتێك لە شەویش هەر بەردەوام بوو.

لە کەمپەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر بەم بۆنەیەوە ئاگر کرایەوەو دوایین چوار شەممەی ساڵی هەتاویی کوردی، بە خۆشی و شادی پێشوازی لێ کرا.

# توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی

# لە بارەی عەبدولڕەحمان قاسملوو



"عەبدولەحمان قاسملوو، ژیان و رۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا،( ١٩٣٠ - ١٩٨٩) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە کە "هۆشمەند عەلی مەحموود شێخانی" نووسیوێتی. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا تێزێکی ماستەرە، پێشکەش بە بەشی مێژووی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوەو بە پلەی زۆرباش وەرگیراوە.

کتێبەکە لە پێشەکییەك و پێنج بەش پێك هاتوە، بەشی یەکەم: ژیانی عەبدولڕەحمان قاسملوو، بەشی دووهەم: رۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیی شاهەنشاهیی ئێران دا ١٩٤٥ ـ ١٩٧٨، بەشی سێیەم: رۆڵی سیاسیی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستاندا، بەشی چوارەم: دیپلوماسیەتی قاسملوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان دا، بەشی پێنجەم: دیپلۆماسیەتی دەرەکیی قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد دا. لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەش دا، ئەنجام، لیستی سەرچاوەکان، پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی، پاشکۆی بەڵگە نامەکان، پاشکۆی وێنەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە. کتێبی "عەبدولڕەحمان قاسملوو" لە ٣٠٠ لاپەرە پێك هاتووەو بە تازەیی کەوتۆتە بازاڕەوە.

# "هێشتا لە بڕلین قازی هەن"



کتێبی "هێشتا لە بێرلین قازی هەن" لە وەرگێڕان و ئامادە کردنی سمایل شەرەفی لە تۆیی ١٢٠ لاپەرەدا چاپ و بڵاوبۆتەوە.

ئەم کتێبە زنجیرە وتووێژێکی "رادیۆ فەردا"ی لە خۆ گرتوە کە بە بۆنەی سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی لەگەڵ ١٣ کەسایەتیی سیاسیی کوردو ئێرانیی کراوە.

هەر لەو کتێبەدا وەرگێڕانی دوایین وتووێژی دوکتور شەرەفکەندی لەگەڵ عەلی کێشتگەر لە ژێر سەردێری دوایین وتووێژی سەفەری بێگەرانەوە، باسەکانی سمینارێکی کاك سمایل بازیار لە سەر روانگەکانی دوکتور شەرەفکەندی و پەیامی دوکتور سەعید بۆ خەڵکی کوردستان بە دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو چاپ و بڵاو بۆتەوە.

# خەرا پترین دیکتاتۆرەکانی دنیا

وەرگێڕان و ئامادە کردن لە ئینگلیسییەوە: عەبدۆڵلا سەیدا (کانادا)

زیاتر لە ٧٠ وڵاتی دنیا لە لایەن ئەو دیکتاتۆرانەوە بەرێوە دەچن کە سەرەکیترین مافی مرۆڤ، وەك ئازادیی بەیان، مافی هەڵبژاردنی مەزهەب و مافی دەست پێراگەیشتن بە دادگایەکی عادڵانە، لە لایەن ئەوانەوە پێشێل دەکرێن و لە هیچ ئازارو ئەشکەنجەی هاونیشتمانانی خۆیان دەست ناگێڕنەوە.

لیستی ساڵانەی کۆڤاری "پاراد" لەسەر بنەرەتی راپۆرتی ساڵانەی رێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، ئامنستی ئینترناشنال، راپۆرتنووسانی بێ سنوورو وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا ئامادە کراوە. لیستی ئەوساڵ ناوی دوو رێبەر: سپار مراد نیازۆف لە تورکەمنستان (ژمارە ٨ لە لیستی پار)و فیدل کاسترۆی کوبا ( ژمارە ١٥ی لیستی پار)ی تێدا نین. لە نێو تازە هاتووەکان بۆ لیستی ئەوساڵ: حوسنی موبارەك لە میسرو ولادیمیر پوتین لە رووسیە دەبیندرێن. ئایەتۆڵا خامنەیی لە ئێران، هو جینتۆ لە چین، شا




عەبدولای عەرەبستانی سعوودی و بەشار ئەسەد لە سووریە هاتوونە سەرووی لیست. دیکتاتۆرانی هەرە خراپی دنیا بە پێی لیستی ئەمساڵ بریتین لە:

ژمارە١: عمر البشیر، سوودان، تەمەن: ٦٣ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ساڵی ١٩٨٩را، لە لیستی پار، ژمارە: ١

ژمارە ٢: کیم جۆنگ ـ ئیل ، کۆریای باکوور، تەمەن: ٦٤ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ١٩٩٤را، لە لیستی پار، ژمارە: ٢

ژمارە ٣: سەید عەلی خامنەیی، ئێران ، تەمەن: ٦٧ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ١٩٨٩را، لە لیستی پار، ژمارە: ٩

ژمارە ٤: هو جینتۆ، چین ، تەمەن:٦٤، لەسەر دەسەڵات: لە ٢٠٠٢را، لە لیستی پار، ژمارە: ٦

ژمارە ٥: شا عەبدۆڵلا ، عەرەبستانی سعوودی، تەمەن: ٨٣ ساڵ ، لە سەر دەسەڵات: لە ١٩٩٥را، لە لیستی پار، ژمارە: ٧

ژمارە ٦: تان شوێ، برمە (مەیانمار)، تەمەن: ٧٤ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ١٩٩٢را، لە لیستی پار، ژمارە: ٣

ژمارە ٧: رابرت موگابێ، زیمبابوێی، تەمەن:" ٨٢ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ١٩٨٠را، لە لیستی پار، ژمارە: ٤

ژمارە ٨: ئیسلام کەریمۆڤ، ئوزبەکستان ، تەمەن: ٦٩ ساڵ ، لەسەر دەسەڵات: لە ١٩٨٩را، لە لیستی پار، ژمارە: ٥

ژمارە ٩: معمر القزافی، لیبی، تەمەن: ٦٤ ساڵ ، لەسەر دەسەلات: لە ١٩٦٩را، لە لیستی پار، ژمارە: ١١

ژمارە ١٠: ،بشار الاسد، سوریە، تەمەن: ٤١ ساڵ، لەسەر دەسەڵات: لە ٢٠٠٠را، لە لیستی پار، ژمارە: ١٦

# رۆژژمێری

# "کوردستان" ١٣٨٥

رۆژنامەی "کوردستان" وەك نەریتێکی ساڵانە ئەمساڵیش رۆژژمێری "کوردستان" ساڵی ١٣٨٥ (٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨)ی زایینی و ٢٧٠٧ی کوردی ئامادە کردوە کە لەگەڵ نەورۆزدا دەکاتە دەستی خوێنەران و ئۆگرانی.



# قسەو باسێکی خۆمانە

# لەگەڵ ژنانی نێو

# حیزبی دیموکراتی کوردستان

بەر لەماڵاوایی

ع. وریا

بەم ژمارەیەوە، دووژمارەیە "کوردستان" دەرگای رەخنەی بۆ ژمارەیەك لە ژنانی چالاکی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان خستۆتە سەر پشتو، لە ژمارەکانی داهاتووش دا ئەم رەوتە درێژەی دەبێ. بیانووی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ وەقسە هێنانی ژنانی نێو حیزب، هاتنی ٨ی مارس و ٢٤ی رەشەممە رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. بەڵام دیارە بایەخدان بە کێشەی ژنان، نابێ ببەسترێتەوە بە بۆنەو رۆژو مانگێکی تایبەتی و پێویستە ببێ بە ئەرکێکی هەمیشەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە گشتی و "کوردستان"و راگەیەنەکانی حیزب بە تایبەتی.

هەر کەس و لایەنێك سەربەستە لەوە دا کە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ رەخنەی ژنانی نێو حیزبی دیموکرات لە حیزبی خۆیان، چ دەبێ. بەڵام هەق وایە ئەم راستییەیان لەبەر چاو بێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆخۆی بۆ رەخنە گرتن لە رابردووو کەمو کورتی و کەمتەرخەمییەکانی پێشوو لە زۆر بوارو یەك لەوان لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا، پێشەنگ بووە. ئەوەتا ئەم حیزبە لە هێڵە گشتییەکانی رێبازی خۆی دا کە سێ رۆژ دوای لەتبوونی بەرەسمیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاو بۆوە، دەڵێ: "راستییەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە نەخشی ژنان و بەشداریی ژنان لە بەرێوەبەریی کاروباری حیزبی دا لە کۆنەوە تا ئێستا یەکجار کەم و ناتەواو بووە. بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە میکانیزمێك دابنرێ و پیادە بکرێ کە بەشداریی ژنان لە رەدە جۆراوجۆرەکانی رێبەری دا، مسۆگەر بکاو بەردەوامیش پەرەی پێ بدا."

رەخنە گرتن لە حیزب بە گشتی و لە پیاوانی نێو حیزب بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ نەخشی ژنان و بەشداریی ئەوان لە کاروباری حیزب دا، نە بە مانای ئینکاری خزمەتەکانی ئەم حیزبە لە بوارە جۆراوجۆرەکان و یەك لەوان خودی مەسەلەی ژن دایە، نە یەکەم جارە لە ئەدەبیاتی حیزبی دیموکرات و وتەو بۆچوونەکانی رێبەرانی دا، ڕەنگ دەداتەوە. هێندێك لە وتوێژەکانی رێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی و زۆر قسەو باسی خۆمانەیان لە کۆبوونەوە حیزبی و کۆڕو کۆبوونەوە تایبەتییەکان دا، هەروەها زۆر رەخنەی راشکاوانەی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە کاتی سکرتێریی حیزب و دواتریش، شایەدی بۆ راستیی ئەم قسەیەم دەدەن. بەداخەوە تا ئێستاش کەسانێك لە حیزبی دیموکرات دا بەم رەخنە لەخۆ گرتنانە هەڵ دەبەزنەوەو تەنانەت ژنانی نێو حیزبیش بە پارێزەوە زار دەکەنەوەو هێشتا ترسیان لە رەخنە لەخۆ گرتن و ڕەخنەگرتن لە حیزبەکەیان نەشکاوە. بەڵام بێ ئەوەی لە بایەخی ئەو ئازایەتی و بڕوا بەخۆ بوون و مەیداندانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە رەخنە کەم بکەمەوە، دەبێ بڵێم ئێمە بە رەخنە گرتن لە خۆمان و کەمو کورتی و کەمتەرخەمییەکانی رابردووی حیزب، نە "شق القمر"مان کردوە، نە لاوازی و ناتەواوییەکانمان بنبڕ کردوون. تەنیا رێگامان بۆ هاتنە گۆڕی قسەو باسی جیددی لە نێو حیزب دا خۆش کردوە. بەو حاڵەش ئەگەر قبووڵمان بێ کە مەیداندان بە رەخنە لە نێو حیزب دا، بەرهەمی بەخۆدا چوونەوەو پێشمەرجی نوێبوونەوەیە، بە دیاردەیەکی جێگای دڵخۆشی و هیواداریی دەزانین. بەبێ بواردان بە بیروڕای جیاوازو مەیداندان بە رەخنە، هەڵەو لاوازی و کەمو کورتییەکان دەرناکەون و، بەبێ پشگرتنی روانینی رەخنەگرانەو پێشوازی لە بیرو بۆچوونە نوێیەکان، رێگا بۆ گۆڕانی بنەڕەتی تەخت نابێ.ئێستا کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ژنان دا بەرعۆدە بووە زیاتر لە هەمیشە گرنگی بە نەخش و بەشداریی ئەوان لە کاروبارەکانی دا بدا، ژنانی ئەم حیزبە دەبێ بێنە مەیدان و کوێستان فتوحی گوتەنی: "نابێ بهێڵین ئەم بەڵێنیانە تۆزی فەرامۆشیان لێ بنیشێ". دیارە خەبات بۆ یەکسانیی ژن و پیاو و کار بۆ دابین و دەستەبەر کردنی ماف و دەرفەتی وەك یەك بۆ هەردوولا هەر بە تەنیا ئەرکی ژنان نیەو، پیاوان ـ پیاوانی دیموکرات، مودێرن و بە فەرهەنگ ـ لەم بارەیەوە کەمتر لە ژنان هەست بە دەروەستی و بەرپرسایەتی ناکەن. بەڵام ئەگەر ژنان بۆخۆیان نەیەنە پێش و پلان و پرۆژەی خۆیان نەبێ و لەسەر پیاوان، یا کولتووری پیاوسالارو عادات و نەریتە حیزبییە بێ کەڵکەکان نەبن بە هێزی فشارو، رێگا بۆ چوونە پێشی خۆیان نەکەنەوەو، شانبەشانی ئەم هەوڵ و خەباتە بۆ خۆپێگەیاندن بە تایبەتی لەباری فیکرییەوە تێ نەکۆشن، ئەم گۆڕانەی ئارەزووو ویستی ژنان و پیاوانی بەراستی دیموکرات و یەکسانیخوازە، دیسان هەر بۆ داهاتوو هەڵ دەگیرێ.

ئەگەر خۆم یەك لەو کەسانەم کە پێشوازی لە رەخنەی ژنان لە حیزب و پیاوانی نێو حیزب دەکەم، بە نۆرەی خۆشم رەخنەم لە ژنانی بڕیار بەدەستی نێو حیزب و یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەیە کە پێم وایە کاتی لە ئێستا گونجاوترم بۆ هێنانە گۆڕی دەست ناکەوێ. لە سەرانسەری جیهان تەنانەت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئیسلامییش دا ٨ی مارس دەبێتە دەرفەتێك بۆ خرۆشان و جووڵان و، کۆ کردنەوەی میلیۆنان ژن و پیاو لە ژێر چەتری بەرابەری دا. بەڵام رێورەسمێك کە ژنانی نێو حیزبیدیموکرات و یەکیەتیی ژنانی دیموکرات ـ چەند ساڵێکە ـ بە بۆنەی ٨ی مارسەوە پێکی دێنن لە کۆبوونەوەیەکی ژنانەی بێ پیاو دا کە کەمترین وتارو پەیام و بابەتی جۆراوجۆری دا تێدا پێشکێش دەکرێ، کورت بۆتەوە. بیانووشیان بۆ ئەم بانگدانەیان لە کوولەکەدا ئەوەیە کە بەرنامەو مەراسمە سەرەکییەکەیان لە ٢٤ی رەشەممە (١٥ی مارس) رۆژی دامەزرانی یەکیەتییەکەیان دا بەرێوە دەبەن! بەڵام کەم بایەخدان بە ٨ی مارس و هەڵاواردنی پیاوان لە کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت بە ٨ی مارس لە ژێر هەر ناوێك دابێ، جێگای رەخنەیەوهیچ پاساوێك بە گوێم دا ناچێ. من نەك هەر نامەوێ یەکێك لەم دوو بۆنەیە ببێ بە فیدای ئەوی دیکە، بەڵکوو پێشنیار دەکەم هەر ٧ رۆژی نێوان ٨ی مارس و ٢٤ی رەشەممە لە( ١٥ی مارس)، بکرێ بە حەوتووی تایبەت بە کارو چالاکیی پەیوەندیدار بە پرسی ژنان و داواشم ئەوەیە ژنانی دیموکرات لەم جۆرە بۆنەو کۆڕو کۆبوونەوانەدا، پیاوان هەڵ ناوێرن.